# پەیامی زانایان

[illegible]

## یەکێتی زانایان داوای زیادکردنی مووچەی پێشنوێژو وتارخوێنان دەکات




ئایا دروستە کەفالەتی کەسێك بکەیت بە پارە ؟

NRT

یەکێتی زانایان داوای چاکسازی لە بەرنامەیەکی NRT دەکات

با مزگەوتەکان نەبنە چەقی ململانێ و بانگەشە سیاسییەکان

هونەری دیالۆگ و گفتوگۆ لە سۆنگەی قورئانەوە

رۆڵی ئیسلام لە سەقامگیرکردنی باری ئەمنی و بنەبڕکردنی ترس و دڵەراوکێ لەناو کۆمەڵگادا!



# هۆشیاری بەرپرسیارێتی !!

خالێك كە هەمووان لەسەری كۆكین، ئەوەیە كە ئیسلام پەیامێكی فراوانو بەڕەحمەتو میهرەبانو تەواوی بۆ تێكڕای مرۆڤایەتی پێیە، بە جیاوازی زەمانو مەكانەوە.

هەروەك هەمووشمان هاوڕاین لەوەی ئیسلام هەمیشە ئاشتیو تەباییو یەكڕیزی موسڵمانانی دەوێتو، قەت لە گەڵ ترازانو دووبەرەكی دانیە.

شۆڕكردنەوەی ئەو دوو راستیەی سەرەوە، هەم ئەركی مامۆستایانی ئاینیە، كە بتوانن رێك پەیامەكە وەكو خۆی بگەیەنن، هەمیش وا دەخوازێ زانایانی ئایینی بە حوكمی ئەوەی میراتگری پێغەمبەرانن، بە نەفەسی هەمان ئەو گشتگیریە بۆ كۆمەڵگەو پەیامی ئاشتیخوازی بۆ مرۆڤایەتی كار بكەن.

بەڵام هەركات ئەو ئاراستەیە تەسك كرایەوە، یان وەك پێویست ماندووبوونی لە پێناو نەدرا، وەیان هۆكارێكی لاوەكی خۆی خزاندە ناویەوە، بە تەئكید كار دەكاتە سەر رۆڵی زانایانو لە كاریگەریەكەش كەم دەكاتەوە.

مامۆستایانی ئایینی ئازادن لە ئینتیمای خۆیان بۆ كەسو لایەنێك، بەڵام ناكرێ ئەو لایەنە وەیا ئەو ئینتیمایە كاریگەری لەسەر زاتی مامۆستایانی ئایینی دروست بكات، یان خۆی تەنها لەوەدا ببینێتەوە، چونكە ئەو كات وای لێ دێ چاكەكان تەنها لە ئاوێنەی ئەو حزبە یان ئەو لایەنە ببینێ، كە ئەو ئینتیمای بۆی هەیەو خراپەكانیش دەخاتە ئەستۆی حزبو ئینتیمای بەرامبەرەوە.

مامۆستاینی ئایینی مافی هەموو جۆرە رەخنە گرتنێكیان هەیە، بەڵام دەبێ ئەو رەخنەیە گشتیەتی پێوە دیار بێت، نەك تەنها خستنە رووی رەخنە بێ‌و هیچ چارەسەرێكیش دەست نیشان نەكات، یان لە لایەنی بەرامبەری بگریتو لەو لاشەوە هەڵەو كەمو كورتی لەو لایەنە كە خۆی ئینتیمای بۆی هەیە ببینێ‌و دەنگی لێوە نەیەتو، شتێكی كەمیش لەولا ببینێ هاواری لێ هەڵبستێ، چونكە ئەمە لە شەئنی زانایانی ئایینی كەم دەكاتەوە. خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى). بۆیە پێویستە مامۆستایانی ئایینی لە ئەدای كارو گرنگی ئەو پەیامەی هەڵیانگرتووە ئاگاداری ئەوەبن:

یەكەم: لە كاتی هاتنی پێشهاتو لەگەڵ هەر قسەو رەفتارێكی نارێكی رۆژنامەنووسێك، یان گۆڤارو رۆژنامەیەك، هەڵچوونو سۆزداری وای لێ نەكات هەڵەیەكی تر دروست ببێ، بەڵكو ئەركە بابەتیانەو لۆژیكیانەو زانستیانە بچیتە نێو مەسەلەكانەوە.

دووەم: قەت نابێ ئینتیمای حزبی وا لە مامۆستایانی ئایینی بكات، كە راستیەكان تەنها لە بازنەی لایەنی خۆی ببینێ‌و هەڵەكانیش بخاتە سەبەتەی لایەنی بەرامبەرەوە، بەڵكو مامۆستایانی ئایینی لەبەر ئەوەی موڵكی گشتین دەبێ بەهەمان نەفەس تەعامولٚ لەگەڵ وەزعەكان بكەن.

سێیەم: رەخنەگرتن شتێكی باشە، بەڵام جۆری رەخنەكە یان ئەدای دەست نیشانكردنی كەمو كورِیەكە جاری وا هەیە كێشە دروست دەكات، بۆیە پێویستە لەكاتی رەخنەگرتن بەدیل هەبێ‌و بە شێوەیەكیش تەرحەكە بكرێ لە بەرژوەندی دینو دونیای میللەتەكەمان بێت.

چوارەم: لەسەر هەڵەی كەسێك یان لایەنێك، شتەكان تەعمیم نەكرێ بۆ هەمووان، یاخود وای لێ بێ شتەكان هەمووی سفر بكرێنەوە، بەڵكو با بەقەد باڵای كەمو كورِیەكان هەڵوێست هەبێ‌و شتەكان لەخۆیان زیاتر گەورەتر نەكرێن.

لە كۆنەوەش گوتراوە (العلماء فوق الأحزاب) حزبایەتی تەسك لە كەسایەتی زانایانی ئایینی كەم دەكاتەوە، بۆیە با هەموومان موڵكی گشتی بین، بێ ئەوەی خۆمان لە چوارچێوەی حزبێكی (ئیسلامی یان علمانی) بچووك بكەینەوە..

خاوەنی ئیمتیاز

# زانایانی بەیامی

ژمارە ( ٧٦ )
ذي الحجة / ١٤٣٢
گەلاڕێزان/ ٢٧١١
تەشرینی دووەم/ ٢٠١١

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات



خاوەنی ئیمتیاز
**مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی**
amalazada@gmail.com

سەرنووسەر
**مەلا جەعفەر گوانی**
cefergwani@gmail.com
07504522305

بەڕێوەبەری نووسین
**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاویی**
Sherkaway83@gmail.com
07504632715

راوێژکارانی فەتوا
**مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی**
**مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی**
**مامۆستا مەلا عومەری سوێری**

راوێژکاران
**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**
**شێخ عەبدولباسیت بالیسانی**
**شێخ بەهائەدین نەقشبەندی**

ستافی نووسین
**مەلا تەیب زیارەتی**
**مەلا ئەمیر گەردی**

فۆتۆ
**تەها شەمسەدین**


## سوپاسنامە

بەناوی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانەوە وێڕای دووبارە جەژنە پیرۆزەمان، بەپێویستی دەزانین سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی ئایینی و حزب و لایەنە سیاسی و ئیدارییەکان و کەسایەتی و تێکڕای ئەو بەڕێزانە بکەین، کە بەمەبەستی جەژنە پیرۆزە سەردانیان کردین و جەژنە پیرۆزەییان بۆ ناردووین، هیوامان وایە خوای گەورە خێرو قوربانی و جەژنانەی تەواوی موسڵمانانی قەبوڵ کردبێ و میللەتەکەشمان هەمیشە لەخۆشی و خێر دابێت.

## حەجتان قەبوڵ

لەدوای ئەوەی سەرکەوتوانە پرۆسەی سەفەری حەج ئەنجام درا، سوپاس بۆ خوا کە برا حاجیە کوردەکانمان بە سەلامەتی گەڕانەوە نێو کەس و کاریان و ئەو فەریزەیە گەورەیان ئەنجام دا، بەو بۆنەوە وێڕای دەستخۆشی زۆرمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان و تێکڕای کارمەندانی ئەو سەفەرە، پیرۆزباییەکی گەرم لەسەرجەم خوشك و برا حاجیەکان دەکەین و، هیواداریین خوای گەورە تاعەتی هەموو لایەنێکی وەرگرتبێ و حەجی هەمووانیش قەبوڵە ئینشائەڵڵا.


ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی رێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

# یەکێتی زانایان داوا لەکەناڵی ئاسمانی NRT دەکات چاکسازی لەبەرنامەیەکیان بکەن

ماوەیەکـە کـەناڵی ئاسـمانی نالیـا بەرنامەیـەکی هەفتانە پێشکەش دەکات بەناوی (بەبوێری)، کە تێیدا ئەو شتانە دەخرێنـەڕوو، کـە زیـاتر بـەراورده لـەنێوان مەزهـەب جیـاوازو بۆچـوونەکانی سـەر قورئـان، بـەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت بەرنامەکە بەئاراستەیەکی باش نـاڕوات، بەتایبـەتی لەدورسـتکردنی گومـان لەسـەر ئیـسلامو بەجێهێـشتنی بینـەر لەگـەڵ گومانـەکان، ئـەوەش ناڕەزاییەتیـەکی توونـدی لای ژمارەیـەکی زۆر لەهاوڵاتیانو مامۆسـتایانی ئـاینی دروسـتکردووە، بۆ ڕێگرتن لەدروست بـوونی هـەر حاڵـەتێکی ناسروشـتی یەکێتی زانایان داوا لەکـەناڵی ئاسـمانی نالیـا دەکـات، یـان بەرنامەکـە ڕابگـرن یـان چاکسازی لەشـێوازەکەی بکرێت.

لەو بـارەوە مـەلا عەبدوڵلا مـەلا سـەعید سـەرۆکی یەکێتی زانایان لەلێدوانێکی تایبـەت بەسـایتی زانایـان ڕایگەیاند: دوای پێشکەشکردنی چەند ئەڵقەیـەکی ئـەو بەرنامەیــــە، ناڕەزاییــــەکی زۆری هاوڵاتییــــانو مامۆسـتایانی ئایینیمـان لەسـەر ئـەو بەرنامەیـە بـۆ هـاتووە، بۆیـە ئێمـەش پەیوەنـدیمان بەبەڕێوەبـەری کەناڵەکەوە کرد، بەتایبەتی ئێمە ڕێزی زۆرمان بۆ ئـەو کەناڵـە هەیـەو، لەهـەموو ناوچـەو لقـەکانی خۆشمـان بەجددی هاریکاریمان کردوون، بۆیە پێمانوایە پـەیامی ئەوان لـەوە گـەورەترە بەشـتێکی وا لەدەسـت بچێت، دیارە بۆ ئـەم مەبەسـتە مـن قسـەم لەگـەڵ کاک توانا عوسمــــان کــــرد، هــــەروەها ڕۆژی پێنجــــشەمە (٢٠١١/١١/١٧) بەنووســـراوی ڕەســـمی ســـەرنجو تێبینیەکانی خۆمان پێگەیاندوون، بـەبڕوای ئێمـە ئـەو بەرنامەیە کۆمەڵێك کەمو کوڕی تێدایە، بۆ نموونە ئـەو ڤیدیۆیانەی پەخشی دەکەن لەسەرچاوەیەکی زانستی وەریان نەگرتووە، کە پێویستە ئاماژە بەسەرچاوەکە بکرێت، کە چ زانکۆیەکە یان ناوەندێکی زانستییە، نەك سەرچاوەی دژە ئیسلام، هـەروەها پـاش تێپـەڕبوونی زیـاتر لـەنیوەی بەرنامەکـە ئینجا بـۆ ماوەیـەکی زۆر ڤیدیۆیەکە پـەخش دەکـەن، پاشانیش ماوەیـەکی زۆر کـەم دەدەنـە میوانەکـە تـا قـسەی لەسـەر بکـات، پێـشتریش میوانەکـە ئاگـای لـەو ڤیدیۆیـە نـەبووە، هـــەروەها ئایـــەتو فـــەرموودەکان بەشـــێوەیەکی ناشایستە دەخاتەڕوو، وەك ئەوەی دەگوترێت ئـەوەی قورئان هەڵەیە، یان باقسەیەکی موحەمەد بـۆ خۆشـی بێنینەوە، بۆیە ئێمە داوامانکردووە، ئەگەر بەرنامەکە نەمێنێت باشترە، یان ئەگەر بشمێنێت، چاکسازی تێدا



یەکێتی
زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي

ژمارە: ( ٥٤٦ )
بەروار: ١٧/ ١١/ ٢٠١١

بۆ/ کەناڵی ئاسمانی (NRT)
ب/ بەرنامەی (بەبوێری)

ماوەیەکە کەناڵەکەتان بەرنامەیەکی هەفتانە پێشکەش دەکات بەناوی (بەبوێری)، بەرنامەکە وا پیشان دەدات، کە دەیەوێت شت لە بارەی قورئانی پیرۆزەوە بوروژێنێت، بەڵام دوای موتابەعەکردنی چەند ئەڵقەیەکی ئەو بەرنامەیە بۆمان دەرکەوت، ئامانجی پشت ئەو بەرنامەیە بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گومانەکان زیاتر دەکات لە سەر ئیسلام ، بەتایبەتی لە قورئانی پیرۆز، دوور لە شێوازی بابەتیانەو زانستیانە شتەکان باس دەکات و، بینەر لەگەڵ کۆمەڵێك گومانەوە جێدەهێڵێت، بۆ نموونە لە ناو بەرنامەکە سەرەتا میوانەکە قسە دەکات، پاشان ڤیدیۆیەکی (نازانستی) بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پیشان دەدات، دواتر ماوەیەکی زۆر کەم دەداتە میوانەکە تا قسە لەسەر گومانەکان بکات، ئەوە لە کاتێکدایە پێویستە ئەو بابەتانە زیاتر لە سیمینارێکی زانستی قسەی لەسەر بکرێت، یان بۆ هەر بابەتێك چەند ئەڵقەیەك تەرخان بکرێت، ئیتر بەم شێوازەی ئێستاکە کارەکە جگە لە شێواندنی ئیسلامو قورئان هیچ شتی دیکەی تێدا نییە، ئەوەی لەو بەرنامەیە دەکرێت لە شێواندنو سوکایەتیکردن بە ئیسلام بەتایبەتیش قورئان بەبێ دەرفەتدان بە وەڵامدانەوە، لە تەلەفزیۆنی هیچ وڵاتێکی موسڵمان ناکرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین کەوا هەنگاوی پێویست بهاوێژرێت و، کارێك بکرێت چیتر ئەم بەرنامەیە بەم شێوازە نارێکە ئیتر نەبێت، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێشنیاز دەکەین کە یەکێك لەم دوو ڕێگا بگیرێتە بەر:

**یەکەم، بەرنامەکە چاکبکرێت، ئەویش بەم شێوازەی خوارەوە بێت:**

١/ پێش بەرنامەکە بە چەند ڕۆژێك، ئەو گرتە ڤیدیۆیە بدرێتە میوانەکە بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر هەبێت.

٢/ دوای پیشاندانی گرتە ڤیدیۆییەکە ماوەیەکی تەواو بدرێتە میوانەکە تا لایەنەکانی ئەو ڤیدیۆیە ڕوون بکاتەوە، کە ئەگەر پێویست بکات چەند ئەڵقەیەکی پێ بدرێت.

٣/ ئەو ڤیدیۆیانە لە سەرچاوەی زانستی وەربگیرێن، نەك سەرچاوەی دژە ئیسلام.

٤/ ڕاپۆرتی ڤیدیۆیەکە بە ڕێزەوە باسی قورئانو فەرموودە بکات، نەك بە گاڵتەوە ئیشارەی بکات، وەك لەو ڤیدیۆیەی باسی دروستبوونی گازیەلەی دەکرد .

٥/ شێوازی بەرنامەکە لە شێوەی پرسیارو وەڵام بێت بۆ لابردنی ئیشکالیات و گومانەکان لە سەر قورئان و فەرموودە ، نەك قسە کردن لەسەر ڕاستی و دروستی ئایین .

دووەم، ئێمە لەلای خۆمانەوە پێمان وایە ئەو بابەتانە هی بەرنامەی تەلەفزیۆنی نین، بەڵکو هی کۆڕو سمینار زانستین، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەو بەرنامەیە کۆتایی پێ بێت، کە ڕێك پێچەوانەی دەستووری عێراقە ....

مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

وێنە بۆ /
ڕاگەیاندن
پەیوەندیەکان

www.zanayan.org
ناونیشان : هەرێمی کوردستان – هەولێر – شەقامی شەست مەتری – بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

بکرێت وەك ئەوەی پێشتر ڤیدیۆیەکە بدرێتە میوانەکە بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادەبکات، چونکە کەسمان عیلمی تەواو تەواوی نییە، هەروەها ماوەی تەواو بدرێتە وەڵامەکان، کە ئەگەر پێویستی کرد بکرێتە چەند ئەڵقەیەك، هەروەها ئایەتو فەرموودەکان بەئەدەبو رێزەوە بخرێنەڕوو.

دیارە کاك توانا عوسمان وەڵامێکی جوانی هەبوو، بڕیاریدا دانیشتنی خۆیانی لەسەر بکەنو، ئەو پێیوابوو ئەوان بۆ ئەوە ئەو شتانە دەخەنەڕوو تاخەڵك ئیشکالی نەمێنێت، ئەگەر بەرنامەکە ئامانجەکەی نەپێکێت ئەوا پێداچوونەوە دەکەن.

سەرۆکی یەکێتی زانایان لەکۆتایی قسەکانی گوتی: ئێمە لەقسەکانی کاك توانا ئەو نەفەسەمان وەرگرت، کە ئەوان نیازیان خراپ نییە، هیواداریین چاکی بکەن، بەتایبەتی کەناڵی نالیا حەزناکەین رەسیدی خۆی لەناو جەماوەر دابەزینیت، داواش لەمامۆستایان مان دەکەین رێز لە بۆچوونی ئەوان بگرن، تاچاکسازی تێدا دەکەنو، کە ئەوان پێیان وایە بەهیچ شێوەیەك مەبەستیان سوکایەتیکردن بەدین نەبووە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە شەوی ١٨ لەسەر ٢٠١١/١١/١٩ کەناڵەکە رایگەیاند ئەوان سەرجەم تێبینییەکان بەتایبەتی تێبینییەکانی یەکێتی زانایان وەردەگرنو کاری پێدەکەن. بۆیە هیواداریین ئەنجامەکەی ببینین.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەی یەکێتی زانایانە بۆ تەلەفزیۆنی نالیا:

## بۆ/ کەناڵی ئاسمانی (NRT)

## ب/ بەرنامەی ( بەبوێری )

ماوەیەکە کەناڵەکەتان بەرنامەیەکی هەفتانە پێشکەش دەکات بەناوی (بەبوێری)، بەرنامەکە واپیشان دەدات، کە دەیەوێت شت لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە بوروژێنێت، بەڵام دوای موتابەعە کردنی چەند ئەڵقەیەکی ئەو بەرنامەیە بۆمان دەرکەوت، ئامانجی پشت ئەو بەرنامەیە بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گومانەکان زیاتر دەکات لەسەر ئیسلام، بەتایبەتی لەقورئانی پیرۆزو، دوور لەشێوازی بابەتیانەو زانستیانە شتەکان باس دەکاتو، بینەر لەگەڵ کۆمەڵێك گومانەوە جێدەهێڵێت، بۆ نموونە لەناو بەرنامەکە سەرەتا میوانەکە قسە دەکات، پاشان ڤیدیۆیەکی (نازانستی) بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پیشان دەدات، دواتر ماوەیەکی زۆر کەم دەداتە میوانەکە تا قسە لەسەر گومانەکان بکات، ئەوە لەکاتێکدایە پێویستە ئەو بابەتانە زیاتر لە سیمنارێکی زانستی قسەی لەسەر بکرێت، یان بۆ هەر بابەتێك چەند ئەڵقەیەك تەرخان بکرێت، ئیتر بەم شێوازەی ئێستاکە کارەکە جگە لەشێواندنی ئیسلامو قورئان هیچ شتی دیکەی تێدا نییە، ئەوەی لەو بەرنامەیە دەکرێت لەشێواندنو سوکایەتیکردن بە ئیسلام بەتایبەتیش قورئان بەبێ دەرفەتدان بە وەڵامدانەوە، لەتەلەفزیۆنی هیچ وڵاتێکی موسڵمان ناکرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین کەوا هەنگاوی پێویست بهاوێژرێتو، کارێك بکرێت چیتر ئەم بەرنامەیە بەم شێوازە نارێکە تێپەڕنەبێت، لەم روانگەیەوە ئێمە پێشنیاز دەکەین کە یەکێك لەم دوو رێگا بگیرێتە بەر:

یەکەم: بەرنامەکە چاکبکرێت، ئەویش بەم شێوازەی خوارەوە بێت:

١- پێش بەرنامەکە بە چەند رۆژێك ئەو گرتە ڤیدیۆییە بدرێتە میوانەکە بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر هەبێت.

٢- دوای پیشاندانی گرتە ڤیدیۆییەکە ماوەیەکی تەواو بدرێتە میوانەکە تا لایەنەکانی ئەو ڤیدیۆیە روون بکاتەوە، کە ئەگەر پێویست بکات چەند ئەڵقەیەکی پێ بدرێت.

٣- ئەو ڤیدیۆیانە لەسەرچاوەی زانستی وەربگیرێن، نەك سەرچاوەی دژە ئیسلام.

٤- راپۆرتی ڤیدیۆیەکە بەرێزەوە باسی قورئانو فەرموودە بکات، نەك بە گاڵتەوە ئیسارەی بکات، وەك لەو ڤیدیۆیەی باسی دروستبوونی کۆرپەلەی دەکرد.

٥- شێوازی بەرنامەکە لەشێوەی پرسیارو وەڵام بێت بۆ لابردنی ئیشکالیاتو گومانەکان لەسەر قورئانو فەرموودە، نەك قسە کردن لەسەر راستیو دروستی ئایین.

دووەم: ئێمە لەلای خۆمانەوە پێمان وایە ئەو بابەتانە هی بەرنامەی تەلەفزیۆنی نین، بەڵکو هی کۆڕو سمیناری زانستین، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەو بەرنامەیە کۆتایی پێ بێت، کە رێك پێچەوانەی دەستووری عێراقە.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

# یەکێتی زانایان داوای زیادکردنی مووچەی پێشنوێژو وتارخوێنان دەکات

ڕۆژی (٢٠١١/١٠/٣١) کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان هەر یەك لە لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینیو مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لەهۆڵی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەسترا.

یەکێك لەو تەوەرانەی بە گرنگییەوە قسەی لێوە کراو، یەکێتی زانایان بە روونی لەگەڵ لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو وەزارەتی ئەوقاف خستیانە روو، بابەتی مووچەی پێشنوێژو وتارخوێنان بوو، کە دیارە مووچەی زۆربەی چینو توێژەکان قسەو گفتوگۆی لەسەر کراوەو، بۆ چەندین لایەنیش زیدە کراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك قسەو گفتوگۆ لەسەر مووچەی پێشنوێژو وتارخوێنان نەکراوە، ئەوەش بەلای یەکێتی زانایانەوە جێگەی پرسیارو تێرامانە، کە بۆچی مووچەی هەموو لایەك زیدە بکرێت، تەنها ئەوان نەبێت، لەکاتێکدا رۆڵێکی مەزنو پیرۆز کاریگەر دەگێڕن، بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی زانایان داوایان لە لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمان کرد، کار بکەن بۆ ئەوەی ئەو باسە قسەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

لەوەلامدا لێژنەی ئەوقاف پێیان وابوو پێویستە لەرێگای وەزارەتی ئەوقافەوە، ئەو بابەتە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو لەوێشەوە بۆ پەرلەمان بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، هەر بۆیە رۆژی (٢٠١١/١١/٢) مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان نووسراوێکیان ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف کرد بۆ ئەوەی نووسراوێك بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمان بەرزبکەنەوە، لەسەر داواو پێشنیازی یەکێتی زانایان رۆژی (٢٠١١/١١/١٣) وەزارەتی ئەوقاف نووسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، تێیدا داوا دەکەن رەزامەندی دەربڕن بە تەرخانکردنی دەرماڵەیەکی تایبەتمەندی بڕاوەو مانگانە بۆ (پێشنوێژو وتارخوێنان)و (پێشنوێژ)ان، چونکە ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانەو، هیچ دەرماڵەیەکی تایبەتی لەحکومەتەوە وەرناگرن. هەر بۆ هەمان مەبەست مەکتەبی تەنفیزی وەك پشتگیری زیاترو بەدواداچوونی بابەتەکە، رۆژی (٢٠١١/١١/١٦) نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ژمارە نووسراوی (٥٤١)، کە تێیدا پشتگیری لە نووسراوی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی دەکەن، کە تێیدا داوا دەکەن دەرماڵەیەکی مانگانە بۆ پێشنوێژو وتارخوێنان دیاری بکرێت.

شایانی باسە هەموو پێشنوێژو وتارخوێنەکان لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە مووچەی خۆیان دەرماڵەیەکی تایبەتیشیان هەبوو، بەڵام لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم براو، تاکو ئێستاش چەندین جارە داوا بکرێت، وەلامێکی وەکو پێویست نییە، لەکاتێکدا دەرماڵەی زۆر لە چینو توێژەکان گەراوەتەوە.





## سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمان:

# تەعدیل شەهادە بە یاسا چارەکراوە پێویستە حکومەت پێیەوە پابەند بێت

ژمارەیەك لە پێشنوێژو وتارخوێنان کاتێك خوێندنی ئەهلیان تەواو کردووە، لەوەزارەتی ئەوقاف تاقیکردنەوەی راستکردنەوەی بڕوانامە ئەنجام دەدەن، بەڵام ئێستا ئەوانە لەدەرەوەی کوردستان حسێب بۆ شەهادەکەیان ناکرێت، هەروەها ناتوانن پاش پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان درێژە بە خوێندن بدەن، لەکاتێکدا ئەو بڕوانامەیە بەرامبەرە لەگەڵ شەشەمی ئامادەیی، بۆیە لەکۆبوونەوەی رۆژی دووشەمەی نێوان لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو وەزارەتی ئەوقافو یەکێتی زانایان، کە لەبارەگای یەکێتی زانایان ئەنجام درا، یەکێتی زانایان بابەتەکەی خستە بەردەم لێژنەی ئەوقاف، چونکە پێیان وایە ئەوە ناهەقیە بەرامبەر هەڵگرانی ئەو بڕوانامەیە.

لەلایەن خۆیەوە سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف تەئکیدی کردەوە، شەهادەکە هیچ کێشەی نییە، بەپێی یاسا دەرچووە، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بە تەعلیماتەکان بکرێتو، کارئاسانی بکرێت، ئەوان وەکو لێژنەی ئەوقاف بڕیاریاندا بەدواداچوون بۆ ئەوە پرسە بکەن، چونکە ماددەیەك کرا بە یاسا حکومەت مولزەمە پابەند بێت پێیەوە.

شایانی باسە لە لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان کاك یەشار نەجمەدین جێگری سەرۆکی لیژنەو دکتۆر سەباح بەرزنجی ئەندامی لیژنە ئامادەبوون، بەڕێز حاجی سەلام کەریم سیدان راوێژکاری وەزارەتو بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف نوێنەرایەتی وەزارەتی ئەوقاف بوو، لەیەکێتی زانایانیش هەر یەك لە مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانو مامۆستا مەلا محەمەد وەرتێو مامۆستا مەلا عومەر سوێریو شێخ عەبدولباسیت بالیسانی و مامۆستا مەلا جەعفەر گوانی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی لە پەیوەندییەکانی یەکێتی زانایانو شێخ نیاز راغب بەرپرسی لقی هەولێری زانایان لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون.

# سەرۆکی یەکێتی زانایانو بەرپرسی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی لێژنەی فەتوای لقەکان کۆدەبنەوە

رۆژی ٢٠١١/١١/٢ لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی، بە ئامادەبوونی بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، مامۆستا مەلا جەلال جێگری سەرۆکو، مامۆستا مەلا محمد وەرتی بەرپرسی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستانو، مامۆستا مەلا احمد شافیعی ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەرپرسانی سەرجەم لێژنەی فەتوای لقەکانی یەکێتی زانایان کۆبوونەوە.

ئەمەو لە کۆبوونەوەکەدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، جەخت لەسەر گرنگی فەتوا کرایەوەو، باس لە یەکرێزیو یەکیەتی فەتواکان بە تایبەت لە قۆناغی ئێستادا کراو، پێداگری لە پابەندبوونی لێژنەی فەتوای لقەکان کرایەوە بە فەتواو راسپاردەکانی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان.

ئەمەو هەروەها ئەوە دوپاتکرایەوە، کە دەبێ لێژنەکانی فەتوا بە بەڵگەی دەقە شەرعیەکانەوە پابەندبن، پرسو راوێژ پشتگوێ نەخرێ.

# زانای ئایینیو سیاسەتمەداری جیهانی ئیسلامی شێخ عبدالناصر ئەلجەبری لەسەر داوەتی فەرمی یەکێتی زانایان سەردانی هەرێم دەکات

بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیو، ئاشناکردنو ئاگاداربوونی کەسایەتیو ناودارانی جیهانی ئیسلامی بە پێشوەچوونی ئایینی لە کوردستانو، توندوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان زانایانی ئایینی کوردستانو جیهان، لەسەر داوەتی فەرمی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان میوانداری بەڕێز شێخ عبدالناصر ئەلجەبری زاناو سیاسەتمەدارو کەسایەتی ناوداری ئیسلامیو شاندێکی یاوەری دەکات.

شێخ عبدالناصر ئەلجەبری کە سەرۆکی پەیمانگای دەعوەی ئیسلامیە لە لوبنانو، ئەمینداری حەرەکەی (ئوممە)ی لوبنانیە، دوای ئەوەی بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە کوردستان، لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بە گەرمی پێشوازیان لێکراو، لە زنجیرەیەك سەردانو بەسەرکردنەوەدا، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو بە یاوەری سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی هەریەك لە کتێبخانەی قازی رەشاد موفتیو، مزگەوتی گەورەی قەڵاتیان کردو، دواتر سەردانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانو، پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی ئێوارانیان بەسەرکردەوە.



ئەمەو هەر لەدرێژەی سەردانەکانداو بە یاوەری سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، سەردانی هەریەك لە بەڕێزان پارێزگاری هەولێرو، سەرۆکی پەرلەمانو، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیو پارێزگای سلێمانی یان کرد، وێڕای سەردانی ژمارەیەك کەسایەتی ئایینیو پیاوماقوڵان.

جێگەی باسە: لەلایەن خۆیەوە بەڕێز شێخ ئەلجەبری وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بە هاتنی بۆ کوردستان، پێشوەچوونی ئایینی بەگرنگ هەڵسەنگاندو، لە تێکڕای بەسەرکردنەوەو سەردانەکاندا سەرسامیو دڵخۆشی خۆی دوپاتدەکردەوە

## کونسولی فەلەستین لە هەولێر سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دەکات




سەر لەبەیانی (٢٠١١/١٠/١٧) کونسولی فەلەستین لەهەولێر سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانی کرد.

لەبارەگای یەکێتی زانایان سەرۆكو جێگری سەرۆكو چەند ئەندامێکی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازییان کرد لەنوێنەری فەلەستین لەهەولێر، لەسەرەتای سەردانەکە، مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان تیشکێکی خستە سەر مێژووو ئێستای یەکێتی زانایانو کارو چالاکیەکانی، لەبارەی فەلەستینیشەوە گوتی: گەلی کورد بەگشتیو زانایانی ئاینی بەتایبەتی سۆزو خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ گەلی فەلەستین هەیەو، هەمیشە لەمینبەری مزگەوتەکان لە کاتی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستینیەکان دوعایان بۆ گەلی فەلەستین کردووە، ئەوەشی بەشتێکی ئاسایی زانی، چونکە کورد هەمیشە خاوەن هەڵوێست بووە لەسەر فەلەستین، هەر بۆیەش سەرکردەی مەزن سەلاحەدینی ئەیوبی قودسی فەتح کردو، لەشەستەکانیش مەلا مستەفای بارزانی خەباتی چەکداری لەدژی حکومەتی عێراقی راگرت، بۆ ئەوەی تەنها بە پشتیوانی فەلەستینیەکان سەرقاڵ بێت.

لەلایەکی دیکە سەرۆکی یەکێتی زانایان وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین بەو سەردانە، ئامادەیی یەکێتی زانایانی دەربڕی بۆ دروستکردنی پەیوەندی زیاتر بەتایبەتی لەگەڵ زانایانی ئاینی فەلەستین.

لەلای خۆیەوە نەزمی عرسان حزوری نوێنەری فەلەستین لەهەولێر خۆشحاڵی خۆی بەو پێشوازییە گەرمە دەربڕیو، ئەویش تەئکیدی لەسەر پەیوەندی مێژووی نێوان هەردوو گەلی کوردو فەلەستین کردەوە، ئەو برایەتیەش لەمێژووی هاوبەشدا قوڵ بۆتەوە، نوێنەری فەلەستین نەیشادرەوە، کە ژمارەکی زۆری کورد لەشەڕی فەلەستینو ئیسرائیل شەهید کراون، بەتایبەتی لەلوبنان، هەروەها باسی لەوەش کرد، کە تائێستاش کۆمەڵێك خانەوادەی کورد بەهەمان نازناوی کوردیەوە لەناو فەلەستین ماونو درێژە بەژیان دەدەنو، وەك ئەوان تاڵیو سوێری ژیان دەچێژن.

هەروەها باسی لەوە کرد، کە سەردانی زانایانی ئاینی بەلای ئەوەوە گرنگ بووە، چونکە فەلەستین لەڕووی دینەوە گرنگی تایبەتی هەیە بەتایبەتی، کە قودسی پیرۆز کەوتۆتە خاکی فەلەستین، هەر بۆیەش ئەوان بێ ماندووبوون خەباتیان لەپێناوی مافەکانیان کردەوە، هەروەها گوتی: خەباتی ئێمە خەباتی بوونە نەك خەباتی مافەکان، چونکە جولەکە بوونمان لە فەلەستین بە رەوا نازانێت.

جێی باسە هەر یەك لە مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانو مەلا محەمەد وەرتیو شێخ عەبدولباسیت بالیسانیو مەلا جەعفەر گوانی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ئامادەی دانیشتنەکە

## یەکێتی زانایان دەسخۆشی لەهەڵوێستی کریستیانەکانی عەینکاوە دەکات سەبارەت بەداوایان بۆ داخستنی یانە شەوانەییەکان

**ئەڵوەند کوێستانی**/ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات هەڵوێستەکەی کریستیانەکانی شارۆچکەی عەینکاوە جێگەی دەستخۆشییە کاتێك داوای داخستنی یانە شەوانەییەکانو شوێنەکانی رابواردنیان کردووە.

(م. جەعفەر گوانی) ووتەبێژی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ کوردیو وتی: کوردستان نەتەوەی هەموو پێکهاتەو ئاینەکانەو پێویستیشە هەموویان بەشداری بکەن لەبنیاتنانی.

یەکێتی زانایان راشیگەیاند، کریستیانەکان خاوەنی عورفو عادەتی خۆیانو سنووریان بۆ هەموو شتێك هەیەو ئەوە دووەم هەڵوێستی جوانی ئەوان بووە لەماوەی رابردوودا کاتێك داوای داخستن و نەهیشتنی ئافرەتی لەشفرۆشیان لەشارۆچکەکەیان کردبوو، ئەوانەش هەمووی جێگەی دەستخۆشییە. **لەهەمان کاتیشدا پێویستە موسڵمانان بەخۆیاندا بچنەوە ئەوانیش هەڵوێستیان هەبێت لەبەرامبەر کردنەوەی دەیان خانەی ئارەق فرۆشی.**

# ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی زانایان هاوخەمی بۆ شاری وان دەردەبڕێتو داوای زیاتری مافەكانی زانایانی ئاینی دەكات

ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٦ ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا.

لەكۆبوونەوەكەدا تشك خرایە چەند خاڵێكی گرنگ، لەوانە لەسەرەتای كۆبوونەوەكەدا یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامسی كوردستان هاوخەمی خۆی دەربڕی بۆ هاووڵاتیانی شاری وانی باكووری كوردستان، لەبەرامبەر ئەو كارەساتەی بەسەریان هات لە بوومەلەرزەكەوە، كە بووە مایەی شەهیدبوونو برینداربوونی سەدان كەس، یەكێتی زانایان بەئەركێكی ئایینیو نەتەوەییو نیشتیمانی دەزانێت، كە خەڵكی كوردستان هاوخەمی خۆیان دەربڕن، ئەویش بە پێدانی هاریكاریو پاڕانەوەو دوعاكردن بۆ شەهیدانو شیفای عاجیل بۆ بریندارەكان، هەروەها ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی زانایان دەستخۆشی لە مامۆستایانی ئایینی كرد، بەوەی هەستی مرۆڤانەو موسڵمانێتی خۆیان بەرامبەر ئەو كارەساتە دەربڕیوە، هەروەها دەستخۆشیان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان كرد، كە بەراسپاردەی سەرۆكی هەرێم كۆمەكیەكی باشی لێقەوامانی شاری وانیان كردووە، هەروەها ئەنجومەن ئەو كارەی خەڵكی هەرێمی كوردستانیان بە لوتكەی ڕەوشتبەرزی گەلی كورد دانا، چونكە لەلایێكەوە ئەدای واجبی خۆیان كردووە، هەم وەكو مرۆڤو وەكو كوردو وەكو موسڵمان، لەهەمان كاتیشدا وەڵامێكی نەرمو پڕ ئاشتیانەیە بۆ سوپای توركیا، كاتێك لە بەرامبەر وێرانكردنی گوندەكانی كوردستان، دەستی كۆمەكیو دڵسۆزی بۆ هاوزمانو هاونەتەوەكانیان دەردەبڕن لەناو خاكی توركیا.

لەبەشێكی دیكەدا دەستخۆشی لە زانایانی ئایینی بە گشتی كرا لە بەرانبەر بڕیاری داخستنی ئاڵای كوردستان، بەتایبەتی دەستخۆشیان لەناوچەی خانەقینی سەر بە لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان كرد، كاتێك لە پێشەنگی خۆپیشاندەرانی شاری خانەقین كردو ئاڵای كوردستانیان بەرز كردەوە.

لە بەشێكی دیكەدا تاوتوێی ئەو سەفەرانە كرا، كە لەماوەی ڕابردوو یەكێتی زانایان بۆ هەر یەك لە بەغداو تارانو قاهیرە ئەنجامیان داو، كارو چالاكیەكانیان بەرز نرخاندن.

دواتر بەوردی تیشك خرایە سەر چۆنیەتی كاركردن لەسەر چەند تەوەرێكی تایبەتی لەوانە هاریكاریكردنی هەڵمەتەكانی كۆكردنەوەی كۆمەكی بۆ لێقەوماوانی شاری وان، هەروەرها كۆمەڵێك بابەتی تایبەت بە زانایانی ئایینی، لەوانە كاركردن بۆ گێڕانەوەی موخەسەساتی زانایانی ئایینی، هەروەها چۆنیەتی كردنەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ خوێندنو درێژەدان بەخوێندنی ئایینیو، لەگەڵ كۆمەڵێك بابەتی دیكە.

# بۆ دەربڕینی هاوخەمی بومەلەرزەكەی شاری وان یەكێتی زانایان نامەیەك ئاراستەی سەرۆكی كاروباری ئاینی توركیا دەكات

دوای ئەوەی یەكێتی زانایان لەكۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی زانایان، دەستخۆشیان لەزانایانی ئاینی كرد، كە هەوڵدەدەن بۆ پتەوكردنی گیانی برایەتیو مرۆیی لەنێوان كوردانی هەرێمی كوردستانو شاری وانی باكووری كوردستان، ئەویش بە ئەنجامدانی دوعاو پشتیوانیكردن لە ناردنی هاریكاریو كۆمەك بۆ لێقەوماوان، هەر لەو چوارچێوەیەدا یەكێتی زانایان نامەیەكیان ئاراستەی دكتۆر محەمەد گورماز سەرۆكی كاروباری ئاینی توركیا كردووە، كە ئەمە دەقەكەیەتی:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەڕێز: دكتۆر محەمەد كورماز...**
**سەرۆكی كاروباری ئاینی توركیا**

سڵاوی خواتان لەسەر بێت

بەداخو كۆڤانەوە هەواڵی كارەساتە جەرگبڕەكەی شاری وانمان پێگەییشت، كە بووە مایەی شەهیدبوونو برینداربوونی سەدان كەس، لەلای خۆمانەوە بەناوی سەرجەم زانایانی ئایینی هەرێمی كوردستان لە ڕێگای جەنابتانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی تەواوی ئەو خانەوادانە دەكەین، كە بەر ڕووداوەكە كەوتن، لە خوای گەورە داواكارین قوربانیەكان بە شەهید لە قەڵەم بداتو، شیفای عاجیلی نەخۆشەكانیش بدات.

هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان بەگشتیو زانایانی ئاینی بەتایبەتی هاوخەمی تەواوی خانەوادەو كەسو كاری قوربانیەكانن، هەر بۆیەش هەمیشە بە دوعاو پاڕانەوە داوكارن لە خوای گەورە دەرگای ڕزگاربوون بەڕووی ئەو لێقەوماوانە بكاتەوە، هەروەك ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ پێشكەشكردنی هاریكاریو، لە زۆربەی شارو شارۆچكەكان هەوڵدەدەن كۆمەك كۆبكەنەوە، بۆ هاوكاریكردنی براكانیان لەشاری (وان).

لەكۆتاییدا لە خوای مەزن داواكارین شەهیدەكان بە بەهەشتی بەرین شاد بكاتو، شیفای عاجیلی بریندارەكانیش بدات.

وەسەلامو عەلەیكوم وەرەحمەتولاهی وەبەرەكاتوهو.

**مەكتەبی تەنفیزی**
**یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان**
**هەولێر... هەرێمی كوردستانی ئێراق**

## سەرپەرشتیاری لیژنەی كۆمەكی گەرمیان:

# لە ٨٠٪ی كۆمەكیەكان لە ڕێگەی زانایانی ئاینییەوە بووە

## بەرپرسی لقی یەكێتی زانایان:

# زانایانی ئاینی لە پێش هەر توێژێكی ترەوە بەئەركی خۆیانی ئەزانن بە هانای لێقەوماوانەوە بچن

**ڕاپۆرت: دانا كەلاری/** پاش ئەوەی لەڕۆژانی ڕابردوودا بومەلەرزەیەكی بەهێز شاری وانی باكووری كوردستانی هەژاندو بوە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە (٥٠٠) هاوڵاتیو بریندار بوونی زیاتر لە (١٣٠٠) هاوڵاتی تری ناوچەكەو دوابەدوای گەیاندنی هاوكارییە سەرەتاییەكان بۆ لێقەوماوانو پاشماوەی كارەساتەكە، لەزۆرێك لەوڵاتی جیهانەوەو وەكو ئەركێكی ئاینیو مرۆڤایەتی دەستی هاوكاریو كۆمەك كردنیان بۆ درێژ كراو لە چەندین وڵاتو لایەنەوە هاوكاریو كۆمەكی گەیەنرایە لێقەوماوانی شارەكە.

دانشتوانی هەرێمی كوردستانیش بێهەڵوێست نەبوون لە گەیاندنو كۆكردنەوەی كۆمەكو هاوكاری بۆ براكانیان لەو وڵاتەو ئەوەبوو لەڕێگەی چەندین لێژنەو كەمپینەوەو لە زۆربەی شارو شارۆچكەكانی هەرێمیشەوە هاوكاری كۆكرایەوە، لەگەرمیانیش مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتیەكان هەستان بەدروستكردنی لێژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە لەو بارەیەوە بەڕێز بێستون باجەلان سەرپەرشتیاری لێژنەی كۆكردنەوەی كۆمەك لەكەلار بەسایتی زانایانی ڕاگەیاندو گوتی "ئیمە لە ناوچەكە هەڵمەتێكی فراوانمان بۆ كۆكردنەوەی كۆمەكێكان ڕێكخستووەو ڕۆژانە لەڕێگەی ئەم لێژنەیەوە هاوكارییەكان لە هاوڵاتیان وەرئەگرینو ڕادەستی لایەنی پەیوەندیداری ئەكەین".

هەروەها باجەلان ئەوەشی خستەڕوو كە ئەوان بۆ پێڕاگەیاندین زیاتری هاوڵاتیان داوایان لە زانایانی ئاینی كردووە بۆ ئەوەی لەڕێگەی مینبەری پیرۆزی مزگەوتەكانەوە موسوڵمانان ئاگاداربكرینەوە كە بەشداری لەو كارە مرۆڤدۆستانەدا بكەن زۆر سوپاسی زانایانی ئاینی كرد كە بە پیری داواكەیانەوە چوونو درێغی یان نەكرد لە هاندانی هاوڵاتیانو ئەوەشی ئاماژە پێدا كە لەسەدا هەشتای كۆمەكییەكان لەڕێگەی زانایانی ئاینی یەوە بووە تەنها لەڕێگەی پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتەكانەوە نزیكەی (٢٦٠٠٠٠٠٠) بیستو شەش ملیون دیناریان بەدەست گەیشتووەو، ئەمە جگە لەوەی كە بەهۆی بانگەوازی مزگەوتەكانەوە لە پاش نوێژی هەینی لێژنەكەیان قەرەباڵغی یەكی باشی بەخۆیەوە بینیوە كە هۆكارەكەی زانایانی ئاینی بوون.

هەر لەو بارەیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین كەلاری ئەندامی مەكتەبی تەنفیزیو لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان ئەو جۆرە كارانەی بە ئەركی هەموو تاكێكی وڵات زانی چی جای زانایانی ئاینی كە هەمیشەو هەموو كات سەرمەشقو پێشەنگی چاكەی میللەتەكەیان بوونەو بەسایتی زانایانی گوت "زانایانی ئاینی بەهاناوە چوونی لێقەوماوان لە پێش هەرتوێژێكی ترەوە بەئەركی خۆیانی ئەزانن لەو پێناوەداو وەكو ئەركێكی ئاینیو لەژێر سێبەری بیرو باوەڕەكەمان بانگەوازی بەهاناوەچونو پێشكەشكردنی كۆمەكمان بە لێقەوماوانی بومەلەرزەكەی شاری وان لەمینبەری مزگەوتەكانەوە ڕاگەیاند".

# لبارەگێ لقێ دهوك گوتاربێژێت مزگەفتان بارێت موسلمانان تە سلیمی لژنا كومكرنا هاریكاریا بو خەلكێ كوردستانا باكور




بشتی لقێ دهوكێ بنگەوازیا گوتار بێژان كری كو دماوێ گوتارا خودا هانبدەن ژبو كومڤەكرنا خێرێت موسلمانان ل بـاژێرێ دهوكێ وەك هاریكارەیەك بو براییێت مەییێت كورد ل باژێرێ وانێ ژبەر وێ كارەساتا بسەرێ وان هاتی ل روژا ئەیینی رێكەفتی ٢٠١١/١٠/٢٨ هەمی ئەو گوتاربێژێن هاتینە ئاگەهداركرن كو ل مزگەفتان گازی بكەن، ئەو پارە هاتە تسلیم كرن برێكا وێ لژنا هاتیە پێكینان ل بارەگایێ لقێ كو هندەك رێكخراوێت جڤاكیو مەدەنی ژی بەژداربون دگەل دا برێكا پسولان ئەو پارێ كومڤەبوی هاتە وەرگرتن ل بەرە ئەو پارە بێتە رەوانەكرن بوان بزیترین دەم.

# بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی زانایانو وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی سەنتەری زانایان بۆ ڕۆشنبیری ئایینی لە سۆران کرایەوە




**ڕاگەیاندنی سەنتەر:** ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٥ لە ڕێو ڕسمێکی شایستەداو بە ئامادەبوونی هەر یەك لە بەڕێزان کامل حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینیو مامۆستا مەلا عەبدوللا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو کرمانج عزت قایمقامی سۆرانو مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانو ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی دەڤەرەکە، سەنتەری زانایان بۆ ڕۆشنبیری ئایینی کرایەوە.

ئەمەو لە دوای کردنەوەی ئەو سەنتەرە هەر یەکە لە سەرۆکی یەکێتی زانایانو وەزیری ئەوقاف پەیامی پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی ستافی سەنتەر کردو خۆشحاڵی خۆیان بە کردنەوەی دەربڕی.

دواتر وەیسی سەعید وەیسی بەرپرسی سەنتەری ناوبراو وێڕای بەخێرهێنانی میوانان، پێناسەیەکی سەنتەری بۆ ئامادەبووان خستە ڕوو، ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو سەنتەر پێویستیەکی ئەو دەڤەرەیەو لە پێناو کۆمەڵێك ئامانج دروست بووەو بە ئاراستەیەکی ئایینیو ڕۆشنبیری کار دەکات، هەروەها گوتیشی: سەنتەری زانایان بۆ خزمەتی زانایان دامەزراوەو بەدیلی هیچ دەزگایەکی تریش نیەو دەیەوێ لەو بواری پەرەدان بە ڕۆشنبیریەتی ئایینی هەنگاو بنێ.

شایانی باسە ئەم سەنتەرە یەکەمین سەنتەرە لە سەر ئاستی سۆرانو تەنانەت کوردستانیش دەکرێتەوە، کە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری ئایینیەو دەیەوێ پردی پەیوەندی نێوان زانایانو خەڵكو ڕۆشنبیری دوێنێو ئەمڕۆ بێتو خزمەت بە زانایانی ئایینی بکات، لە ساڵی ٢٠٠٨ کاری بۆ کراوەو ماوەی پتر لە شەش مانگە کارو چالاکی لە دەڤەری سۆران ئەنجام دەدات.

## سۆران: سەرۆکی یەکێتی زانایان ئامادەی کردنەوەی سێیەمین خولی ڕۆشنبیری دەبێت

**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** لە بەردەوامی کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران، ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٥ بە مەبەستی پەرەدان بە ڕۆشنبیری ئایینیو خستنە ڕووی بابەتە هەنووکەییەکان سێیەمین خولی ڕۆشنبیری بۆ (٥٠) مامۆستای ئایینی سنووری سۆران کردەوە.

لە مەراسیمی کردنەوەی خولەکە، کە لە هۆڵی ئەوقاف بەڕێوە چوو، هەر یەکە لە وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینیو سەرۆکی یەکێتی زانایانو قایمقامی سۆرانو بەرپرسی لقی ١٠ی پارتیو بەرپرسانی حزبیو حکومیو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی تێیدا بەژدار بوون، وێڕای خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز چەند وتەیەك لە لایەن هەر یەکە لە بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆرانو قایمقامی سۆرانو وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی پێشکەش بە ئامادە بووان کرانو تەئکید لەسەر گرنگی کردنەوەی ئەو جۆرە خولانە کرایەوە. دواتر بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوللا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا باسی لە بایەخی ڕۆشنبیر بوونی پتری مامۆستایانی ئایینی کردو ئەوەشی خستە ڕوو، کە ڕۆشنبیری لای مەلاو مزگەوتەوە سەری هەڵداوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێستا مامۆستایانی ئایینی خۆیان بە پێشەنگی ئەو ڕێبازە بزانن.

لەبەشێکی تری قسەکانی گوتی: پێویستە وتاری هەینی پەرەی پێ بدرێ، بە شێوەیەك لە ئاست ئەو قۆناغەو بابەتە هەنووکەییەکان بێت.

هەروەها گوتیشی: ناکرێ هیچ کەسو لایەنێك هەڵەی مامۆستایەکی ئایینی تەعمیم بکا بەسەر تەواوی مامۆستایانی ئایینی، چونکە زانایانی ئایینیش مرۆڤنو مرۆڤیش قابیلی هەڵەیە.

لە بەشێکی تری وتارەکەی سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتی: مامۆستایانی ئایینی خەمی خەڵكو نیشتیمانیان هەڵگرتووەو بەردەوامیش دیفاع دەکەنو ئامانجیانە ئەزمونی ئەو هەرێمە بەرەو پێشەوە بچێت نەك خوانەخواستە تووشی کەمو کوڕیو هەڵەی گەورە بێتەوە.

لە کۆتایشیدا بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە، کە ئەو قۆناغە ئەرکی مامۆستا دووبارە بۆتەوەو ئەرکە لە ئاست بەرپرسیارێتی خۆیان دابنو ئەدایەکی جوان پیشان بدەن.

## یەکێتی زانایان جەژنی موسڵمانان پیرۆز دەکات

### بەناوی خوای مەزنو دلۆڤان

هاووڵاتیانی موسڵمانی کوردستان

بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە... پیرۆزباییەکی گەرم لە یەکە یەکەتان بەتایبەتی مامۆستایانیو زانایانی ئایینی دەکەینو، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە جەژنی هەموو لایەکمان بە عیبادەت قبوڵ بکاتو، حەجی حاجیەکانیشمان قبوڵ بکاتو، بەسەلامەتیو حەج قبوڵکراوی بگەڕێنەوە ناو ماڵو منداڵو کەسو کاریان.

بێگومان جەژنی قوربان تایبەتمەندییێتەکی زۆر تایبەتی هەیە لەوەی موسڵمانان فێری خۆنەویستیو مرۆڤدۆستیو ڕێزگرتن لە مرۆڤەکانو بڵاوکردنەوەی گیانی هاریکاریو تەبایی دەکات، بۆیە پێویستە لە یادە مەزنو پیرۆزەدا هەموومان ڕۆحی خۆپەرستی وەلاوە بنێینو، هەوڵ بدەین گیانی خۆشەویستیو لێبووردن لە ناخی تاکە تاکەمان قوڵتر ببێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین چەمکە ئیسلامیەکان زیاتر لە ژیانی ڕۆژانەمان جێبەجێ بکەین.

دووبارە جەژنی هەموو لایەك پیرۆز بێت.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

# بەڕێوەبەری ڕێکخراوی پڕۆژەکانو هاوکاریو لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ئەوڕوپیو ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت سەردانی مەکتەبی تەنفیزی دەکەن




ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٣٠ بە مەبەستی هەماهەنگی زیاترو، توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکانو، درێژەدان بە چالاکیو پڕۆژەکانی نێوانیان، هەریەك لە بەڕێزان سیمۆن هزیر بەڕێوەبەری ڕێکخراوی پڕۆژەکانو هاوکاریو لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ئەوڕوپیو، سۆزان عارف بەرپرسی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت سەردانی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کردو، بە گەرمیەوە لە لایەن بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوللا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی لە پەیوەندییەکان پێشوازیان لێکرا.

لە دانیشتنێکدا، بەڕێز بەڕێوەبەری ڕێکخراوی پڕۆژەکانو هاوکاریو لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ئەوڕوپی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی لە نێو بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، دەستخۆشی لە کارو چالاکیە بەردەوامەکانی یەکێتی زانایان کردو، هیوای خواست کە هەماهەنگی زیاتر لە نێوان هەردولا دروست ببێ.

دواتر بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان، وێڕای دوبارە بەخێرهێنانی شاندی میوان، سوپاسی سەردانی ئەوانی کردو، پاشان پوختەی ئامانجو کاروچالاکیەکانی یەکێتی زانایانی خستەڕوو، ئەوەشی دوپاتکردەوە: کە خزمەتکردنی زانایانی ئایینی کاری هەرە سەرەکی ئێمەیەو، لەم پێناوەدا ئامادەی هەر پەیوەندیو هەماهەنگیو چالاکیێکین لەگەڵ دەزگاو ڕێگخراوی تردا، سوپاسی دەستپێشخەریو چالاکیەکانی هەریەك لە ڕێکخراوی پڕۆژەکانو هاوکاریو لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ئەوڕوپیو ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت کرد.

# هوڵەندا: دوایین فەزیحەت...
# قەشە کاسۆلیکەکان بە پەنهانی کوڕ لە کوڕ مارەدەکەن



ڕۆژنامەی بەناوبانگی (دی فۆڵکس گرانت)ی هۆڵەندی ئاشکرایکرد: قەشەی کڵێسا کاسۆلیکیەکانی وڵاتی هۆڵەندا بەپەنهانیو دوور لە چاوی خەڵکو ڕاگەیاندن، ڕێوڕەسمی مارەبڕینی ئاسایی بۆ هاوڕەگەزبازەکان سازدەکەن.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕوونکردەوە: کە قەشەکان بۆ پاراستنی ناو و بەرژەوەندی ماددی خۆیانو، دوور لە چاوی حکومەت، بەنهێنی کوڕ لە کوڕو، کچیش لە کچ مارەدەکەن، کە پێچەوانەی هەموو ئایینو یاساکانەو، ئەم کارەش لە درەنگایی شەو، یان لەکاتێکی وادا بەڕێوەدەبەن کە کەس لە کڵێسا نەبێ، هەر بۆیە زەنگیش لێنادەن، وەك ئەو زەنگ لێدانانەی کە لەکاتی مارەبڕینی ئاسایی لە کڵێساکان لێدەدرێت، یان هەر لە دەرەوەی کڵێسا لە هۆتێلو شوێنی تایبەت ئەنجامی دەدەن!!

جێگەی باسە: ژمارەیەکی بەرچاو لە قەشەو کاهینەکانی ڕۆژئاوا لە فەزیحەتی ئەخلاقی تێوەگلاونو، بە هۆیەوە زۆرێك لە دەزگاو ڕێکخراوی پەیوەندیدار داوایان لەسەر قەشەو کڵێساو، خودی پاپاو ڤاتیکانیش تۆمارکردووەو، دیارترینی فەزیحەتەکانی ساڵانی ڕابردووش ئەو کارەساتەی ئەمستەردام بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠١ قەشەیەك بە ئاشکراو، بە ئامادەبوونی زیاتر ١٧٠ کەسو، لە ناوکڵێسا پیاوێکی لە پیاوێکی دیکە مارەبڕی.

# باسکردنی کارەساتو رووداوەکان لەوتاری هەینیدا

**نوسینی: شێخ ئیبراهیم محمد ئەلحەقیل ـــــــــ وەرگێڕان: ئەمیر گەردی**

زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە وتاری هەینی بۆ ئەوەیە تا موسڵمانان لە لایەن وتاربێژانو زانایانەوە لە ئایینو رەوشتو بەها باڵاکانو باسو خواسی شەرعیی پەیوەست بە ژیانی رۆژانەوە ئاگادار بکرێنەوە.

لە کاتی رووودانو هاتنە پێشی هەرپێشهاتو بابەتێکی نوێ، موسڵمانان حەزدەکەن راستەوخۆ لە دەمی وتاربێژو لەسەر مینبەری مزگەوتەوە گوێبیستی حوکمی شەرعی پەیوەست بە بابەتەکە بن، بەڵکو بە پەرۆشەوە چاوەڕێن کە مامۆستا لە خوتبەدا بە راشکاوی باسی بکاتو، نیگەرانو بێزار دەبن ئەگەر باسی شتێکی دیکە دوور لە رووداو و پێشهاتەکان بکات، بۆیە پێویستە وتاربێژو زانای ئایینی زۆر وردبینانەو، دوای بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەیەکی تەواو، و وەرگرتنی رای کەسانی پسپۆڕو شارەزاو، بە زانایی و پسپۆڕیەوە باس لە بەسەرهاتو رووداوەکانی رۆژانە بکات. بە پێویستی دەزانم لەم نوسینەمدا، کە پێشهاتو رووداوەکان پۆلێن بکەمو، شێوازی هەڵسو کەوتی وتاربێژان لە ئاستیدا بخەمە روو.

پۆلێن کردنی رووداوەکان بە پێی سەرچاوەکانیان:

یەکەم: رووداو و کارەساتە گەردوونیەکان، کە دوورە لە دەستی مرۆڤەکان، وەك: بومەلەرزەو گەردەلولو لافاو.

دووەم: ئەو کارەساتو رووداوانەی کە مرۆڤ هۆکارەکەیەتی، وەك: شەرو، بلاوکردنەوەی نەخۆشیو پەتاو هەژاری بە ئەنقەست، یان پیسکردنی ژینگەو، هیتر.

**پۆلێن کردنی رووداوەکان بە پێی بلاوبوونەوەیان:**

یەکەم: رووداوی بچووك: وەك ئەوەی بەسەر شارێکدا بێت، یان بەشێك لە خەڵکی، یان هۆزێك، بۆ نمونە: بومەلەرزە.

دووەم: رووداوی هەرێمیو نیمچە فراوان: وەك ئەوەی بەسەر وڵاتێك یان هەرێمێکدا بێت، بۆ نمونە: دابەزینی نرخی دراو.

سێیەم: رووداوی نێودەوڵەتی: وەك ئەوەی بەسەر زۆرینەی وڵاتانی دونیا بێت: بۆ نمونە: گرانیو داتەپینی بازاڕو، بلاوبوونەوەی نەخۆشی.

پۆلێن کردنی رووداوەکان بە پێی جۆرەکانیان:

هەرچەندە ناکرێ تێکڕای جۆرەکانی کارەساتو رووداوەکان کۆبکەینەوەو باسیان بکەین، بەڵام بەگشتی دابەش دەبێت بەسەر:

جۆری یەکەم: کارەساتە گەردوونیو سروشتیەکان.

جۆری دووەم: کارەساتە سیاسیەکانو، شەڕو ئاشوب.

جۆری سێیەم: کارەساتە ئابوریەکان.

جۆری چوارەم: کارەساتە ژینگەییو تەندروستیەکان.

جۆری پێنجەم: کارەساتو خراپکاریەکانی هەندێك لەدەزگا رۆشنبیریو راگەیاندنەکان.

**پۆلێن کردنی رووداوەکان بە پێی کاتەکانیان:**

یەکەم: رووداوی کاتیو ماوەکورتەکان، وەك: گڕکانو لافاو، کە دەبێ وتاربێژ لەکاتی خۆی باسی بکاتو، گرنگی بە وردەکاری پاشو پێش رووداوەکە بداتو، بە ئیجابیانە دۆخەکە بەسەر نوێژخوێناندا گوزەر پێبکات، نەك خۆی لێ لابداتو باسی نەکات، یان وا باسی بکات کە دۆخو بارەکە بەسەریاندا ئاڵۆزتر بکات.

دووەم: ئەو رووداوانەی کە وا گومان دەبرێ ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، وەك: شەڕو ئاژاوەو ئاشوبو، بلاوبوونەوەی نەخۆشیو، کێشە داراییەکان، کە بێگومان ئەمانە پێویستیان بە زیاتر لە چەند خوتبەو وتارێکە.

سێیەم: ئەو کارەساتو رووداوانەی درێژخایەننو، چەند ساڵ یان سەدەیەك دەخایەنێت، وەك داگیرکاری وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکەو هێرشکردنە سەری، کە لەم پێشهاتو جۆرە حاڵانەدا ئەرکی وتاربێژو زانایانی ئایینی گرانتر دەبێتو، خۆڕاگری زیاتر لە جارانی دەوێتو، پێویست دەکات بەتێکڕای هێزو توانای وتاربێژیو حەکیمانەی خۆی بەرەنگاری دوژمنانو داگیرکاران ببێتەوەو، ببێتە نمونەی ئیلهامبەخشی هێزو تواناو خۆڕاگریو ئارامگرتن بە گوێرەی کاتو پێویستی هەلو دەرفەتو، هەردەم بەرزیو گەورەیی ئایینو نیشتیمان بکات بە هەوێنی وتارەکانی.

بێگومان زانایانی ئایینیو وتاربێژان لەسەر ئەم رێچکەو هەنگاوە، لە زۆرێك لەبەرەنگاربوونەوەو دژایەتیەکان بەرامبەر بەجیهانی ئیسلامی، هەوێنو هاندەری یەکڕیزیو خۆڕاگری نەسڵەمینەوە بوونەو، داکۆکیکاری بوێرو راستەقینەی مافی موسڵمانانی وڵاتەکانیان بوونە، هەر بۆیە هێرشی دوژمنکارانەی سەختی لیبراڵیو خاچپەرستان دژ بە ئیسلامو موسڵمانان لەسەر زانایانی ئایینیو وتاربێژان خەست کراوەتەوەو، بونەتە ئامانجی سەرەکی ئەوانو، دەزانن کە وتاری ئایینیو مینبەر هەستو عەقڵو ویژدان دەکا بەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەناوبردنی بەها باڵاکانو پاراستنی ئایینو ولات بە یەکەوە.

ئەوەی گرنگە لە کارەساتو روداوە درێژخایەنەکاندا ئەوەیە کە:

یەکەم: نابێ بەهۆی درێژخایەنی کارەساتەکە، وتاربێژ گرنگی پێنەداتو، باسی نەکاتەوە، یان بە پێچەوانەوە، هەموو وتارەکانی تەنها باسی ئەو رووداوە بکاتو، هەموو باسێکی دیکە فەرامۆش بکات.

دووەم: لە کاتی رووداوە درێژخایەنەکان، هەندێ جار وادەبێ کە باسو رووداوەکە بە هۆی هەندێ هۆکارەوە، گڕی زیاتر گۆڕانکاری تر بەخۆیەوە ببینێ، بۆیە دەبێ وتاربێژ حیساب بۆ ئەمە بکاتو، بە باسکردنی وردەکاری رووداوەکە، باسەکە زیندو رابگرێ.

سێیەم: لەکاتی ئەم جۆرە پێشهاتانە، لەوانەیە وتاربێژ بەهۆی زۆر باسکردنیەوە دابمێنی، کە ئەم جارە چی بڵێ، یان لەوانەیە خەڵك لە باسەکە بێزار بن، یان بەهۆی هەستیاری رووداوەکەوە، وتارەکە لە وتاری ئایینییەوە ببێتە وتاری سیاسی.

بۆ چارەکردنی ئەم حاڵەتە، دەبێ زاناو وتاربێژ لێزانو کارامەو وردەکار بێو، مەرج نیە هەموو جارێ وتارەکەی تایبەتمەند بکات بە باسکردنی سەرلەبەری رووداوەکەو هۆکارو چۆنیەتی چارەسەرکردنی، بەڵکو ناونیشانو بابەتێکی دیکە باس دەکاتو، بە ئاماژەی ورد لەنێو خوتبەکەی بابەتەکە زیندوو رادەگرێ.

پاشان کارەساتو رووداوەکانیش تەنها یەك لایەنو روویان نیە، تا تەنها لەیەك لایەنەوە باس بکرێن، بۆ نمونە: لە باسی فەلەستین، دەتوانرێ وتارەکانی دابەش بکات بۆ: فەزڵی قودس، فەتحی قودس، مێژووی قودس، ئیسراو میعراج،...

**ئامۆژگاری گشتی:**

یەکەم: هەرگیز نابێ وتاربێژ بێ ئامادەکاریو خوێندنەوەی پێشوەختەو وەرگرتنی زانیاری تەواو لەسەر بابەتەکە قسە بکات، جا باسی شەرعی بێت، یان هەر باسو خواسێکی دیکە، چونکە زاناو وتاربێژی سەرمینبەر بۆچوونی کەسیو تایبەت بە خۆی دەرنابڕێ، بەڵکو دەبێ کار بە دەقو نوسراوی شەرعیو بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بکات.

دووەم: ئەگەر بە هەر هۆکارێك وتاربێژ لە کارەساتو رووداو و پێشهاتەکان نەگەیشتو، بۆی شی نەکرایەوە، نابێ ئەمە وای لێبکات بە کجاری خۆی لێ ببوێریو خۆی لێ ئاشنا نەکاتو، بەلایەوە نەچێت، بەڵکو دەبێ پرسو را بە کەسو لایەنی پسپۆڕو شارەزا بکاتو، زانیاری پێویست لە بارەیەوە وەربگرێت.

سێیەم: گرنگە کە وتاربێژ بیر لە داهاتووی سەرجەم ئەو وشانە بکاتەوە کە لە دەمیەوە دەردەچێو، جیاوازی بکات لە نێوان سەرەتاو کۆتایی کارەساتو رووداوەکانو، پاشەرۆژ لە بەرچاو بگرێو، تەنها بیر لە کاتێکی دیاریکراو و کاتی نەکاتەوە.

چوارەم: دەبێ کارو هەوڵی سەرەکی وتاربێژ، پەیوەستکردنی دڵەکان بێت بە پەروەردگارەوە، ئەوە بۆ بەرچاوی خەڵك ئاشنا بکات کە کارو رووداوەکانی دونیا بێ ویستی خوا نینو، خوای گەورە بەندەکانی بە کارەساتو خۆشیو ناخۆشی تاقی دەکاتەوەو، ئارامگرتنو هاوکاریو دامەزراوی چەکی بەرەنگاربوونەوەی پێشهاتەکانەو، روونی بکاتەوە کە دەبێ پشت بەخوا ببەستنو، جگە لەخوا بۆ هەر داوایەك کەسی تر بانگ نەکەن.

ئەوە بخاتە بەر گوێیان کە پاداشتو پلەی موسڵمان لای پەروەردگار بەرزەو، بە توشبونیان بە هەر ناخۆشیو نەخۆشیەك خێرو پاداشتی زێتر وەدەست دێنن.

پێنجەم: وتاربێژ دەبێ پێشهاتو کارەساتەکان بکات بە هەلو کاتی تەوبەکردنو بە خۆداچوونەوەی نوێژخوێنانو موسڵمانان بەگشتیو، ئامۆژگاریان بکات بۆ ئیستیغفارو گەڕانەوە بۆ لای خواو، خۆ دوورخستنەوەیان لە گوناهو تاوان.

شەشەم: وتاربێژ دەبێ هانی موسڵمانان بدات، کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەدا یارمەتی یەکتر بدەنو، رۆحی هاوکاریو برایەتی ئیمانی پتەوتر بکەنو، نزای خێری دونیاو قیامەت بۆ یەك بکەن.

حەوتەم: روونکردنەوەی ئەو حوکمە شەرعیانەی پەیوەستن بە کارەساتو رووداوەکان، بۆ نموونە: چۆنیەتی شۆردنو شاردنەوەو میراتی مردوو، یان باسی حورمەتی موڵكو ماڵی موسڵمانان بکات نەوەك کەسانێك بەدوای کۆکردنەوەو دزینی ماڵی خەڵکەوە بێت، لەکاتێکدا ئەوان گرفتارن.

هەشتەم: رێگریکردن لە بلاوکردنەوەی ترسو دڵەڕاوکێو دەنگۆی بێ بنەماو، گەورەکردنی کارەساتەکان بە درۆو رێکلامو هەواڵی تۆقێنەر.

# ڕۆڵی ئیسلام لە سەقامگیرکردنی باری ئەمنی‌و بنەبڕکردنی ترس‌و دڵەڕاوکێ لەناو کۆمەڵگەدا

م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی *



ئاسایشی‌و هێمنی وڵات‌و نیشتمان یەکێکە لەونازونیعمەتە مەزنانەی، کە خوای گەورە دەیڕژێنێت بەسەر هەر گەل‌و نەتەوەیەکدا کە خۆی بیەوێت، هۆزی قورەیشیش یەکێکە لەو هۆزانەی کە لەم نیعمەتە بەهرەمەندی کردبوون، وبیریشی دەخستنەوە بەهۆی ئەم نیعمەتەوە پەرستشەکانی بەجێ بگەیەن وخوا پەرستی بکەن، وەك دەفەرموێت: ﴿لإیلاف قریش إیلافهم رحلة الشتاء والصیف فلیعبدوا ربّ هذا البیت الذي أطعمهم من جوع وآمنهم من خوف﴾ سورة القریش. واتە: با ئەو خوایە بپەرستن کە لە گرانی‌و برسێتی ڕزگاری کردن و ترس و دڵە ڕاوکێیانی ڕەواندەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین حەزرەتی (ئیبراهیم "سەلامی خوای لێبێت") کاتێك دوعا بۆ نیشتمانەکەی دەکات‌و دەستی نزا بەرز دەکاتەوە بۆ لای خوا، بەر لە هەموو شتێك داوای ئەوە دەکات کە خوای گەورە ئارامی‌و ئاسایشی بۆ نیشتمانەکەی بەرقەرار بکات، وەکو خوای گەورە ئەم نزایەیمان لەسەر زاری خۆیەوە بۆ بەیان دەکات‌و دەفەرموێت: ﴿وإذ قال إبراهیم ربّ اجعل هذا بلدا آمنا وارزق أهله من الثمرات من آمن منهم بالله والیوم الخیر قال ومن کفر فأمتعه قلیلا﴾ البقرة: ١٢٦. واتە: یادی ئەو کاتە بکەنەوە کە (ئیبراهیم) دوعای کردو وتی: خوایە ئەم شوێنە بکە بە شارێکی ئارام وهێمن، وە ڕۆزی هەمە چەشنە ببەخشە بە دانیشتوانەکەی، (بەتایبەت) ئەوانەی باوەڕیان هەیە بە خودا تاکو ڕۆژی قیامەت، خوای گەورەیش وەڵامی داواکەی دایەوەو فەرموی: وە ئەوانەیشی بێ باوەڕ وکافرن لە ناز ونیعمەتی کاتی دونیایی بێ بەشیان ناکەم.

### دەبێت بێ باوەڕانیش ئەمنیەتیان پارێزراو بێت:

ئەگەر سەرنجێکی خێرای مانا و مەبەستی ئەم ئایەتەی سەرەوە بدەین، ئەوا دەبینین کە خوای گەورە مافی ژیان وخۆشگوزەرانی دونیایی بۆ کافرانیش دابین کردووە، ولەوە تێدەگەین کە هەموو هاوڵاتیان "بە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەوە، بەسەرجەم دەنگو ڕەنگو ئایدیا جیاوازەکانەوە" لەدنیادا وەك یەك مافی ژیانیان هەیە ودەبێت ئەوانیش وەك موسڵمانان لە بەرقەرار بوونی ئارامی وسەرجەم خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکاندا بەهرەمەندو سودمەندبن.

هەر بۆیە لە هەموو سەردەمێکدا "هەر لە چەرخی یەکەمی کۆچییەوە" کار بە سیستەمی دابینکردنی مافی پەنابەرێتی (ئەمانەت) بێ باوەڕان کراوە لەوڵاتانی ئیسلامیداو، سەرەوەری‌و ئەمنیەتی گیان وماڵیان پارێزراو بووە، ئەمەش ئەو مافەیە کە خودا خۆی بە هەموو کەسێکی داوەو بۆ گشت تاکەکانی دابین کردووە، وەك دەفەرموێت: ﴿وإن أحد من المشرکین استجارك فأجره حتی یسمع کلام الله ثم أبلغه مأمنه﴾ التوبة: ٦. واتە: (ئەی پێغەمبەر "د.خ"، ئەی ئیمانداران) ئەگەر یەکێك لە موشریکەکان داوای پەنای لێ کردن، ئەوا پەنای بدەن، تاوەکو فەرمودەی خوا ببیستێ، وە پاش ماوەی مانەوەی بیگەیەنە ئەو جێگایەی کە خۆی دەیەوێت وماڵ وگیان وژیانی تێدا پارێزراوە.

هەر بۆیە زانایان بڕیاریان داوە مافی (ئەمان) پەنابەرێتی بدرێت بە هەموو ئەو کەسانەی بێ باوەڕن ودێنە ناو وڵاتی موسڵمانانەوە، ئیتر بە مەبەستی خوێندن بێت، یاخود بۆ بازرگانی، یان گەشت وگوزار، یان چارەسەر، یان... هتد، بەڵام بەمەرج گیراوە بە ڕەزامەندی دەوڵەتی ئیسلامی بێت، وە هەروەها (ئەو بێ باوەڕانە) نەبنە جێگەی مەترسی بۆ بیروباوەڕ، وبەرژەوەندییە گشتیەکانی موسڵمانان، وبڕیارەکانی ناو ڕێکەوتننامەکەی نێوانیان پێ شێل نەکەن، کە ئەگەر ئەم مەرجانە هاتنە جێ ئەوا ئەو کات هەموو ئەو مافانەیان بۆ هەیە کە لە گرێ بەستەکەی نێوانیاندا ڕێکەوتنی لەسەر کراوە. بەڵام ئەگەر هاتوو پەیمانەکەیان شکاند، یاخود مەرجەکانیان تێدا نەهاتە جێ، ئەوا لەو کاتەدا لەوڵاتی موسڵمانان دەردەکرێن، بەڵام دیسانەوە لەم حاڵەتەشدا هەر دەبێت بە ئەمینی و سەلامەتی بگەیەنرێنەوە شوێنی مەبەستی خۆیان.

### ترساندن‌و تۆقاندن‌و تێکدانی باری ئەمنی کارێکی حەرامە:

خوای گەورە قەدەغەی کردووە هیچ کەسێك ڕوو بەڕووی ترس و دڵەڕاوکێ بکرێتەوە، وکەس مەترسی بۆ سەر کەسانی تر دروست بکات، وەك دەفەرموێت: ﴿ولا تقعدوا بکلّ صراط توعدون﴾ ألأعراف: ٨٦. یانی: دامەنیشن لە هیچ ڕێگایەك، ڕێگا لەخەڵك بگرن و هەڕەشەیان لێ بکەن. وە پێغەمبەری خۆشەویستمان (د.خ) دەفەرموێت: ((المسلم من سلم المسلمون من لسانه ویده)) رواه: البخاري. واتە: موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانانی دیکە لە زەرەرو زیانی دەست و دەمی پارێزراوبن، و جێگەی مەترسی نەبێت بۆ هیچ کەس.

کەواتە نابێت موسڵمان جێگەی مەترسی هیچ کەس و لایەنێك بێت، و دەستدرێژی نەکاتە سەر کەس، مەگەر لە کاتی پێویست و هەل و مەرجی تایبەتدا.

### بەکارهێنانی چەك وخەڵك ترساندن کارێکی حەرامە:

خۆشەویستمان (د.خ) هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە موسڵمانان دەترسێنن و چەکیان لە دژ بەکار دەهێنن، وەك دەفەرموێت: ((من حمل علینا السلاح فلیس منّا)). رواه البخاري: ٦٤٨٠ ومسلم. واتە: هەر کەس چەك لە دژمان بەکاربێنێت ئەوا لە ئێمە نییە.

وە هەروەها (نوعمانی کوڕی بیشر "خوای لێ ڕازیبێت") دەفەرموێت: (كنّا مع رسول الله ( d ) فی مسیر فخفق رجل علی راحلته، فأخذ رجل سهما من کنانته، فانتبه الرجل ففزع، فقال رسول الله ( d ): ((لا یحلّ لرجل أن یروّع مسلما)) صحیح الترغیب والترهیب: ٢٦٠٨. واتە: لە گوزەرێکدا لە گەڵ پێغەمبەر (د.خ) پێکەوە بووین، پیاوێك بەسەر وڵاخەکەیەوە خەوی لێکەوتبوو، پیاوێکیش تیرێکی لە تیردانەکەی هێنایە دەرەوە،و کابرای خەوتوو بە خەبەر هاتەوە وترسا، پێغەمبەریش (د.خ) فەرمووی: بۆ هیچ کەسێك دروست نییە موسڵمانان بترسێنێت‌و بیتۆقێنێت.

### هەر کەسێك باری ئەمنی بشێوێنێت سزا دەدرێ:

ئەو کەسانەی ئەبنە هۆی تێکدانی ئاسایشی وئۆقرەیی کۆمەڵگا، خوای گەورە هەڕەشەو سزای توندی بۆ ئامادە کردوون، وەك دەفەرموێت: ﴿إنما جزاء الذین یحاربون الله ورسوله ویسعون فی الأرض فسادا أن یقتلوا او یصلبوا أو تقطع أیدیهم وأرجلهم من خلاف او ینفو من الأرض ذلك لهم خزي فی الدنیا ولهم فی الآخرة عذاب عظیم﴾ المائدة: ٣٣. واتە: سزای ئەوانەی دژایەتی خوا وپێغەمبەرەکەی دەکەن، و خراپە وبەدکاری بە زەویدا بڵاو دەکەنەوە، دەبێت بکوژرێن و بکرێن بە دارا، یاخود دەبێت دەست وپێیان بە ڕاست و چەپ ببڕێتەوە، وە یان شار بەدەربکرێن‌و لەوڵاتی خۆیان دوور بخرێنەوە، کە ئەمە ئابڕوو چوونی دونیایانەو لەدواڕۆژیشدا سزایەکی زۆر دەچەشن.

ڕوون‌و ئاشکرایشە کە کوشتن‌و چەتەیی‌و

گەندەڵی و خراپە بەرپاکردن و هەر تاوانێکی لەم جۆرە، تێکدانی ئارامی و ئۆقرەییە و هەڕەشەی ئایەتەکە دەیگرێتەوە.

## پلانی ئیسلام بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگە :

ئەگەر سەرنجێك لە شەریعەتە پاك و بێ گەردەکەی خۆمان بدەین، ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە پیادەکرنی بنەماکانی ئیسلام باشترین سیستەمە بۆ پاراستنی سەر ومالی هاولاتیان و ئارامی و هێمنی، وبێ خەم کردنی تاکەکانی کۆمەلگە، ئەویش لە ڕێگەی بە ئەنجام گەیاندنی فەرمانەکانی خوا وجێبەجێ کردنی ئەو (حەد)ە شەرعییانەی کە بۆ کەسی تاوانباری داناوە: بۆ نمونە زەکات واجب کراوە بۆ ئەوەی هەژاران و نەداران لە دارایی دەوڵەمەندان بەهرەمەند ببن، و ژیان وگوزەرانی هەژارانیش مسۆگەر بێت، وە هەرکات ئەم سیستەمە پەیڕەو کرا، ئەو کات دزی و چەتەیی نامێنێت، و سامانی خەڵك پارێزراو دەبێت، و خۆشەویستی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو توێژەی کۆمەڵگە وئەو کات هەژاران جورئەت ناکەنە سەر سامانی دەوڵەمەندان.

وە هەروەها (قیصاص) واجب کراوە لە تۆڵەی کوشتنی عەمدیدا، وە کاتێك قیصاص لە پیاوکوژ سەندرایەوە، ئەوکات گیان وژیانی خەڵك سەلامەت وپارێزراو دەبێت.

وە ئەگەر کەسێك دزی بکات، ولە سزای ئەوەدا دەستی ببڕێت، ئەوا دیاردەی دزی بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە، وکەس جورئەت ناکاتە سەر سامان ومالی کەس.

وە ئەگەر (جەلد) داری حەد درا لە شەرواڵ پیس و زیناکار، ئەو کات ناموس وحورمەتی هاولاتیان پاك وپارێزراو دەبێت.

وە ئەگەر سەرخۆش و بێهۆش داری حەدیان لێبدرێت، ئەو کات بیروهۆش و ئەندێشەی خەڵك ساغ و سەلامەت وئارام دەبێت.

وە ئەگەر سزای چەتەو ڕێگر بدرێت، ئەوا هەموو کاروانچی و ڕێبواران لە ئەمینی و ئارامیدا دەبن.

بەلام بەداخەوە وەك دەبینین بوونی ئەم حەدە شەرعیانە لەسەر ئەرزی واقیع و مەیدانی وڵاتاندا بوونی نییە، بۆیە دونیا بووە بە پاشا گەردانی وکوشتن و بڕین زۆر سادە وئاسان بووەو چەتەو پیاوکوژ وخراپەکارنیش بە بێ ترس و ئازادانە دەست بۆ هەموو جۆرە تاوانێك درێژ دەکەن، و بوونەتە خۆرەی کۆمەڵگە و ئەمینی و ئارامی تێکدەدەن.

## ئیمان و باوەڕ زامنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگەیە :

خوای گەورە ئیمان وباوەڕی بە یەکێك لە فاکتەر وکۆڵەکە بنەڕەتیەکان داناوە وەك گرەنتیەك بۆ خۆشگوزەرانی وئارامی کۆمەڵگە، وەك دەفەرموێت: ﴿وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصلحت ليستخلفنهم فى الأرض كما استخلف الذين من قبلهم وليمكنن لهم دينهم الذي ارتضى لهم وليبدلنهم من بعد خوفهم امنا يعبدونني لايشركون بي شيئا ومن كفر بعد ذلك فأولئك هم الفسقون﴾ النور: ٥٥. خوای گەورە بەڵێنی داوە بەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاك دەکەن، لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەیانکات بە جێنشین وپایەداریان دەکات، وەك چۆن ئەوانەی پێش ئەمانی جێنشین کردووە، وە ئەو ئایینەیان بۆ دائەمەزرێنێ کە خۆی بۆی پەسەند کردوون، وە لە جیاتی ئەو ترسەی لەسەریانە ئەمینی وئارامییان بۆ دێنێت، بە مەرجێك ئەوانیش بەندەیی وفەرمانبەرداری من بکەن و کەس نەکەن بە هاوبەشم، وە هەرکەسێکیش لە پاش ئەمەوە کافر ببێ و لە فەرمانی خوا دەربچێت ئەوا ئەوانە فاسقن و لە فەرمانی خوا دەرچوون.

وە بەپێچەوانەشەوە، هەر نەتەوەو دەوڵەتو ناوچەیەك بێ باوەڕی و ناسوپاس گوزاری نازو نیعمەتەکانی پەروەردگار بکەن، ئەوا خۆشی و ئارامی وئەمنیەتیان تێدا نامێنێت، هەروەك پەروەردگارمان دەفەرموێت: ﴿وضرب الله مثلا قرية كانت آمنة مطمئنة يأتيها رزقها من كلّ مكان فكفرت بأنعم الله فأذاقها الله لباس الجوع والخوف بما كانوا يصنعون﴾ النحل: ١١٢. واتە: خودا نمونەی دانیشتووانی دێیەك (شارێك) دەهێنێتەوە کە پڕیەتی لە ئەمن و ئاسایشی و دڵنیایی و ڕەحەتی، و لە هەموو شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی فراوانی بۆ دێنێت، بەڵام دانیشتووانی ئەو دێیە (شارە) لە بری سوپاسگوزاری، کوفر و ناشوکریان بەرامبەر بە نیعمەتەکانی خودا کرد و شوکرانە بژێر نەبوون، خوایش لە ئەنجامی ئەو کوفرەدا پۆشاکی برسیەتی و ترسی کرد بە بەرو باڵایاندا، بەهۆی ئەو کردەوە خراپ وناڕێکانەی کە کردیان.

## ئیسلام هەموو پێداویستیەکانی ژیان فەراهەم دەکات و دەشیانپارێزێت :

ئاشکرایە ئەرکی سەرەکی ئیسلام پاراستنی پێنج بنەماکانی ژیانە، کە بە (زەروراتی خەمس) ناسراوە، ئەوانیش بریتین لە پاراستنی: (دین، ژین، ژیری، داوێن و وەچە، ماڵ و سامان)، کەواتە ئەمن وئارامی زەروروتێکی هەمیشەییە بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە بنەڕەتیانەی تاك وکۆمەڵ، وئیسلام لەم پێناوەدا کاردەکات، و هەموو جەنگ و جیهادێکیش بۆ بەدیێنانی ئەم ئامانجانەیە.

## پێغەمبەر ( د.خ ) بەڕێوەبەری ئاسایشی بۆ دەوڵەت دانابوو :

پلەی بەڕێوەبەری ئاسایش و پۆلیس هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە هەبووە، وە هەروەها لە پاش ئەویش هەموو خەلیفەکان بەرپرس و بەڕێوەبەریان داناوە بۆ پاراستنی ناوخۆی شارو بازاڕو کوچەو کۆلان و شوێنە گشتیەکان.

((عن أنس ( c ) قال: إن قيس بن سعد كان يكون بين يدي النبي( d ) بمنزلة صاحب الشرطة من الأمير)) رواه البخاري فى الأحكام. واتە: (قەیسی کوڕی سەعد "خوای لێ ڕازیبێت") لەبەردەستی پێغەمبەردا (د.خ) بەڕێوەبەری ئاسایش بووە.

وە هەروەها پێغەمبەر (د.خ) سەرپەرشت و چاودێری دانابوو بۆ بازاڕەکان، هەر وەك ئیمامی (عومەر" خوای لێ ڕازیبێت") بەرپرسی بازاڕی شاری (مەدینە)و (سەعدی کوڕی سەعید)یش "خوای لێ ڕازیبێت" بەرپرسی بازاڕی شاری (مەکە) بووە.

وە هەندێك لەسەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (عبدالله ی کوڕی مەسعود "خوای لێ ڕازیبێت") یەکەم کەس بووە بەشەودا گەڕاوە بەناو شاری (مەدینە)دا، بە فەرمانی (ئەبوبەکری صدیق "خوای لێ ڕازیبێت") بەمەبەستی پاراستنی باری ئەمنی. دیارە ئەم بەرپرسیارێتییانەش بە کەسانی بەهێزو لێهاتوو و متمانەدار دەسپێرران.

## بەڵگەنامەو ناسنامەی هاووڵاتیان باری ئەمنی دەپارێزێت :

لەسەردەمی (ئەمەویەکان)دا هێزی پۆلیس پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینی، وهێزی پاراستن بۆ چاودێریکردنی کەسانی گومان لێکراو تۆکمە وبەرفروان کرا، ئەمەش بە سەرپەرشتی (زیادی کوڕی قەیس "خوای لێ ڕازیبێت")، وە دامەزراوەیەکیان دامەزراند بە ناوی (نظام مراقبة المشبوهين) واتە سیستەمی چاودێریکردنی کەسانی گومان لێکراو، وە هەستان بە دروستکردنی (البطاقة الشخصية) (کە وەك هەویەی باری کەسێتی) وابوو، و هەموو کەسێك دەبوایە لە کاتی ڕۆییشتن لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر، یان لە کاتی سواربوونی کەشتیدا دەبوایە ئەم کارتەی پێ بوایە، ئەگینا بەند دەکرا، وە ئەم هێزە ڕێگەیان پێ درابوو لە کاتی پێویستدا هێز بەکاربێنن بۆ کۆتایی هێنان بە ئاژاوەو پشێوی و یاسا شکێنی لەلایەن خەڵکەوە.

## دەوڵەتانی دراوسێمان باری ئەمنی دەشێوێنن :

ئاشکرایە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە دەوڵەتانی دراوسێ تۆپباران و بۆمبڕێژی ناوچە سنوریەکانی ئەم هەرێمە ستەمدیدەیەمان دەکەن، کە ئەمە ستەمێکە ودەرحەق بەم خەڵك وخاکە دەیکەن و، ئارامی وئاسایشی کۆمەڵگە دەشێوێنن، و هاولاتیان دەتۆقێنن، کە ئەمە کارێکە نە لە دینی ئیسلامدا ونە لە ئەخلاقیات وئینسانیەتدا جێگەی قبوڵە، بۆیە ئەوەی زیاتر ئێمەی موسڵمانی کوردی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە هەندێك لەو دەوڵەتانە هەڵگری ناسنامەی ئیسلامەتین و خۆیان بە خاوەنی ئیسلام و پەیامی برایەتی و پێکەوە ژیان و... هتد دەزانن، بەڵام لە استیدا لە بەرجەستە کردنی ناوەرۆك وبنەماکانی ئیسلامدا دووریان بە ئەندازەی نێوان خۆرهەلات و خۆرئاوایە. پێغەمبەری خۆشەویستیشمان (د.خ) دەفەرموێت: ((والله لايؤمن، والله لايؤمن، والله لايؤمن، قيل ومن يارسول الله؟ قال: الذي لم يأمن جاره بوائقه)). سێ جار فەرموی: سوێند بەخوا ئیمانی تەواو نییە، هاوەڵان عەرزیانکرد قوربان کێ ئیمانی تەواو نییە؟ ئەویش فەرموی: ئەو کەسەی دراوسێکەی لە زەرەر وزیانی ئەمین نەبێت. وە زۆر فەرمودەی تر لەسەر ماف و ئەجری دراوسێ لەسەر یەکتری هاتووە و هەموومان بیستومانە ودەیزانین. کەواتە نابێت دراوسێ جێگەی مەترسی دراوسێکەی بێت.

ئومێدەوارین بە هەموومانەوە بتوانین ئەمنیەت و ئارامی ئەم هەرێمەمان بپارێزین، هەر لەئەمنیەتی ئایینی و ئابوری سیاسی و دارایی و ئەخلاقی وکلتوری و... هتد، چ وەکو تاك وچ وەك کۆمەڵ، چ وەك بەرپرس، یاخود وەك هاوڵاتی، خوایش پشتیوان ویاریدەدەرە بۆ ئەو کەسانەی دڵسۆز و ڕاستگۆن.

**سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١- حقوق الانسان فى الاسلام: الدكتور محمد الزحيلي، ص ٣٣٦ - ٣٣٧.
٢- اللواء حاتم محمد صالح العاني: مجلة التربية الإسلامية، العدد: ٩، من آب ٢٠٠٢، ص٣٨-٣٩.
٣- الخطب المنبرية فى المناسبات العصرية: الدكتور صالح فوزان، ٤٤٣/١.
٤- ژیانی پێغەمبەری ڕێزدار (د.خ): م.عبدالله هەرتەلی، ل ٥٤٩.
٥- گۆڤاری چرای ڕووناکی: ژمارە: ١، ساڵی ١٤٢٩ك/٢٠٠٨ز.


* وتارخوێنی مزگەوتی ئیمامی شافیعی/ هەڵەبجەی تازە.

# با مزگەوتەکان نەبنە چەقی ململانێ‌و بانگەشە سیاسییەکان



نوسینی: م عطا محمد پێنجوێنی

مزگەوت ئەوشوێنە پیرۆزەیە کە ڕەمزی ئاوەدانی‌و موسڵمانی ئەو ناوچانەیە کە تیایدا بێت، مزگەوت شوێنی برایەتی‌و یەکسانیە جیاوازی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندا ناکات. مەڵبەندی ئاشتەوایی‌و چاکسازی سەرجەم کیشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکانە. شوێنی هوشیاری‌و خۆپارێزیە لەسەرجەم نەخۆشیە دەرونیەکانی وەك: ئیرەی.. درۆکردن..و هەڵچون..و توندوتیژی.. پێشێل کردنی مافی هەژارو.. چەندین نەخۆشی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی تر.

مزگەوت هێندە لەئیسلامدا پێگەی گرنگی هەیە یەکەم بەردی بناغەی دەوڵەتی ئیسلامی لەوێوە سەرچاوەی گرتوە. پەرستشەکانیش لەئیسلامدا کە ئەنجام ئەدرێت ئەوەی ناو مزگەوت چەندین بەرامبەر پاداشتی زیاترە. ئەوەی مزگەوتێك دروست دەکات یاخود بەشداری لە دروست کردنی دەکات بەوە پێناسەکراوە باوەڕدارە بەخوداو ڕۆژی دوایی ولەڕیزی بێ باوەڕان جیای دەکاتەوە هەروەك ئەفەرموی ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللَّهَ فَعَسَى أُولَئِكَ أَنْ يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ﴾ یان هەر وەکو پێغەمبەری ئیسلام ئاماژەی پێداوە پاداشتی ئەو کەسانە کۆشکێکی بەهەشتە ئەگەرچی مزگەوتەکە هێندە بچوك بێت وەکوهێلانە باڵندەیەك بێت هەروەك ئەفەرموێت ﴿من بنى لله مسجدا ولو كمفحص قطاة أو أصغر بنى الله له بيتا في الجنة﴾ تەنانەت ئەوەندە گرنگی پێدراوە مانەوەی ئاسایی بەمەرجێك نیەتی بەندایەتی کردن بێت بۆی بە چاکە کردن هەژمار ئەکرێت.

## مزگەوت خزمەتێکی کەم وێنەی بە گەلی کوردو موسڵمانان کردوە

هەر لەتایبەتمەندیەکانی مزگەوتە کە هەندێك کاری تر کە ڕۆژانە لەدەرەوە بەئاسایی دەکرێت بەڵام نابێت لەمزگەوت ئەنجام بدرێت وەك کڕین‌و فرۆشتن‌و قسەکردنی دور لەبازنەی عیبادەت کردن‌و بەکارهێنانی چەك‌و تەقەمەنی‌و پاراستنی حەرەمی مزگەوت لەمنداڵێك پاك‌و خاوێنی نەپارێزێت بەهەمان شێوە پاراستنی لەکەسانێك عەقڵ‌و هۆشی خۆیان لەدەست دابێت کەواتە جگەلە بەندایەتی کردن بۆ خوا هیچ شتێکی تر لەمزگەوتدا ڕەوا نییە چونکە خوای میهرەبان ئەفەرموێت ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ هەروەها لەفەرمودەی پێغەمبەری ئیسلامدا هاتووە کە مزگەوت پیرۆزترین‌و باشترین شوێنی سەرزەویە بە بەراورد لەگەڵ بازارەکاندا کە بەخراپترین شوێن ناوزەد کراوە هەروەك ئەفەرموێت ﴿إن رجلا قال: يا رسول الله أي البلدان أحب إلى الله، وأي البلدان أبغض إلى الله قال: لا أدري، حتى أسأل جبريل، فأتاه جبريل، فأخبره: أن أحسن البقاع إلى الله المساجد، وأبغض البقاع إلى الله الأسواق﴾ ئەوەیش ئەوەمان پیشان ئەدات کە مزگەوت شوێنی خواپەرستی‌و فێربونی ئاکارو ڕەوشتە بەرزەکانە، بەپێچەوانەوە بازاڕەکان شوێنی درۆکردن فێڵ کردنە بۆیە مزگەوت ئەوەندە ڕێز لێگیراوە ئەو شوێنەی دەکرێتە حەرەمی مزگەوت لەدوای تێکدانی بۆ هیچ پرۆژەیەکی تر ڕەوا نییەو ناکرێت.

## ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە دەبینین مزگەوت هەم شوێنی خواپەرستی‌و ئاشتەوایی‌و یەکسانی بووە، هەمیش سەرچاوەی گەشەسەندنی زانست‌و زانیاری بووە

بۆیە ئەگەر بەویژدانەوە چاوێك بەمێژوی مزگەوت دا بگێرینەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەوڕاستیە ئەسەلمێنین کە مزگەوت سەرچاوەی ئاوەدانییەو بەهەمان شێوە سەرچاوەی گەشەسەندنی زانست‌و زانیاریەو هیچ شوێن‌و دامەزراوەیەك نییە لەمێژوی چواردە سەدەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لەپێشی مزگەوتەوە بێت لەبوارەکانی بەرەودان بەنیشتیمان پەروەری‌و گەشە دان بەبوارەکانی ئاکارو ڕەوشتە بەرزوجوانەکان ئەوەیش لەپێناو سەربەرزی مرۆڤایەتیدا. ئەوەش ڕاستیەکە وەکو ڕۆژی ڕون وایەو بەکەس ناشاردرێتەوە کە مزگەوت هۆکاری سەرەکی سەرخستنی هەموو گەلانی موسڵمانەو بەتایبەت چینی ژێر دەستەو ماف خوراو چونکە تەنها ئەم دامەزراوەیە کە خەمخۆرو داکۆکی کاری مافی ماف خوراوان بیت.

لەمێژووی گەلی کوردیشدا مزگەوت خزمەتێکی کەم وێنەی بە گەلی کورد کردوە بەتایبەت ئەوکات وسەردەمانەی شۆڕش لەدەرەوە بوو تەنها شوێن کە دەبویە لانەو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە لەگوندەکاندا تەنها مزگەوت بوو هەر لەڕێگەی ئەم دامەزراوەوەیە خەڵکی فێری ورەبەرزی ئەکرا کەخۆڕاگر بێت لەبەرامبەر ئەو تەنگانەو ناڕەحەتیانەی کەتوشی ئەبێت هەروەك وتراوە تەنگانەش ماوەی کورتەو تەواو ئەبێت ولەدوای هەموو ناخۆشیەك خۆشی دێت لەئێستاشدا هەر مزگەوتە ئەوڕۆڵە کاریگەرە ئەبینێت کەهانی جەماوەر بدات بۆبەشداری کردنیان لەپرۆسەچارەنوس سازەکاندا لەبەرامبەر نەیارانی گەلی کوردا بەڵام بەداخەوە لەبەرامبەر ئەو هەموو خزمەتە فراوان و بێوێنەیەدا کەمترین خزمەت بە مزگەوت و ئەوانەی پەیوەندی دارن پێوەی کراوە .وخراونەتە کەنارو کەس خۆی بە خاوەنیان نازانێت وەك ئەوەی ئەمانەبونیان لەم کۆمەڵگایەدا نەبێت یاخود زیادەن وبارن بەسەر دەسەڵاتی کوردیەوە وەختێکیش پێویستیەکیان ئەبێت هانا بۆمزگەوت ومامۆستایانی ئاینی ئەبەن کەدەورو ڕۆڵی خۆیان بخەنە کار.

## لەئێستاشدا هەر مزگەوتە ئەو ڕۆڵە کاریگەرە ئەبینێت کەهانی جەماوەر بدات بۆ بەشداری کردنیان لە پرۆسە چارەنوس سازەکاندا

بەداخەوە لەسەردەمێکی وەکو ئیستادا لەکوردستان خەریکە وای لێبێت مزگەوت ئەو خزمەتە پیرۆزەی فەرامۆش بکرێت‌و بە ویستی کەسانێکی ترلە دەستی بدات وبکرێتە شوێنی بانگەشەی سیاسیەکان وبەناوی ڕەوت ودامەزراوە سیاسی ولایەنەکانەوە پۆلێن بکرێت . ئەوەش نەوەك خزمەت بەمزگەوت وپەیامی خوایی ناکات بەڵکو ئەبێتە هۆی ناشیرین کردن و لەکەدارکردنی ئەو پەیامە پاك و جوانەو ئەوکاتیش مزگەوت لەبری ئەوەی خزمەت بە هەموان بکات بچوك دەکریتەوە لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی کەسانێکی تردا بێگومان ئەوکاتیش هەرگیز دڵسۆزانی ڕستەقینەی پەیامی مزگەوت خۆیان بەئاسودە وبەختەوەرنازانن، چونکە ئەوکات لەبری ئەوەی بە کاراکردنی پەیامەکەی جوان بکرێت

بەپێچەوانەوە بەلادان لەپەیامە ڕاستەکەی ناشیرین دەکرێت. ئەمەش تەنها کەس و لایەنێك لێی بە ڕپرس نیە بەڵکو هەم لایەنەکان بەڕاست و چەپ ئیسلامی وعیلمانی پاشان حکومەت و لایەنی پە یوەندی دارو بە هەمان شێوەش مامۆستاو سەرجەم کارمەندانی مزگەوت بە ڕپرسیارن لەو بە خزمەتکردنی سیاسیانەی مزگەوتەکان..

هەر بۆیەش پێم وایە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە وەزارەتی ئەوقاف وسەرجەم کەس ولایەنەپەیوەندی دارەکان کۆمەڵێك ڕێگەو شوێنی گونجاو بگرنە بەر دور لەئاراستەکردنی سیاسی ئەویش تەنها لەپێناو کاراکردن و گێڕانەوەی دەورو ڕۆڵی ڕاستەقینەی مزگەوت ئیتر بەبێ گوێدانە ئەوەی بەرژەوەندی کام گروپ ولایەن ئەکەوێتە مەترسیەوە چونکە پێگەی ماڵی خوا لە هەموو ئەو شتانە لەپێشترو پیرۆز ترە . بۆ ئەمەش بەپێویستی دەزانم چەندخاڵێك بخەمە بەردیدی هەموان کەبڕوام وایە ئەو خاڵانە ئەنجام بدرێت خزمەت بە مزگەوت ئەکات ولەبەسیاسی کردن وخستنەخزمەتی سیاسیەکان ئەیپارێزێت.

## بەداخەوە خەریکە خزمەتی مزگەوت فەرامۆش دەکرێ و ئەرکی وەزارەتی ئەوقافیشی خەمێك لەو وەزعە بخوات

ئەمەش تەنها ڕاوبۆچوونی خۆمەو هەرکەسیش باشتری بەلاوەیە ئەوە مایەی دەستخۆشی وپێزانینە وتەنها خوای گەورەش هەڵەو کەموکورتی نیە . ڕەنگە ئەم قسانەش بەلای هەندێك کەس و گروپی سیاسیەوە قورس بێت یاخود پێی وابێت کە ئەوە ڕێگری کردنە لەئازادی، مزگەوت بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە مزگەوت لەئیسلامدا بۆ بەندایەتی وپەرستشی خوای میهرەبانە نەوەك بۆ بانگەشەی سیاسی وپۆلین کردنی مزگەوت بۆ گروپە سیاسیەکان بۆ نمونە ئەوترێت ئەوە ئەوە مزگەوتی یەکگرتوە...یان کۆمەڵ ...یان پارتی ...یان یەکێتی ....یان بزوتنەوە.....یان هەرلایەنێکی تریەویش لەبەر ئەوەی مامۆستای مزگەوت بۆ خۆی وەك هەر تاکێك لەکۆمەڵگای کوردی هەواداری ئەولایەنە بێت یان کاریگەری جەماوەری ئەوحیزب ولایەنە لەو شوێنەدا بونی هەبێت، چونکە مزگەوت لەسەرتاوە بۆ ئەو مەبەستە بنیات نەنراوە بەڵکو بۆخواپەرستی مرۆڤەکانە بەگشتی بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بەکام نەتەوەو زمانە یان هەواداری کام حیزب و ڕەوتی سیاسیە تەنها ئیسلام بون ئەیکاتە تاکێك لەو شوێنە نەوەك هەواداری بۆ گروپێك.

## پێویستە مزگەوت مۆرکی ئینتیمای ئەم حزبو ئەو حزبی پێوە نەلکێ

بۆیە لە چەند خاڵێك دا هەندێك بەرچاو ڕونی ئەدەمە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان و سەرجەم پێش نوێژو وتارخوێنان بەو هیوایەی هەمومان بەسینگێکی فراوانەوە وەری بگرین بە جۆرێك لەسانسۆر یان شتی تری نەزانین ....

یەکەم: پاراستنی مزگەوتەکان لەناوهێنانی بەناوی هیچ گروپ و لایەنێکی سیاسیەوە مەبەستیش تەنها ناونانی حیزب و لایەنەکانە ئەگەرنا ئاساییە بۆ زیندو ڕاگرتنی هەر کەسایەتیەکی ئایینی لەمێژوی گەلی کوردا مزگەوت بەناوی ئەو کەسایەتیانەوە ناو بنریت هەروەك ئێستا ئەوەبونی هەیە وکارێکی پیرۆزیشە.



دووەم: خۆ بەدوورگرتنی پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوت لەبەکارهێنانی میحراب ودوانگەی مزگەوت بۆهەرلایەن و فیکرێکی دیاری کراو جگە لەڕێبازی گشتی موسوڵمان کە ڕێبازی ئەهلی سوننە وجەماعەیە، ئەمەیش هەر وەکو لەفەرمودەی پێغەمبەری ئیسلامدا هاتوە ﴿قال رسول الله صلى الله عليه و سلم : إن أمتي لن تجتمع على ضلالة فإذا رأيتم الاختلاف فعليكم بالسواد الأعظم "رواه ابن ماجة﴾ ڕێبازی ئەهلی سوننەوجەماعەیش ڕێبازی زۆرینەی موسوڵمانانە لەجیهانی ئیسلامیدا

سێهەم: بەدوورگرتنی مزگەوت لەهەموو بڵاوکراوەیەك بەناوی هەرگروپو تاقمێکەوە بێت با ئەوشتە ناوی ئاینیشی لەسەر بێت چونکە مزگەوت بۆ بانگەشە کردنی سیاسی نیە و ئەو گروپ و تاقمانەیش خۆیان ئازادن لەهەر هۆڵ وشوێنێکی تر کۆڕو سیمنار ببەستن یان بانگەشەی خۆیان بکەن . بەڵام مزگەوت شوێنێکی گشتیەو ناکرێت ڕێگە بەو شتانە بدرێت تیایدا کە بەداخەوە هەندێك جار مامۆستای مزگەوت خۆی بەهەواداری یەکێك لەو گروپانە دەزانێت و فەرمان لەوان وەردەگرێت خۆی ئەو کارئاسانیە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی هەرجۆرە پەیام و نوسراوێك ئیتر بەبێ گوێدانە ئەوەی کەئەوشتە بۆ تاقمێکەو ناکرێت لەمزگەوتدا ئەوشتە بکرێت..ئەوەش لەزۆرێك لەمزگەوتەکاندا ئەودیاردانە هەیەو بەدی ئەکرێت.

چوارەم: پاراستنی دوانگەی مزگەوت لە هەر وتاردانێك لەڕۆژانی هەینی یان هەر بۆنەو مناسەبەیەکی تری ئاینی کە بۆ بەرژەوەندی هەرتاقمێکی دیاری کراوی سیاسی بێت، چونکە ئەوانەی هاتون و گوێ ئەبیستی ئەو وتارانە ئەبن هەموو بیرو بۆچونێکی جیاوازی سیاسی تیایە و دوانگەی مزگەوتیش لەوە پیرۆزترە بخرێتە خزمەتی هەر گروپێکی سیاسیەوە...

پێنجەم: وەزارەتی ئەوقاف ئەرکی سەرشانیەتی بەوە هەڵسێت وڕێنمای لەسەر ئەو شتانە بڵاوبکاتەوە وڕێگری بکات لە هەرشتێك کە بۆ دەستەیەکی دیاری کراوبێت وئەوانی تری ناو مزگەوت بەکەسانی بێگانەو نامۆ تەماشا بکرێن ئەکرێت ئەو ڕێنماییانە لەسەرجەم مزگەوتەکاندا هەڵ بواسرێت و هەرکەیش پێچەوانەی ڕینماییەکانی کرد لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەك.

شەشەم: لیژنەی بەدواداچون هەبێت کە بتوانن سەردانی مەیدانی بکەن و هەڵسەنگاندنی بۆبکەن کە کام مزگەوت کاری بەو ڕینماییانە کردوەو کامی تریش ڕێنمایی حیزبەکەی خۆی بەلاوە پیرۆز ترە و گوێ بە هیچ ڕینماییەکی ئەوقاف نادات..

حەوتەم: هەوڵی تەواو بدرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆ شاییانەی کە لەمزگەوتەکاندا بەدی ئەکرێت کەبەداخەوە زۆرێك لەمزگەوتەکانی کوردستان ئەو بۆشاییانەیان هەیە بەتایبەت لەبونی کارگوزار کە زۆرینەی مزگەوتەکان خەڵکی مزگەوت لەسەرگیرفانی خۆیان کار گوزار بۆ مزگەوت دابین ئەکەن ئەمەش بەڕاستی بۆ وەزارەتێکی وەکو ئەوقاف مایەی نیگەرانییە.

هەشتەم: سەرجەم تاقم و حیزب و لایەنەکانیش بە مامۆستایانی ئاینیشەوە لەبەرامبەر مزگەوتەکان هەست بەو بەرپرسیارێتیە بکەن و ڕەچاوی باری مزگەوتەکان بکەن وبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وەلابنێن وناکۆکیەکانی خۆیان نەبەنە ناومزگەوتەوە ....

لەکۆتایدا هیوادارم هەموان بتوانین خزمەتی مزگەوت بکەین و خۆمان بەخزمەتگوزاری بزانین و مزگەوت بکەینە شوێنی دروست کردنی خۆشەویستی وبرایەتی وتەبایی و نیشتیمان پەروەری نەوەك بیکەینە شوێنی ململانێی سیاسی وڕق وهەڵچون بەرامبەر بەکەسانێك کە بیرو بۆچونیان وەك ئێمەنیە.

# هونەری دیالۆگ و گفتوگۆ لە سۆنگەی قورئانەوە



مەلا ئاراس رواندوزی
Malaaras.rwanduzi@hotmail.com

دیالۆگ و گفتوگۆی بنیاتنەرانە کە هەنووکە بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجێکی دیکەی دیرۆکی مرۆیی وەکو پێویستییەکی پەیوەندیدار بە زامنبوونی زەمینەسازییەکی ڕێخۆشکەرانە بۆ ڕەوینەوەی بارگرژی و گێژەڵۆکی ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، خۆی دەنوێنێت، لە هونەرە ڕەسەنەکان لەقەڵەم دەدرێت کە ڕیشەی لەقووڵایی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا داکوتاوەو، بە بەڵگەی ئەزموون و تاقیکردنەوە سەختەکانی ڕۆژگار دەرکەوتووە کە دیالۆگ بە ستراتیژییەتێکی سەرکەوتوو و ئامرازێکی یەکلاییکەرەوە بۆ گەیشتن بەخاڵێکی هاوبەش و کۆکەرەوە دەزانرێت، لێ گرانە وێنەیەکی ڕوون لەسەر دەسپێکی سەرهەڵدانی ئەو هونەرەو ڕەهەندە سەرەتاییەکانی بدۆزینەوەو سنوور بۆ ناسینەوەی چۆنێتی و وردەکاری هاتنەکایەی بکێشین.

بەڵام بەسەرنجدان لەسیاقی قورئانی پیرۆز دەتوانین ئاشنای سەرەداوێکی گەیەنەر بین بۆ لایەنێك و جەمسەرێکی ڕاستەقینەی سەرەتای سەرهەڵدانی بنەمای دیالۆگ کە بەشێکی ڕاستەقینە لە شوناسی ئەم فاکتەرە بنەڕەتییەی ژیان بەرجەستە دەکات، ئەمەش لەو کاتەی خودای خالیق ویستی مرۆڤ بکات بە جێنشینی خۆی لە سەر زەوی‌و، لەئایەتی ژمارە ( ٣٠ ) ڕووماڵی ئەو سەرگوزەشتەیە دەکات و دەفەرموێت: (وَإِذْ قَالَ رَبّكَ لِلمَلاَئكَةَ إِنّي جَاعِلٌ فِي الأرْض خَليفَةَ قَالُوا أتَجْعَلُ فيهَا مَنْ يُفسدُ فيهَا وَيَسْفَكُ الدّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبّحُ بحَمْدكَ وَنُقَدّسُ لَكَ قَالَ إِنّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ)، مرۆڤ کاتێك لەناواخنی ئەو ئایەتە تێدەگات‌و هەڵسەنگاندنێکی هۆشیارانە بۆ بەرفراوانی دەلالەتەکەی دەکات دەبینێ، کە خودای پەروەردگار بواری لەبەردەم فریشتەکان ڕەخساندووە کە بۆچوونی خۆیان بڵێن لەبارەی دیاریکردنی مرۆڤ بۆ لە ئەستۆگرتنی جێنشینێتی پەروەردگار لەسەر زەوی، فریشتەکان لەڕوانگەی گریمانەی ئەوەوە کە جێنشینی پەروەردگار لەسەر زەوی نابێ تێکدەرو خوێنڕێژ بێت بەڵکە دەبێت بنیاتنەرو وەدیهێنەری سەقامگیری‌و بەرقەراری هێمنی بێت، وتیان ئەی پەروەرگار چلۆن کەسێك ئەکەیت بەجێنشینی خۆت لەسەر زەوی کە تێکدەرو خوێنڕێژ بێت؟!!!، پەروەردگاری مەزن بۆچوونەکەی ئەوانی پێ شیاوو شایەن بوو و بەڵگەکەیانی پووچەڵ نەکردەوە لێ لەئاراستەو دیدێکی دیکەوە وەڵامیانی دایەوە بەوەی کە ئەوان بە تەواوەتی لەڕاستی‌و ڕێڕەوی بابەتەکە تێنەگەیشتوون بەڵکە لەوێوە ئامانج‌و مەبەستگەلێکی بەرزتر هەن کە لەسەر بوونی مرۆڤ بەجێنشینی پەروەردگار لەسەر زەوی پەیدا دەبن‌و لەبینایی‌و ئاستی زانینی فریشتەکان وونبووە، خۆ ناشێت‌و بەناسازان بۆیان حسێب دەکرێت کە بچنە نێو باس‌و خواسی دیالۆگ و گفتوگۆوە مەگەر بە زانین‌و ئاگادارییەوە نەبێ، لێرەداو بە ڕوونبوونەوەی ئاراستەی مەبەستەکان ، فریشتەکان خۆیان بەدەستەوەداو دانیاننا کە (سُبْحَانَكَ لاَ علمَ لَنَا إلاّ مَا عَلّمْتَنَا إنّكَ أنْتَ العَليمُ الْحَكيمُ) واتە گەورەیی هەر شایەنی تۆیە ئەی پەروەردگار، ئێمە زانیاریمان نییە تەنها ئەوە نەبێ کە تۆ پێتبەخشیووین.

## بە پێی دەقەکان تێدەگەین کە دیالۆگ لەو دەرگایانەیە کە خودای مەزن بە ڕووی ئەو بیرمەندو هۆشمەندانەی واڵا کردووە کە توانستی زانین‌و بینینی ڕاستی و مەبەستەکانییان هەیە

لەو ئاماژەیەی سەرەوە تێدەگەین کە دیالۆگ لەو دەرگایانەیە کە خودای مەزن بەڕووی ئەو بیرمەند و هۆشمەندانەی واڵا کردووە کە توانستی زانین‌و بینینی ڕاستی‌و مەبەستەکانییان تیادا ڕۆچووەو لەتوانایاندایە ڕێڕەوی ڕووداوەکان‌و دەرهاویشتەکانییان بەئاسۆبینییەکی بەرفراوەنەوە بخوێننەوە، هەر لەو ڕوانگەیەوەش دەبینین کە خودای گەورە لەهەمان باس‌و بابەتی سەرەوەو هاوشانی فریشتەکان ئازادی ڕادەربڕین‌و پیشاندنی سەرنج‌و تێبینییەکانی بەشەیتانیش بەخشیووە لەگەڵ ئەوەی کە زانستی پێشوەختەی هەبووە بەمایەپووچی بەڵگەکەی، قورئانی پیرۆز ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیەشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەهەمان کاتدا لەنێوان خودای گەورەو شەیتان بەڕێوەچووەو لەئایەتەکانی ژمارە: ٣٠—٣٤ لەسورەتی "حجر" لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە (فَسَجَدَ المَلاَئكَةَ كلّهُمْ أجْمَعُونَ * إلاّ إبْليسَ أبَى أن يَكُونَ مَعَ السّاجدينَ * قَالَ يَا إبْليسُ مَالَكَ ألاّ تَكُونَ مَعَ السّاجدينَ * قَالَ لَمْ أكُن لأسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِن صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مسْنُونٍ * قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فإنّكَ رَجِيمٌ) واتە: فریشتەکان تێکڕا هەموو کڕنووشیان برد بۆ ئادەم تەنها ئیبلیس نەبێ کە کڕنووشی نەبرد، خودا پێیگووت ئەی ئیبلیس بۆچی لەگەڵ کۆمەڵی فریشتەکان نەبوویت‌و کڕنووشت نەبرد؟ ئیبلیس لەوەڵامدا وتی: کڕنووش بۆ بەشەرێك نابەم کە لەقوڕ دروستت کردووە، ئەوجا پەروەردگار پێی فەرموو بچۆرە دەرێ لە بەهەشت‌و تۆ دەرکراوی.

## قورئانی پیرۆز زۆر نمونەی دیالۆگی پێغەمبەرانی خستۆتە ڕوو

ئەو ئازادییە لەدیالۆگ‌و ڕادەربڕینەدا وێنەیەکی ڕوونمان پێدەبەخشێت لەبارەی بایەخ‌و گرنگی بنەمای دیالۆگ کە کۆڵەگەکانی پەیوەندی نێوان خودای خالیق‌و مەخلوقاتەکانی لەسەر دەوەستێت‌و بەبێ ئەو بنچینە بنیاتنەرەوە ئەستەم‌و مەحاڵە ئەو پەیوەندییە لەپێشکەوتن‌و هەڵکشان‌و برەوی بەردەوامدا بێت ئەگەر نەڵێین بە نەبوونی ئەو بنەمایە کۆڵەگەکان هێدی هێدی دەڕمێن‌و تێکدەشکێن.

ئینجا کاتێك ئێمە دێین سەرنج لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەران چڕ دەکەینەوە کە خودای پەروەردگار بۆ ڕێنموونیکردنی مرۆڤەکان ڕەوانەی کردوون، دەبینین ژیانییان لەسەر دەستگرتن بەبنەمای دیالۆگ‌و سووربوون لەسەر گەیاندنی ڕای یەکێك بۆ لایەنی ناکۆك، دەوەستێت، لە نموونەی ماجەڕای نێوان حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەرو نەمروود کە خودای مەزن ڕۆناکایی دەخاتە سەر ئەم لایەنەو لەئایەتی ژمارە (٢٥٨) لەسورەتی (بەقەرە) دەفەرمووێت: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الّذي حَاجّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبّه أَنْ آتَاهُ اللّهُ المُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبّيَ الّذي يُحْيِي وَيُميتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُميتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنّ اللّهَ يَأْتِي بِالشّمْسِ منَ المَشْرق فَأْت بهَا منَ المَغْرب فَبُهتَ الّذي كَفَرَ وَاللّهُ لاَ يَهْدي القَوْمَ الظّالمينَ)، لەم ئایەتە پیرۆزەدا چیرۆکی دیالۆگی ئیبراهیم پێغەمبەرو نەمروود ڕوون دەکاتەوە کاتێك ئیبراهیم پێغەمبەر بە نەمروودیووت خودای من زیندووکەرەوەو مرێنەرە، نەمروود وتی منیش ئەو توانایەم هەیە، ئیبراهیم پێغەمبەر وتی: خودای من خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێنی تۆ بتوانە لە خۆرئاوا هەڵبهێنە، لێرەدا نەمروود دەستەوەستان بوو و ناچار خۆی بە دەستەوەدا و بە کارلێکەری دیالۆگێکی بنیاتنەرانەوە تێکشکا، لێرەشدا خودای پەروەردگار نموونەیەکی بەڵگەدارو بەرچاوتر بەردیدە دەخات‌و ئەوە دەسەلمێنێ کە ئیبراهیم پێغەمبەر سەرەڕای ئەوەی دڵنیا بووە لە ڕاستی‌و دروستی‌و ئامانجداری پەیامەکەی لێ بۆ قەناعەت هێنان بەڕکابەرەکانی‌و بۆ سەلماندن‌و ساخکردنەوەی ئەو هەقیقەتە بۆ گرۆی مرۆڤایەتی پەنای بردە بەر دیالۆگ‌و لەوێوە نەمرودی تووشی شۆك‌و شکستی مەیدانی‌و فیکری‌و ئیعتیقادی کرد.

## دیالۆگ پێش ئەوەی لای مرۆڤەکان پیرۆز بێت لەسۆنگەی ئایین‌و خوداوە پیرۆزە

هەر بۆیەش دەبینین خودای پەروەردگار فەرمانیداوە بە پێغەمبەرمان موحەممەد (د.خ) کە لەسەر بنچینەی دیالۆگ و ووتوێژەوە ڕووبەڕووی نەیارانی ببێتەوەو لەم ڕوانگەیەوە پەیامەکەی ئاراستە بکات‌و لەئایەتی ژمارە (١٢٥) لەسورەتی (نحل) دەفەرمووێت: (ادْعُ إِلَى سَبيل رَبّكَ بالْحكمَة وَالمَوْعظَة الحَسَنَة وَجَادلهُم بِالّتي هيَ أَحْسَنُ إِنّ رَبّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلّ عَنْ سَبيله وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدينَ) واتە بەحیکمەت‌و ئامۆژگاری باشەوە بانگەوازی بۆ ئایینی خودا بکەو بەشێوازی جوانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕکابەرەکانت بکە لەکاتی گفتوگۆدا، کە دیارە ئەو کۆمەڵە سیفەتە لەچەمك‌و دەلالەتی دیالۆگدا بەرجەستە دەبن‌و، ئەوە قورئانی پیرۆزە دەستپێشخەرو دووپاتکەرەوەیە لەسەر بایەخ‌و بەهاو گرنگی دیالۆگ‌و زەرورەتی چڕکردنەوەو قووڵکردنەوەی ڕەهەندەکانی لەتێگەیشتن‌و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، کەواتە بەرەنجام‌و خوڵاسەی بابەتەکەمان ئەوەیە کە دیالۆگ‌و بنەمای ڕووبەڕووبوونەوە پێش ئەوەی لای مرۆڤەکان پیرۆز بێت لە سۆنگەی ئایین‌و خوداوە پیرۆزە. .

# سەرهەڵدانی (تەسەوف) و کاریگەری لەسەر موسڵمانان

سەید کاکە زراری



خوای گەورە لەناو بونـەوەرەدا کۆمـەڵی ئـادەمیزادی هەڵبـژارد بـۆ بەندایـەتیو تـاقمێکی تایبەتیـشی لـەنێو ئەمانـەدا بـۆ ڕێنـــوێنی ئـــەوانی تـــر بـــەناوی (پێغەمبـەران)ەوە تایبەتمەنـد فـەرموو، کەبەهۆی حەزرەتی (جبریـل)ەوە سروشـی بـۆ نـاردنو قورئـانی پـیرۆزی نـارد بـۆ سـەرداری پێغەمبـەران(درودی خوایـان لەسـەر بـێ) بـۆ ئـەوەی کـە هەریەکـەیان بەگوێرەی بەرنامەی (خودا) کە بۆی هاتوە قەومەکەی خۆی لەتاریکی جەهلو نەزانیو بێئاگای رزگار بکاتو بیانخاتە سەر ڕێبازی خواناسی یەکتاپەرستی.

(خـوای) گـەورە دەفـەرموێت (ولـتكن مـنكم أمـة يـدعون الى الخـير ويـأمرون بـالمعروف وينهـون عـن النكـر وأولئـك هـم المفلحـون).ال عمـران /١٠٤ پێغەمبـەرمان دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ) (لا تزال طائفة مـن أمـتي ظـاهرين على الحق حتى يأتي أمـاالله) مـسلم/ وەیـان ئەفـەرموێ (العلمـاء ورثـة الانبياء) وەیا لە ڕیوایەتێکی تردا هـاتووە: (علمـاء أمـتي كأنبيـاء بـني أسرائيل) کە بە زاهیری حەدیسی دووەم بۆ زانایانی ئایینـەو حەدیـسی سـێ یـەم بـۆ عولـەمایانی (بـاطن) (تـصوف)ە.کـە بـەناوی (أوليـاء) بەناوبانگن، وەئەشگونجێ هەردوو حەدیسەکە بـۆ هەردووچـینەکە بێـت لە زانایانی ئیسلام.

چونکە ئەمە (وارپە) تەشبیهی سەروەت و سامانی دونیایی و قەدو قیافەو دیمـەنی زاهـیری نـی یـە، بـەڵکو مـەقامی دەعـوەت و تـەبلیغی (احكـام)و بەرنامەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و(تصفیەو تزکیە)ی دڵو دەرونە هەتا ڕۆژی قیامەت. هەرچەندە دوژمنانی دین و ڕێبازی خواناسی ئەو رابەرە بێ وێنەیە بە هەموو شێوەیەك زۆریان هەوڵ داوە کەبەناوی جۆراوجۆرەوە ئەم بەرنامە پیرۆزە بەتایبەتی بەشی(تصفیەو تزکیەی)کە بـە (تـصوف) بەناوبانگـە لـە بەرچاوی چینی نەشارەزاو بێ ئاگا ناشرین بکەن و بەخراپی لەقەلەم بـدەن، بەلام هەر وەکو (خوا)ی گەورە ئەفەرموێ: ﴿أنـا نحـن نزلنـا الـذكر وانـا لـە لحافظون﴾ الحجر/٩. عیلمی تەسەوفیش چونکە لە قورئانـەوە سەرچـاوەی گرتووە بەو وادەیە هەردەم پارێزراو دەبێت. هەزاران سوپاس بۆ (خوا) کـە (١٤٣٢) ساڵە بەهۆی کۆششو لێبرانو شەونخونی زانایانی(زاهیرو باطن)ەوە ئەم دوو شارێگە بەنرخە هەربەردەوام و پارێزراو کەس نەیتوانیوە زیانی پێ بگەیەنێ وە یا لە خشتەی بەرێ.

## سەرهەڵدانی قوتابخانەی ( تەسەوف )

لـەو کاتـەدا کۆمـەلگای ئیـسلامی خـەریك بـوو پـۆلین ئـەبوو وە ئەندامەکانی بەرەو باوەش کردن بە دونیاوە هـەنگاویان دەنـا، پیـاوانی (خـودا) لـە ئـەهلی تەسـەوف هەسـتان بەڕاسـتکردنەوەی ئـەو بـارە ناهـەموارە بـە پێکهێنـانی چـەند قوتابخانەیـەکی پـەروەردەی لـەو مەدرەسانە:

١- مەدرەسەی مەدینە: بەڕابەرایەتی تابیعی خواناس (شێخ سعید).

٢- مەدرەسـەی بەصـرە: بەڕابەرایـەتی خواناسـی پایـە بـەرز (شێخ حەسەنی بەصری).

٣- مەدرەسەی کوفە: بە ڕابەرایەتی هەردوو زانای پایە بـەرز (تاوسـی کوڕی کیسان و سعیدی کوڕی جوبەیر) (ڕەزای خوایان لێبێت)

٤- مەدرەسـەی بغـداد:بەڕابەرایـەتی (ئیمـامی موحاسـیبی) پاشـان (أحمدی کوڕی حەنبەل).

٥- مەدرەسەی شێخ جنیدی بغدادی:لەچەرخی سێیەمی کۆچی سەری هەڵدا ودینی پـیرۆزی ئیـسلام لەهـەموو روێکـەوە بەوهۆیـەوە ژیایـەوە، (ابن تیمیەی حرانی) دەربارەی شێخ جونەید دەلێت: (شێخ جونەیـدی بغدادی) (ر.خ) گەورەی هەردوو تائیفە واتە: گەورەی هـەردوو کۆمـەلی زانا لە عیلمی نهێنیو ئاشکرا.

٦- مەدرەسەی شام و مصر: بە ڕابەرایـەتی زانـای پایـە بـەرز(دنـونی مصری)دەورێکی گەورەوکاریگـەری هـەبوو لـە بلاوکردنـەوەی علمـی و زانستی زاهیر و باتن.

٧- مەدرەسەی بلخ: لەوڵاتی (خوراسان) سەری هەلداو بوە هۆی پتەو بونی بیرباوەڕی ئسلام لەناو دڵ و دەروونی خـەڵکی ئـەو ناوچـەیەدا، وە پێـشەوا (أبو علی) شقیقی کوڕی أیبراهیمی بەلخی یەکێك بووە لە خزمەتگوزارانی ئەو قوتابخانەیە.

٨- مەدرەسەی پەروەردەی لە شاری نیساپور: بە مەڵبەندێکی یەکجار گـەورە دادەنرێـت لـەبواری بانگـەواز کردنـی خـەڵکی بـۆ سـەر ڕێگـای راسـت، ئـەم قوتابخانەیـە زۆر پیـاوی خواناسـی تێـدا هـەڵکوت وەك (أبوحفسی حداد و حمـدونی قـسارو ...هتـد. بـەلاّم بەداخـەوە بـەهۆی هێرشی مەغۆل لەناوچوو.

(ابن تیمیە) لە نامەی (الصوفية والفقراء) دەلێت: یەکەم مەدرەسەی ئەهلی تصوف لەشاری بـصرەدا پێـك هـاتوە، وەیەکـەم (خانـەقای)ی (ذکرو فکر) لەو شارەدا لەسەردەستی هاوەلانی شێخ عبدالواحدی کوری زید (ر.خ) دروست کراوە پاشان دەلێـت: شـێخ عبدالواحـد یەکێکـە لـە موریدانی شێخ حەسەنی بەصری، وە دەلێ: لەو شارەدا زۆر کۆشـەش ئەکرا لە بوارەکانی خواپەرستیو دونیـا نەویـستی، هـیچ شـوێنێکی تـر وەکو ئەوێ نەبوو لە خواپەرستی.

بـرای موسـلمان (شـێخ عبـدوالقادری گـەیلانی) (قـدس اللـە سـرە) لەمەدرەسـەکەی بەغـدا گـەورەترین (صـحوی) ئیـسلامی بـەرپاکرد لـە

سەردەمی خۆیدا، وە زیاتر لە(سەد هەزار) كەس لە هەلگرانی سیلاح لەژێردەستی شێخی گەیلانیدا تەوبەیان كردو هەزاران گاور و جولەكە لەشاری بەغدا بەهۆی ئامۆژگاری ئەوە ئیسلام بوون، هەركات دەستی بكردبا بە ئامۆژگاری زیاتر لە (حەفتا هەزار) كەس ئامەدەی ئامۆژگاریەكان دەبون،وە سەدان قوتابی و خەلیفەی رەوانەی ناوچ جیا جیا كانی دونیا كرد بەمەبەستی بلاوكردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەروەك مامۆستای (نەدەوی) دەلێت: بەهۆی خەلیفەكانی شێخی گەیلانیەوە بوو كە ولاتانی وەكو (ئەندەنوسیاو نیوە دورگەكانی ئۆقیانوسی هیندی و صین و ولاتانی ئەفریقا) ئیسلامیان تێدا بلاو بویەوە.

وەئەوەش بزانە مەدرەسەی(تەریقەتی قادری) تاكو ئێستا هەمیشە لەسەر رێبازە پیرۆزەكەی لە زۆربەی دەولەتەكان بەردەوامە لە ئامۆژگاری و بلاوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە لە هەموو لایەكەوە لە جیهان خەلك روی تێدەكات بەمەبەستی تۆبەو گەرانەوە بۆلای(خودا).

## جیهادی ئەهلی ( تەصەوف )

## بۆ بلاۆنەوەی دینی ئیسلام

ئاشكرایە ئەوكەسەی گەیشتە ئەلقەی (تەریقەت)و (تەصەوف)پشت لە ژیانی دونیا دەكاتو رودەكاتە(خودا)، دونیا لای هیچ بایەخەكی نامێنێ، بەچاوی تاقیكردنەوە سیری دەكات لەلایەن (خودا)ی گەورە، بۆیە سۆفیەكان هەمیشە لە ئامۆژگاری و جیهاد لەرێی (خودا) تێرنەبوون.

یەكێك لە شێوازانەی كە زانایانی ئەهلی (تەصەوف) بە مەبەستی بەگژداچونەوەی كۆمەلە بێدینەكانی سەردەمە جیاكان پێ هەلساون بریتی بوو لە بەگژداچونەوەی فەیلەسوفە بێدینەكان، ئەمش خۆی جۆرێكە لە جیهاد، سەردەمێك فەیلەسوفەكان بەیداغی بێباوەرپیان هەلكردبوو سەبارەت بەزۆر لەو مەسەلەیەی كە پەیوەندیان بە (خودا)ی گەورەو سیفاتەكانیەوە هەبوو، یەكەم كەس كە هەستا بەنوسین لە دژی بیروباوەرپیان (حجه الاسلام) ئیمامی غزالی بوو (ر.خ) پاشان چەند كتێبێكی لەسەردانان، كاری گەری ئەم كتێبانە لەسەر فیلەسوفەكان كاردنەوەیەكی وای هەبوو كەدەلێن(خۆزكە غەزالی سەد كەسی لە ئێمە بكوشتبا بەو مەرجەی كتێبی (تهافت الفلاسفه)ی نەنوسی بایە).

ئاشكرایە لە جیهادی تیرو شیر (تصوف) رۆلێكی گرنگی هەبوە لەسەر خستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا كە هەرسێ (تەریقەتی شازلی و قادری و نقشبەندی) رۆلێكی بەرچاویان بینی.

یەكەم:- سەبارەت بە (تەریقەتی شازلی)، مامۆستا (صبری عابدین) لە گۆڤاری (لواء الاسلام)دا دەربارەی جیهادی ئەهلی تەصەوف دەفەرموێ: لە میصر كاتێك خاچ پەرستەكان بەرەو شاری دمیات ملیان دەنا ئەوانەی بەگژ ئەو سوپایەدا چونەوە ئەهلی تصوف بوون لە (تەریقەتی شازلی) وەك (أبی الحسن ی شازلی)و (عزدین عبدالسلام)(ر.خ) هەروەها موریدانی زانای خوناس (سید أحمدی بدوی(ر.خ)بەردەوام لەگەل كافروموشریكان جەنگاون وە (دائره المعارف الاسلامیه)دا هاتووە كە یەكێك لە كەرامەتی (سید أحمد) باس دەكات كە بریتی بووە لەوەی كە بەرۆح هەستاوە بەرزگاركردنی ئەو دیلە موسلمانانەی كە لە بەندیخانەی خاچ پەرستەكاندا بەند كرابوون پاش ئەوەی (توسل)ی پێدەكەن، ئەو روداوە لەسالی ١٢٦٥ رویداوە بەو هۆیەوە مەلیكی مصر قاضي (سید أحمد)زیارەت دەكات، ئەوەندی تر دادپەروەری و پابەندی زیاد دەكات و دانیشگا (ئەزهەری شەریش) پێك دێنێتەوە، لەسەر بیروباوەرپی (ئەهلی سوننەت و جماعەت).

دووەم: تەریقەتی (قادری): دوای ئەوەی (صەلاحەدین ئەیوبی) هەستا بە جیهاد كردن لەگەل خاچ پەرستەكانن لەناو سوپای صەلاحەدین بە هەزاران دەروێش و مورید و خەلیف هەبوون لەتەریقەتی (قادری)، هەروها لە بارەی جیهادی بە شمشێری ئەهلی (تصوف)ەوە دەبینین ئەولادەكانی پێشەوای (خوا) ناس (شێخ عبدالقادری گیلانی) (قدس الله سره) بەتایبەت (سید عبدالعزیزی گەیلانی) لەسەردەمی خۆیدا واتە:لە كۆتای سەدەی شەشەمی كۆچیدا جیهادیان لەگەلّ جاچ پەرستە گاورەكان كردووەبە پێشەوایەتی سید عبدالعزیزی گیلانی شاری (غەزە) لەژێردەستی سەلیبیەكان پاكدەكرێتەوە.

سێیەم:- (تەریقەتی نەقشبەندی): پێشەوای پایە بەرز (شێخ غازی محمدی نەقشبەندی) كە یەكێك بووە لە پیرانی رێبازی نەقشبندی لەسالّی (ك١٢٢٨-١٨١٣ز) ئەم زاتە بەرزە لەگەل موریدانی هەستا بەرابەرایەتی شۆرەشی ئیسلامی لە (داغستان) بەمەبەستی بەرگری كردن لە دین و خاكی ئەو ولاّتە لە دژی هێرشە بەردەوامەكانی سوپای روسیا هەتا سالّی (١٢٤٨ك-١٨٣٢ز)كە لەو سالّەدا روسەكان شەهیدان كرد (ر.خ) وەپاش خۆی موریدانی كۆلیان نەدا لە بەرگری كردن بەلّكو (شێخ شاملی نەقشبەندی) ماوەی (٣٥) سال جەنگا لە دژی سوپای رووس سەركەوتنێكی زۆری بەدەست هێنا تا لە سالّی (١٢٧٦ك- ١٨٥٩ز)روسەكان بەسوپایەكی گەورە توانیان داغستان داگیربكەن.(شێخ شاملی داغستانی پاشان شیشانی) لەگەلّ (شێخ مەلا فەوزی نەقشبەندی)لەو خەلیفانە بوون كە زانای خواناس (شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی) كاتی خۆی بلاوی كردبونەوە لە ولاّتەكانی (قازان و تەتار...هەتا وولاتی سیبریا) بەمەبستی بانگكردنی خەلّكی بۆ سەر دینی ئیسلام و جیهاد كردن لە گەل كافرو بێباوەرەكان، پێویستە ئەوە بزانین كە تەریقەتی نەقشبەندی لەزۆربەی شۆرەش و جیهادە ئیسلامیەكان بەشداری كردوە.



# ئەو مەردەی، چێژی دینی پێ چەشتین

**مودریك عەلی عارف**

لەم ژیانو دونیایەدا زۆر کەمن ئەو کەسایەتی و مەردانەی کە بوونەتە چرای ڕوناکی ناو تاریکایی کەندەلانو تونێلەکانی ژیانو مێژوو، لە مێژووی دێرینو نوێی مرۆڤایەتیماندا ئێجگار دەگمەنن ئەو ڕەمزو پێشەنگانەی کە بەشێك لە لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتییان جوان کردووەوبە گوفتار و کردارە چاكو پاكو جوانەکانیان ڕازاندوویانەتەوە، زۆر کەم دەبینرێن ئەو سەرکردە و پێشەوایانەی کە لاپەڕەکانی ژیانیان پڕ و لێوانلێو بن لە وشەو دێڕو داستان و هەڵوێستی مەردانەودلێرانە، گەلێك دانسقەن ئەو مەردانەی کە بە خەبات و خزمەتو ئاکار و هەڵوێستە جوان و ناوازەکانیان، ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتییان گۆڕیوە و بەشێك لە کاروانی مرۆڤایەتییان لە هەڵدێرو زۆنگاوەکانی گومڕاییونەزانی و سەراب وتراویلکەکانی نەفامیو ئارەزووەکان پاراستووە، بە کردارو گوفتارو هەڵوێستەکانیشیان ئاسۆکانی ژیانی سەربەرزانەو بەختەوەرانەیان نیشانداون، زۆر کەمینەن ئەو سەرکردەو پێشەواو پێشەنگانەی کە بوونەتە هەوێنی مەیینی ژیان و مێژووی گیرسانی خەباتی خەباتکاران، کە بە ئەنجامدانی خەباتو خزمەتەکانیان منەت ناکەن بەسەر گەلوشوێنکەوتووەکانیانداو خەبات و خزمەت و کارەکانی ڕابردووی خۆیان ـ بە زیادەوە ـ پێ نافرۆشنەوە.

لە نێوان ئەو پێشەنگو سەرکردەو کەسایەتییە کەم و دەگمەن و دانسقانەی مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی و مێژووی بڕواداران و پەیامداران و بانگخوازانیشدا بە تایبەتی، بەو پەڕی بڕواو متمانەوە دەتوانین بڵێین کە: مامۆستا (سەعیدی نەورەسی) یەکێکە لە دیارترینو گەورەترینو دەگمەنترینو دانسقەترینی ئەو سەرکردەو پێشەوا مەردو دلێرو کەسێتییانەی کە ڕووخساری بەشێکی زۆر لە ڕۆژو لاپەڕەکانی مێژووی گۆڕی، مێژووی خەبات لە پێناو گەلو نیشتیماندا، مێژووی خەباتی دەعوە و پەیامداری و ئیسلامخوازی و قوربانیدان لە پێناو بیر و باوەڕەکەیدا، قوربانیدان بە ماڵ و سامان و خزم و کەسو گیانو ژیان و خۆشگوزەرانی.

ئەو مەردە نەبەردە ـ بە درێژایی ژیانی ـ هەڵوێستی زۆر مەردانەی نواند و چرای ڕووناککردنەوەی ژیانی تاریکی ناو تونێلەکانی خەڵکی هەڵکرد، ئەو پێشەوا ڕاستەقینەیە (بە چرای ڕوناکی پەیامداری و بانگخوازی و ئیسلامخوازی) بە ئیلهام وەرگرتن لە ئایەتەکانی قورئانو فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەری خۆشەویست ـ درودی خوای لێبێت ـ سەرلێشێواوەکانی سەر تولەڕێگەکانی خستەوە سەر ڕاستە شەقامی هیدایەتو خواپەرستیو خواناسی ڕاستەقینە، هەروەها فێری وانەکانی کۆڵنەدان و نەتەوەدۆستی و خواویستی و نیشتیمان پەروەری و بۆخوا ژیانی کردن.

بەدیعوززەمان مامۆستا سەعیدی نەورەسی، بە ژیانی پڕ بەرەکەتی بانگخوازانە و پەیامدارانەی خۆی، ڕۆحی دین و دینداری بە کردەیی باسکردو جێبەجێی کرد، ئەو سەرکردە خواناس و پێشەوا کۆڵنەدەرو هیممەت بەرزە، بە وتە و بریسکەو نووسینو پەیامە نورینە پڕ چێژەکانیشی، لەزەتو چێژی دینی پێ چەشتینو تامەزرۆی دینداریو خواناسیو دڵسۆزیو بۆخواصولحانی کردین.

مامۆستا نەورەسی، پیاوێکە کە خەمی ژین و دین و دونیا و قیامەتی خەڵکی و گەلە بەشمەینەتی و ستەملێکراوەکەی، خەوو خۆراسی لە چاوی تۆراندو لەو پێناوەشدا (ئارامگرانە و کۆڵنەدەرانە) ئەشکەنجەو ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری زۆری چەشت و مەینەتی زۆری قبوڵکرد.

نەورەسی بەدیعول ززەمان، باوەڕدارانەو موخلیصانە و دڵسۆزانە گەورەترین و زۆرترین قوربانی بەخشی لە پێناوی خزمەت بە دینو ژینی گەلەکەیدا، هیچ کاتێکیش سەرکزیو چاو شۆڕیو زەلیلی بەردەم ستەمکارانی قبوڵ نەکردو بەردەوام وشەی حەقو ڕاستی لە بەردەم پێشەواو دەسەڵاتدارە ستەمکارەکاندا دەوتەوە، بەرامبەر ستەمو ناعەدالەتی ستەمکارانو دەسەڵاتدارانیش بوێرانە و ڕاوەستاوانە و پایەدارانە دەوەستایەوە.

مامۆستا نەورەسی، لە لاپەڕە درەوشاوە و نورینەکانی (ڕەسائیلی نور)دا، گەلێك ڕیسالە و پەیامی گەورە و گرنگ و جوانی فێرکردین، وتەی جوانو بریسکەی ئیمانی بەخشییە چاو و دڵمان، دەرونمانی ڕوناك کردەوە، تینوویەتی دڵمانی شکاند، برسییەتی ڕۆحمانی کەم کردەوە، وەشت و نمەی خۆشەویستیو عیشقی خواناسی باراندە سەر مەزرای دڵی وشکهەڵاتوومان، تامەزرۆی بەندایەتیو ملکەچیو خواپەرستی زیاتری کردین، بڕستی کۆڵنەدانو نەفەس درێژیو بەردەوامی خەباتی بانگخوازانەو نیشتمانپەروەرانەو نەتەوەدۆستانەی پێ خەڵات کردین.

دواجارو لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە: مامۆستا نەورەسی، لە ڕێی ژیانو نووسینو هەڵوێستە جوانو گەورەو گرنگەکانییەوە، هەروەها لە ڕێی نوری دینداریو خواناسی و خوادۆستییەکەیەوە، لە ڕێی نووسین و پەیامەکانیوخزمەتە کەم وێنەکەیەوە، هەروەها بە ئاوارەیی و زیندانی بوونو ئەشکەنجەکانی،



تەمەنی جاویدانیو نەمری لە دونیادا بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، پشت بە خوا لە دوارۆژیشدا یەکێکە لەسەر قافڵەی خەباتکارانو موجاهیدانو تێکۆشەرانی خواناسیو پێشەنگی کاروانیانی بەهەشت دەبێت، لەوەش زیاتر (ان شاءالله) شەرەفی خەڵات و مەدالیا و تاجی زێڕینی (شەهیدیو پیاوچاکیو ڕاستگۆیی) پێدەبەخشریو دەبێتە دراوسێی زۆر نزیکی پێغەمبەران ـ سەلامی خوایان لێبێت ـ و نوێنەر و وەفدی گەلی کوردی موسڵمانی ستەملێکراوو ماف زەوتکراو، لەویو لە ساحەی مەحشەرو لەبەردەم عەرشو لە خزمەتی پەروەردگاردا ـ وەك نوێنەرێکی دڵسۆزو ڕاستگۆو ئەمین ـ شەکواو سکاڵای موسڵمانان بە گشتیو گەلەکەی بە تایبەتی دەگەیەنێتە لای پەروەردگاری دادپەروەرو مافسێنی ستەملێکراوان، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاهو نزولەی جەرگ سوتاوانو خەمی گەورەی خەمدارانو بێ نازی هەژاران و دەردی دەردەدارو بێ نەوایان باسدەکات.

ئەو سەرکردەو پێشەوا گەورەو دەگمەنو دانسقیە، پێویستە هەموو لایەکمان بیکەینە قدوەو پێشەنگی خۆمان و پەندو وانەی لێوە فێرببین، بە تایبەت بانگخوازانو مۆژیاریکاران و زانایانی ئایینی، چونکە وەك ئاشکرایە کە ئەو زاتە مەزنە هەموو ئەو کارانەی بە بەرگو پۆشاکی زاناییەوە ئەنجام داوەو سومعەو ناوبانگی مێزەرەکەی بە سپییەتیو بوێری هێشتەوەو ڕووسورانە گەڕایەوە بارەگای خوای میهرەبان.

خوای گەورە بیخاتە بەر ڕەحمەتی فراوانی خۆییو مەقامە زۆر بەرزو بڵندەکانی بەهەشتی پێ ببەخشێو لەو دونیا هەتاهەتاییەدا ئاسودەی بکاتو ماندووون و زەحمەتو ڕەنجو ئازارەکانی ئەم دونیایەی لەبیر بباتەوە.

# سەرنجێك لەسەر خۆزیاکەی مامۆستا محمد ئیسماعیل

## م. عەبدولحەمید بێلولەیی

دروستبوونی لیژنەی فەتوا لەساڵی (١٩٧٠) لەلایەن سەرکردەی گەلی کورد پێشەوا بارزانیەوە بۆ ئەوە بوو، کە لەوڵاتەکەمانا هەرجومەرجی فەتوادان لەلایەن هەموو کەسێکی بەناو مەلاوە دەرنەچی بۆ ئەوەبوو، کە زانایانی ئایینی خاوەنی دەسەڵاتی تایبەتمەندی خۆیان بن.

لەماوەی تەمەنی فەتوای زانایانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول گەلێ فەتوای بەنرخو بەکەڵکیان دەرکرد، کە لەقازانجی گەلەکەمان بوون تەنها فەتوای سەر کاغەز نەبوو بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتی شۆڕشەوە جێ بەجێ ئەکرا.

لەوانە حەرام کردنی نانی پرسەو حەرامکردنی نانی ئەو حاجیانەی، کە لەماڵی خوا ئەهاتنەوە خەڵکی بەلێشاو ئەڕۆیشتن بۆلای‌و نانیشیان ئەخوارد، وە فەرماندان بە ناوچەکانی یەکێتی زانایان بە هەڵسان بە کۆکردنەوەی زەکات‌و عەمارکردنی وە لەپاشاندا داباشکردنی بەسەر هەژارەکانی ناوچەکەدا.

وە سزادان‌و جەریمەکردنی ئەو کەسانەی، کە بێ ڕێزیان بەرامبەر بە زانایانی ئاینی دەکرد، وە دیاریکردنی کەسێکی شارەزاو شیاو لەلایەن ناوچەوە لە ئەندامەکانی بۆ گەڕان‌و سەردانی کردنی ئەو دێهاتانەی، کە سەر بە ناوچەکەیان بوون بۆئەوەی لە نزیکەوە گوێبیستی داواو مەشاکیلی ئەو گوندە بن.

وە لەبواری کۆمەڵایەتیدا هەرچی بوایە بۆیان ڕێك دەخستن وە هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئاشت کردنەوەی خەڵقی ئەو گوندە، وە لەماوەی تەمەنی یەکێتی زانایان هەتا پیلانە شومەکەی جەزائیر هەر فەتوایەك چ لە لیژنەی باڵاوە یان لیژنەی فەتوای ناوچەکانەوە دەربچوایە کەسێك نەبوو لە زانایان بەرپەچی بداتەوە، یان ئەندامێکی لیژنەی فەتوا بەڵێی بۆ نەکردبوایە من ئەمە لەخۆمەوە ناڵێم ئەوانەی لە زانایانی ئەو سەردەمە ماون تەمەن درێژبن وە خۆیشم، کە ئەندامێکی لیژنەی فەتوای ناوچەیەك بووم شایەتی ڕاستی ئەمەین.

کە من وتوومە لێرە بەولاوە دەچمە سەر خۆزیاکەی مامۆستا محمد منیش خۆزیام لەسەر خۆزیای ئەو برا بەڕێزەمە، دروستبوونی فیکرەی سیاسی وە چوونە پاڵ حیزبە سیاسیەکانی ولاتەکەمان وای کردووە زۆرێك لە زانایان گوێ بۆ لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایان نەگرن وە ئەو ئەندامەی لیژنەی فەتوا، کەوا لەناو لیژنەی فەتوا باوەڕی بەو فەتوایە نیە ئەمیش هەر ئەگەڕێتەوە بۆلایەنەکەی خۆی، کە باوەڕی پێی هەیە.

زۆرێك لەم زانا سیاسیە ئیسلامیانە لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایان بە پیاوانی دەسەڵات ناو ئەبەن، دەبا ئەو زانایە کە خۆی ئەندامی لیژنەی فەتوایەو باوەڕی بە فەتوای لیژنەی باڵا یان لیژنە فەرعیەکان نیە لە ژێر عەباوە با قسە نەکا.

گەر بەڵگەی بەهێزی پێیە بۆ بەرپەچ دانەوەی هەر فەتوایەك، کە لەیەکێتی زانایانەوە دەر ئەچێ، با بنوسێ با ئامادەبێ بەرامبەر ئەوانەی، کە لە لیژنەی فەتوای زانایان ئەو فەتوایەیان داوە بیسەلمێنێ، کە فەتواکەیان ناڕاستە هەتا توشی پاداشتی لای خوا ببێ وە لیژنەکەش بەخۆیاندا بچنەوەو فەتوای ڕاست‌و دروست بدەن. مامۆستا محمد نوسیویەتی، کە دەرگای ئیجتهاد والآیە لەگەڵ فەتوادان بەلأم نەی نوسیوە ئەوانە کێن وە مەرجی ئیجتهادو فەتوادان کامانەن کە ئیجتهادو فەتوا ئەدەن، تەنها فەرموودەکەی موعازی کوڕی جەبەلی کردوەتە بەڵگە، کە هەموو کەسێك شیاوە بۆ ئیجتهادو فەتوادان.

ئەی ئەگەر کەسێکی وەکو پێغەمبەری خوا لە سەردەمی موعازی کوڕی جەبەلدا بووە هەر کەسێك لە ڕێگای ڕاست لای دابێ وە یان فەتوایەکی ناڕاستی دابێ دەست بەجێ ئاگاداری کردوەتەوە ئەی ئێستا کێ هەیە لە هەڵەکانمان ئاگادار بکاتەوە. کە بە دەیان مێزەر بەسەری ئێستا هەیە، کە شەهادەکەیان لە بوارێکدایە کە زۆر دوورە لە بواری شەرع زانیداو کەچی موفتیەو فەتوا ئەدا لەسەر مینەرەکەی فەتوای حەڵاڵ‌و حەرام ئەداو خەڵك کافرو موشریك ئەکا.

کەسیش نیە بڵێ ژێری چاوت کلی پێوەیە چونکی لە پشتی حزبێکەوە ئەو قسانە ئەکا، مامۆستا محمد هەڵمان ئەینێ کە بۆ فەتوادان ڕوو بکەینە (مجمع الفقه الإسلامي) لە سعودیە وە یا (دار الإفتاء) ی میصری، منیش ئەڵێم زۆر باشە بەلأم (مجمع الفقه الإسلامی) یەکەی سعودیە بۆ ئێمە، کە پەیڕەو لە مەزهەبی شافیعی ئەکەین وە شوێن کەوتەی فەتوا پیرۆزەکانی ئەوین ناگونجێ.

چونکە مجمع پەیڕەو لەمەزهەبێکی دیاری کراو ناکەن، ئایا لەکاتێکدا کە ئێمە مەزهەبێکی دیاریکراومان هەیە لە مەزهەبەکەی خۆمان لابدەین وە بۆ هەر ئاسان کاریەك بەبێ زەروری بە فەتوای کەسێك فەتوا بدەین تەڵفیق ڕونادا.

مامۆستا ئاماژە بەوە ئەکا،کە لیژنەی فەتوای کوردستان بێ هێزە وە هەندێ جار لەلایەن کەسانێکەوە بەرپەچ ئەدرێنەوە، منیش ئەڵێم بەڵێ وایە بەلأم ئەو کەسانە کێن کەوا بەرپەچی فەتوای یەکێتی زانایان ئەدەنەوە.

ئەوانە کەسانێکن کە وا بەستەن بەو زانایانەوە، کە هاو فیکرەی ئەوانن وە ئەوان شوێن کەوتەیانن باوەڕیان بەوان هەیەو بە ئەهلی فەتوایان ئەزانن نەك شوێن کەوتەی پێشەوا شافیعی وە یان وایان فێرکردوون، کە دژایەتی فەتوای یەکێتی زانایان بکەن.

بۆ نمونە لە دیاریکردنی سەرفیترەی هەموو ساڵێك لیژنەی فەتوای گەرمیان لە مانگی ڕەمەزان بە دانیشتنێك بڕیاری سەرفیترەو زەکات دەرئەکەن وە لە دیاریکردنەکەدا گەلێ بەدیقەتەوە ڕەچاوی ژیانی هەژارەکان ئەکەن وە لە فەتواکەدا لایەنی قازانجی هەژارەکان دیاری ئەکەن.

کەچی کەسانێك پەیابوون لە دانیشتنەکەیانا لەسەر مینبەرەکان هاوار ئەکەن، کە فەتوای لیژنەی زانایانی گەرمیان هەڵەیە، چونکی دروستنیە لەجیاتی سەرفیترە پارە بدرێ ئەبێ قووت بدرێ، کە ئێستا برنجە.

ئەم بەڕێزە لەخۆیا لایەنگری هەژارە ئەگەر پرسیار لەخۆی بکەی ئایا ئەو برنجە، کە ئەیدەن بە سەرفیترەکە برنجی بەیاحە خۆی ئەیخوا؟ خەڵق ئەیخوا؟ ئەو هەژارە ئەو برنجە چی لێ بکا؟

لەوانەیە ئاژاوەیەك لەناو خێزانەکەشیا دروست بکا، چونکی قایل نابن بە خواردنی ئەو برنجە. ئەمانە لە زۆر شتا باوەڕیان بە مەزهەبی شافیعی نیە نازانم لێرەدا چۆن گەڕاونەتەوە بۆ فەتوای شافیعی، تەنها بۆ یەك شتی ئەویش دژایەتی کردنی لیژنەی فەتوای گەرمیان نەك پەیڕەوی کردن لە فەتوای پێشەوا شافیعی.

نمونەیەکی تر: لیژنەی فەتوای گەرمیان لەبارەی کەوتنی تەلأقەوە پەیڕەو لەو فەتوایە ئەکا بە یەك دەفعە وتنی سێ تەلاقەو سێ تەلاقی پێ ئەکەوێ، ئەوانەی لای فەتوای گەرمیان حوکمی کەوتنی سێ تەلأقیان پێ ئەدرێ، کە چوونە دەرەوە ڕوو ئەکەنە لای ئەوانەی کە لایان وایە ئەم تەلأقە یەك دانەیە وە بە ڕەجعی ئەژمێرێ بۆیان بە قەولی خۆیان چاکی ئەکەنەوە.

وە کەسانی وایان هەیە یەك تەلأقیشی پێ ناخەن تەلأقەکەیان بە سوێن ئەژمێرن پێیان ئەڵێن کەفارەت بدەو ئیتر تەلأقت ناکەوێ وایان کردووە، کە خەڵق لە تەلأقدانی ژنەکانیان بەردەوام بن وە ئەیکەنە پیشەی ڕۆژانەیان، تەلأقدان لای خوا گەورەترین تاوانە وە عەرشی خوای ئەهەژێنێ.

شێخی سوبکی لە شەرحی (مغنی المحتاج) لاپەڕە (٣١١) لەسەر لاپەڕە (٣١٢) دا ئەفەرمووێ: (وابتدع بعض الناس في زماننا فقال ان كان التعليق على وجه اليمين لا يقع به الطلاق و تجب به كفارة اليمين و هذه بدعة في الإسلام لم يقلها أحد منذ بعث النبي(ص) إلى زمننا هذا ).

ئەمانە کە فێری ڕەخنە گرتن بوون وە دژایەتی فەتوای زانایانی کوردستان ئەکەن وەك واجبی سەر شانی خۆیان ئەزانن، کە ئەبێ دژایەتی بکەن، مامۆستا محمد ئەفەرمووێ فەتوای کوردستان بێ هێزی پێوە دیارە بۆ بڕیار بە (مجمع الفقه الإسلامي) نادەن ئەگەر لیژنەی فەتوا بە بڕیاری ئەوان، کە پابەند نین بە مەزهەبەوە فەتوا بدا ئەمجا ئەزانن، کە ئەم دژانە چۆن ئەیکەنە هەڵا.

کە فەتوای کوردستان پێچەوانەی خەڵقی کوردستان فەتوا ئەدەن خەڵقەکەی پابەندن بە مەزهەبی شافعیەوە کەچی موفتیەکان پێچەوانەی خەڵقی ولأتەکەیان فەتوا ئەدەن، مامۆستا ئاماژە بەوە ئەکا کاتی وا هەیە ئەندامانی فەتوا یەك دەنگ نین لەسەر دەرکردنی فەتوایەك ئەمە جێگەی داخە.

منیش ئەڵێم جێگەی داخە هەر زانایەك خۆی خزاندوەتە ناو لیژنەی فەتوای کوردستانەوە وە باوەڕی بە فەتوای ئەوان نیە، بۆ ڕازیە لەگەڵ کەسانێك بێ کە فەتوای ناشەرعی ئەدەن چی وای لێ دەکات لەگەڵ ئەو کەسانەدا بێت. دەبا قەڵەم‌و کاغەزەکەی هەڵگری‌و بە بەڵگەی ڕاستەوە ڕووبەڕووی ئەو فەتوا ناشەرعیە وەکو خۆی ئەڵێ ببێتەوە، ئەگینا بوهتان کردن‌و ناو زڕاندن لە ڕوو زەردی دونیاو قیامەت زیاتر هیچی تری بەشێنەوە نیە.

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە ئەوانەی دژایەتی زانایان‌و پیاو چاکان‌و ولأتەکەی خۆیان ئەکەن خوا بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست‌و ببنە کەسێکی بەسوود بۆ ئیسلام‌و گەل‌و ولأتەکەیان.


خۆزیا ئێمەی کوردیش لیژنە فەتوایەکی بەهێزو یەك دەنگمان هەبوایە

# ئیجازەی مەلایەتی
# لە بەرزترین ئاستیەوە بۆ نزمترین ئاستی

محمد مەلا ئیسماعیل ئێنەیی

ئەگـەر لاپـەڕەکانی مێـژووی ((ئیجـازەی عیلمـــی)) بڕوانامـــەی زانـــستی، ئیجـــازەی مەلایەتی هەڵبدەینەوە، دەچینە ناو جیهانێکی ڕونـاكو درەوشـاوە بـەعیلمو زانـستە جـۆراو جۆرەکـان، خوێندنـەوەی مێـژووی بڕوانامـەی مەلایــەتی دەمــانفڕێنیو دەمــانگێڕێ بــەناو حـوجرەو قوتابخانـەکانی چـەرخانی ڕابـردوو، شادمانمان دەکاتو ئاشنامان دەکات بەکۆڕی دەیــانو ســەدان زانــای نــاوداری وا کــە هەریەکــەیان ئەســتێرەیەکی پڕشــەنگداری چەرخی خۆیان بوونە، گەر بـەدوای زنجـیرەی ئیجـازەی مەلایەتیـدا بـچین چـەندەها زانـا و فەیلەســوف دەبیــنین، لـــە زانـــستەکانی ((مــەنقولو مــەعقول))، کــەخاوەنی دەیــان دانراوو کیتـابی نایـابو بـە هـادار بوونـە، کـە ئێستا دانراوەکانیان بوونە سەرچاوە بۆ سەدان کیتـاب و بـاس و لێکۆڵینـەوە، لـە چـەندەها زانـستی جۆراوجـۆر، زنجـیرەی ((بڕوانامـەی مەلایەتی)) چەندەها کەسایەتی وامان نیـشان دەدا کە هەریەکەیان قـوتبی چـەرخی خۆیـان بوونە، چ لە شەریعەت و چ لە تەریقەت و چ لە زانستەکان لە ((مەولانا خالیدی نەقشبەندی))و ئیبن ئادەمی باڵەکی)) تا دەگاتە پێشەوایانی موجتەهیــدین و پێــشەوایانی ((تـــابیعین)) شـوێنکەوتوان و یـارانی پێغەمبـەر(د.خ) کـە هەریەك لە زنجیرەی ئەم ((بڕوانامە زانستیە)) لـە ئیجـازە دەرو ئیجـازە وەرگـر، بەوپـەڕی ڕاسـتی و ئەمانەتـەوە ((بڕوانامـەی زانستی)) یـان پـێ بەخـشراوە، دیـسان ئـەوانیش بـە ئەمانەتـــەوە، ((بڕوانامـــەی زانـــستی)) یـــان بەخـشیوە بـە قوتابیـەکانیان، دیـارە یـارانی پێغەمبەریش بڕوانامـەیان لـە پێغەمبـەر(د.خ) وەرگرتـوە، پێغەمبـەریش پـەیامی لـە خـوای گەورە وەرگرتووە بەهۆی جبریلەوە.

لـەم ڕوانگـەوە بۆمـان دەردەکـەوت کـە ((بڕوانامـــەی مەلایـــەتی)) چـــەندە بـــەرزو سەنگین و بەهادارە و لـەچ ئاستێکیدایە، کـە بێ گومان هیچ بڕوانامەیەك لە جیهاندا ناگاتـە ئاســـتی ئـــەم بڕوانامەیـــە، لەڕاســـتیدا ئـــەم ((بڕوانامەیەی مەلایەتی)) تاچـەند ساڵێکێش پـــێش ئێـــستا تاڕادەیـــەێك ئـــەم بـــەرزی و سەنگینەی هەرمابوو، چونکە مەلای ((مجیز)) ئیجازە دەر زۆر کەم بوو،لە دەڤەرێك یا چەند دەڤـەرێك، تـەنها مەلایـەێکی ئیجـازەدەر، یـا چـەند مەلایـەێکی دیـاری کـراو هـەبوون، کـە ئیجـــازەی مەلایـــەتیان دەبەخـــشیە ئـــەو قوتابیانـــەی کـــە شـــایەنی ((بڕوانامـــەی مەلایەتی)) بـوون، دیـارە ئـەم مالایانـەش بـە ئاسانی ئـەم بڕوانامـەیان نەدەدا،چـونکە ئـەم مــەلا ئیجازەدەرانــە، ئــەم بڕوانامــەیان بــە ئەمانەتێکی زانستی و ئاینی دادەنا، وە زۆر بە ڕێزەوە تەماشـایان دەکرد،چـونکە دەیـانزانی سـەرەتای زنجـیرەی ئـەم بڕوانامەیـە لـەلای پێغەمبەری خۆشەویستمانەوەیە، کۆتایەکەشی لەلای ئەوان وەستاوە، بۆیە ئەو فـەقێ یانـەی کـە ئـەم بڕوانامـەیان پـێ دەبەخـشرا، دەبـوو خاوەنی ئەم مەرجانە بوونایە:–

١– دەبــوو ئــەو فــەقێ یــە زانـــستە ئیسلامیەکانی خوێندبان، کە مەشـوربوون بـە دوازدە عیلمی مەلایەتی، ئەم وتەیە کە لەسەر زمـانی کـوردەواری خۆمـان بڵاوبۆتـەوە کـە دەڵـێ ((مـەلای دوازدە عـیلم)) هـەر لەمـەش سەرچاوەی گرتووە.

٢– دەبوو وانە زانـستیەکانی دوا قۆنـاغی فەقێ یایەتی ماوەی ساڵێك یا دوو ساڵ لەلای ئەو مەلایە ئیجازە دەرە خوێندبا.

٣– دەبوو فەقێیەکـە لـە پـاڵ عیلمەکـەی خاوەن ئایین و تـەقوا بوایـە، ئـەمین و پـاك و ڕەوشت بەرزبوایە.

٤– دەبـو فەقێیەکـە بـەلێنی دابـا کـە بەردەوام بـێ لەسـەر دەرس وتنـەوەی فـەقێ یان و ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلامی بەدڵـسۆزی و ئەمانەتەوە.

بەڵام بەداخەوە لەم چەرخەی ئێمەدا ئـەم بڕوانامە بەرزو بەهێزو سەنگینە کەوتۆتە خلۆر بوونەوە، لە بەرزی بۆ نزمی ،لە بەهێزی بۆ بێ هێزی و لاوازی،لە بەهاداری بۆ بێ بەهایی، تـا کار گەیشتۆتە ئەو ئەنـدازەی کـە سـاڵانە ئـەم ((بڕوانامەیە)) دەبەخشرێتە سەدان کەسـی وا تەنانەت نـازانێ زانـستە ئیـسلامیەکان چـین و باس لە چی دەکەن، تەنانەت گەر خەڵاتیـشی بکەی توانای ئـەوەی نییـە کـە سـێ دێـڕ لـەو بڕوانامەیەی کەوەری گرتووە بـێ هەڵـە و بـێ پەڵە بخوێنیتەوە، ئەم بڕوانامەیە دەبەخشرێتە هەندێ کەس لە ژیانیان جلوبەرگی مەلایەتیان نەپۆشـــیوە وە ئامـــادەش نینـــە مێـــزەری مەلایەتی لەسەر بنێن، هەروەك ئامادەش نینە لە میحراب پێش نوێژی بۆ موسڵمانان بکەن و لەگەڵ ئێش و ئازاری کۆمەڵگەی خۆیان بژین، لەشینو شاییدا لەگـەڵیان بـن، کەچـی ئەمانـە زۆر بەئاسانی بە ماوەی سەعاتێك ئیجازەکەی دەدرێتێ لەلایەن مەلایـەك، وە لـە ئـەوقافیش بەشـداری پـێ دەکرێـت لـە تـاقی کردنـەوەی ((تعدیل الشهادة)) بڕوانامەی یەکسانیکراو بێ عـــیلم و بـــێ مانـــدوبون لـــە تاقیکردنـــەوە دەردەچێ، یادەری دەچوێنن.

بەم جۆرە ئەم بڕوانامە بەرز و بە هـادارە دەبەخشرێتە هەندێ کەسی بێ عیلم،بەماوەی



سـەعاتێك بـازاڕی خـۆی پـێ گـەرم دەکـات و موچەی پێ زیاد دەکرێت و دەرگای خێری لێ دەکرێتەوە و لە پـەیمانگاکان و پاشـانیش لـە زانکۆکـــان زۆر بـــە ڕێـــزەوە وەردەگیرێـــن، لـــەلاییێکی تـــرەوە هەنـــدێ کـــەس ئـــەم ((بڕوانامــەی زانــستی)) یــان بــەمافی خۆیــان وەرگرتووە، وە بەعیلم و زانیاری و ماندوبونی خۆی ئەم بڕوانامـەی پـێ بەخـشراوە، کەچـی ئەم جۆرە بڕوانامەیە هیچ بەهاییێکی نیە نە لە ڕووی مادديـەوە، نـە لـەڕووی مەعنەویـەوە، تەنانەت بەهای شەشی سەرەتایشی نیە.

بۆیە دەڵێم جێی خۆیەتی کـە ئیجازەدەر و ئیجـازە وەرگـری ڕاسـتەقینە، بـۆ حـاڵی ((بڕوانامـەی مەلایـەتی)) بگـرین ئەمـە حـاڵی بڕوانامـــەی مەلایەتیـــە لـــەم چـــەرخەدا! بـــێ گومـان وشـەی ((مـەلا)ش لـەم چـەرخەدا لـە حـاڵی بڕوانامـەی مەلایـەتی باشـترنیە جـاران وشەی ((مەلا)) لەناو کۆمەلگەی کوردەواریـدا زۆر ڕێز دارو پیرۆز بوو،زانـاو فەیلەسـوفەکانی کوردســـتان شـــانازیان بـــە وشـــەی ((مـــەلا)) دەکرد بـەڵام لـەم چـەرخەدا وشـەی ((مـەلا)) ئەوەندە سوك و بـێ ڕێزبوە،کـەس پێـی ڕازی نییـە، بـۆ نمونـە مـن بـەخۆم لـە یـەکێك لـە کەناڵـــەکانی ڕاگەیانـــدن دیمانەیـــەێکی تەلـەفزیۆنیم بـینی کـە لەگـەڵ هەنـدێ نابینـا سـازدرابوو، سـەبارەت بـە ڕێـزی ((نابینـا لـە کۆمەڵگەی کوردەواری))دا یەکێ لە نابیناکـان بێزاری خۆی دەردەبڕی دەیوت وەك پێویست ڕێزمان لێ ناگیرێت ،زۆر جار گازمـان دەکـەن مەلا فلان، مـەلا فـلان ، لـە کۆتـایی دا دەڵـێم لەم چـەرخەدا دەبـێ مـەلای مـەلا بـۆ وشـەی مـەلا بگریـت وە دەڵـێم ئـای.......جـەنابی مەلای کۆیی هەزار ڕەحمەتت لێ بێت و گۆڕت پڕ لە نور بێ کە دەفەرموێ:

((مەلا گەر مەلا با دنیـا بـۆ وای لێـدەهات ئوروپایی چی دەکرد لە ساحەی ڕۆژهەڵات)).

# ئایا دروستە کەفالەتی کەسێك بکەیت بە پارە؟

م. أحمدی شافعی

ئـەمڕۆ جیهـان وەکـو گونـدێکی گـچکەی لێهـاتووە، ڕۆیشتن لـە هـەر گۆشەیەکیەوە بۆ گۆشەیەکی تری ئاسان بووە بەهۆی ئامێرەکانی سەردەمو تەکنۆلۆژیاو زانستی نوێ وە، بەڵام ژیان تـا ئەندازەیـەکی بـاش ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ ئالۆزو قورس تر دەبێتو داواکانی پتر دەبێت.

خـانوو لـانـەش (مـسکن) یەکێکە لەپێویستیەکانی ژیان پیکەوە نـانی لانەیەکیش لەم ڕۆژەدا کارێکی ساناو ساکار نییەو بۆ هەر کەسێك پێویستی بە دارایەکی باش هەیە.

ئـەو بـڕە پارەیـەش ئـەمڕۆ بـەناوی پێـشینەی خـانوو بـەرەوە لەلایـەن حکومەتی هەرێمەوە دەدرێت بە هاوڵاتیان دەست بارو یارمەتیەکی باشە بۆ هاوڵاتـیان بەتایبـەت بـۆ گـەنجێك کـە تـازە بیـەوێت خانویـەکی متەوازیعانـە دروست بکات.

ئەو کەسەی بیەوێت ئەو پێشینەیە وەربگرێت کۆمـەڵێك ڕێنمایی هەیـە پێویستە ڕەچاوی بکات یەکێك لەوانە ئەبێت کەسێك بکات بە کەفیلی خـۆی، ئەمڕۆش کە خەڵکێکی زۆر سولفە وەردەگرێت ئەو هـەموو کەفیلـە بەئاسانی دەست ناکەوێت لێرەوە دیاردەیەك دروست بـووە ئـەویش ئەوەیـە خـەڵکێك بەبڕێك پارە لێرەو لەوێ دەبن بە کەفیلی خەڵك ئەمەش ئێستا بەلای خەڵکێکی زۆرەوە پرسیارە ئایا دروستە یان نا تەگبیری چیە لە فیقهی ئیسلامیدا.

جـەماوەری زانایـان لـە حەنەفیــەکانو مالیکیــەکانو شــافعیەکانو حەنبەلیەکان فەرمویانە دروست نییـە بـۆ کـەفیل پـارە وەربگرێت (اجـرە) لەبەرانبەر کەفالەتی ماڵیدا ئیتر ئەو پارەیە چ لەلایەن قەرز دەرەوە بێت یان قەرز وەرگـر یـان هـەر کەسـێکی تـری بێگانـەش بێت ئەمـە ڕای جـەماوەری زانایانی فیقهی ئیسلامیە.

ڕایەکی تر هەیە کە ئیمامی (ماوەردی) لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (الحاوی) بەرگی (٨ لاپەڕە ١٢١) ئاماژەی پێکردووە کە (اسحاق بـن راهویـە) ڕێگەی پێداوەو فەرموویەتی کەفالەت بە پارە دروستە {والکفالة بشرط جعل له باطلة، خلافا لاسحاق بن راهوية}

هەروەها شیعەی جەعفە ریش ڕێگەیان داوە کەفالەت بە پارە.

بەڵگەکانی جەماوەری زانایان

١– ئەسڵ لە کەفالەتدا ئەوەیە بەخۆڕایی و خۆبەخشانە ئـەنجام بـدرێت، چونکە لەو گرێبەستانەیە کە خۆبەخشانە دەکرێت –عقود التبرعات– وە بـە مەرج گرتنی یا پارەیە لەبـە رامبـەر یـا بـۆ کـەفیل ئەجیتـە بـابی (معاوضـة) ئالۆگۆڕ لەخوبەخشی دەرئەچیت ئە مە ش دروست نییە.

٢– خواو بیغەمبەر(ص) زەمانـەتو قـەرزیان لـەڕیزی ئـەو کـارە چاکەو باشـانە هـەژمارکردووە کـە ئـەبیت بـی بەرامبـەر ئـەنجام بـدریت، بـێ هـیچ چاوەڕوانیەك.

٣– وەرگرتنی مال ئەبێت لەبەرامبەر شتێکدابیت –کار یان ماڵێکی تـر– دەی خـۆ زەمانـەت وەرکـرە کـە هـیچیان نییـەو وەرگرتنو خـواردنی مـاڵی خەڵکی ئەچێتە ڕیزی خواردنی ماڵی خەڵکی بەبەلاشو خۆرایی. یان ئەچێتە ڕیزی بەرتیلو ڕەشوە خواردن.

٤– کـاتی کـەفیل لـەباتی ئـەو کەسـە بۆتـە زامنی قەرزەکـەی داوە بەخاوەنەکەی دوایی پارەکەی خۆی وەرئەگریتەوە.

لەگەڵ ئەو زیادە کرێیە. ئەمـەش دروست نییـە، چـونکە ئەچیتە ڕیزی قەرز بەمەرجی زیادە، بەرەو ئەو یاسایە ئەچی(کل قرض جر نفعا فهـو ربـا)، واتە ئەبێتە سود.

ڕای پەسەند:

کەفالــەت گرێبەســتێکی خۆبەخــشانەیە، کــەفیل پاداشــت لەســەری وەرئەگری لای خوای گەورە چونکە هاوکاریە لەسەر چاکە هەر بۆیە پێویستە بێ بەرامبـەر بێت، بـەڵام گـەر لەکوتاییدا خـاوەن ئیشەکە دیاریی یـەك یا بەخشیـشێکیدا بەکەفیلەکـە دروستە وەربگرێـت مـادام لەپێشا بەمـەرج نەگیراوەو باسی لێ نەکراوە، بەڵام ئەگەر بەمەرج گیرا حەرامەو دروست نییە.

تێبینی:

ئەگەر کەسێکیش ناچار بوو پارە بدات بۆ کـەفیلو کـەس بـەخۆڕایی نەئەبووە کەفیلی وەئەمیش چاری نەبوو واتە زەرورەت بوو ئەوە لەو حاڵەتە زانایان ڕێگەیان داوە پـارە بـدات لەبـەر ناچاریو پێویستی بۆ ئـەم نابێتە حەرام.

هەروەك چۆن کارێکی خۆت بۆت نەکەن بێ پـارەو بـەرتیل لـەو حاڵەتـدا دروستە پارەکە بدرێت مادام بۆ دەستە بەرکردنی مافی خۆتەو مافی کەسی تر ناخوێت(٢).

١– ينظر: الشرح الكبير للدردير وحاشية الدسوقى عليه (٣٤٠,٧٧/٣). والفتاوى البزازيه لابن البزاز (٢/٦)، والحاوى للماوردى (١٢١/٨)، والمغنى لابن قدامة (٤٤١/٦)، والمبسوط للرخسى (٣٢/٢).

٢– سەیری موسوعة الفقة الاسلامى والقضاياالمعاصرة (٥/٥٠–٥١).

# ساڵی نوێی کۆچیو گۆڕانی (مەوقیع)و مانەوەی (مەوقیف)

مەلا مسلم مەلا صالح فریزی

یەك لە کەسێکی نزیك لە ڕووی خزمایەتی لە پێغەمبـەر(صلـى الله عليه وسلم) دووا بە دوای دانیشتنو کۆبوونەوەی بـێ بـاوەڕانی مەککە لـە: (دار النـدوة) کـە شـوێنێك بـوو نمونـەی ئـەو جـۆرە شـوێنانە تـا ڕۆژی دووایـی هـەر دەمێـنن کـوڵ! ئینجا کەسـە نزیکەکە: هاتە لای خۆشەویستو پێی گـووت: دەزانـی خەڵکەکـە (واتە: بێ باوەڕان) پیلانیـان گێـراوە دژی تـۆ لەسـەر پیلانەکـەش کۆك بووینە؟! پێغەمبەر (صلـى الله عليـه وسلم) پـێ ی فـەرموو: ((بەڵێ دەزانم، دەیانـەوێ: بمکـوژن یـان بمگرن یـان دەربـەدەرم کەن))! هەواڵهێنەرەکـە بـە سـەر سـوڕمانێکەوە بـە خۆشەویست (صلـى الله عليـه وسلـم)ی گـوت: باشـە کـێ ئـەم هەواڵەی بـە تـۆ ڕاگەیاند سوێند بە خوا من یەکـەم کەسم کـە هاتبمـە دەرەوە لـە (دارالندوە)و ڕاستەوخۆش هاتیمە بۆ لای تۆ؟ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((خوام ئەم خەبەرەی پێداووم: ﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾ ألانفال: ٣٠))، کابرا‌کە گـووتی: (فـنعم الـرب إذا) کەواتە بەڕاستی تۆ باشترین ﴿پەروەردگار﴾ت هەیە..

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ پێشەوا ئەبوبـەکر خـوا لێ ی ڕازی بێ هیجرەتیان بەیەکەوە کرد تاوەکو گەیشتنە شاری (یثرب) کە دووا بە دوای ئەمە بوو بە: (مدينـة رسـول الله صـلى الله عليه وسلم)، خەڵکی مەدینە بەدەم (طلع البدر علينا)و بە ڕشتنی فرمێسکی شـادیەوە پێـشوازیان لێکـردن، دووای ئەمـە پێـشەوا عومـەری کـوڕی خـەتتاب خـوای لـێ ی ڕازی بـێ لەسـەردەمی خەلافەتی خۆی مێژووی (هیجری) کۆچی دانا،

ئینجا لێرەدا بزانە ئێمـە لـە ئیـسلامدا: (مـەوقیع)مـان هەیـەو (مەوقیف)یشمان هەیە، (مەوقیع): قابیل بەگۆڕینـەو دەگۆڕدرێـت، بـەڵام (مـەوقیف) جـێگیرەو ناگۆڕدرێـت! (بـۆ نمونـە) مـەوقیع: (مەککە) بوو گۆڕدرا بوو بە (مەدینـە)، بـەڵام مـەوقیف: (لا إلـە إلا الله)یە، لە مەککە هەر (لا إله إلا الله)، لە مەدینە هەر(لا إله إلا الله)، تـاوەکو وەفـات کـردنیش هـەر (لا إلـە إل الله): کـە ئەمـە ڕێبـازو درووشمـی هـەموو پێغەمبـەرانو شـوێن کـەوتووانیتیان تـا ڕۆژی دووایی.

# دینی زەردەشتیو خۆ بە میزی گا شۆردن

## سامڕەند

(١)

لەدینی زەردەشتی دا میزی گا واجیبە کە خۆی پێ بشۆی. لەکتێبی "اوستا" لەنووسینی جلیل دوستخواە جلدی ٢دا چەند بەشێك لەلایەن کەسێکەوە بەناوی سعید عەماری(١) دەرهێندراونو کۆکراونەتەوە کە بەم جۆرە لێرەدا بەکوردی وەریدەگێڕمەوە. بەعزێك لەوشەکانی بۆم ساغ نەبوونەوە، هەروەك خۆی نووسیومنەوە. لەو بابەتە دا بەم جۆرە هیندێك لەدەستووراتی دینی زەردەشتی سەبارەت بە غوسلو تارەت بەسەر دەکەینەوە:

١- هیچ کەس نابێ بە تەنێ مردوویەکی بەرێتە نێو دەخمە. کەسێك کە لەو حوکمە لا دەدا، جێی ئەو کەسە بێ ئاوو بێ گیاترین، چۆڵترینو وشکترین جێی ئەو عەرزەیە کە... ئەو کەسە دەبێ سی شەقاو لە ئاو و ئاور دوور بێ... ناخۆشترین خواردنو شڕترین جلی بدەنێ... ئەو جار لە وێ بەڕەڵڵای بکەن کە بژی هەتا بە ڕۆژگاری پیری یان پەککەوتەیی یان زەلیلی بگا... دوایە مەزداپەرستان دەبێ ئەمر بە پیاوێکی بە تاقەتو قەوی‌و بە دەستو برد بکەن تا لەسەر شاخی ئەوی کەوڵ بکاو سەری هەڵقەنێ. ئەو جار منداربووەکەی ببەنە لای برسیترین مندارخۆری ئەهورامەزدا، فڕێی دەنە بەر قەلو داڵی بەتەماح.

٢- کەسێك کە مندارەوەبووی ئینسان یان سەگێکی بنێژێو لەماوەی شەش مانگاندا دەری نەهێنێتەوە جەریمەی وی "پێنج سەت زەربەی شەللاق بە اسپهە اشترا (قامچی بۆ لێدان لە ئەسپ)و پێنج سەت زەربە شەللاق بە سروشو چرن (داری دەست بۆ تەمبێ کردن)"ە. سزای ئەو کارە دوو قاتە (یانی هەزار زەربە شەللاق لە هەر نەوعە) ئەگەر مندارەکە بۆ ماوەی یەك ساڵ لەخاکدا بمێنێتەوە. (ئەو موجازاتە بەستراوەتەوە بەماوەی لەخاکدا مانەوەی جەسەدەکە).

٣- کەسێك کە پەیمانی لەفزی بشکێنێ - گوناحەکەی وی نزیکترین خزمەکانی قەرزداری تاوانێك "سێسەد بەرابەر"ی بایی ئەو پەیمانە (دەکا). (چونکە لە دینی زەردەشت -اهورا مزدا-دا شەش نەوع پەیمانی جۆراوجۆر هەیەو پەیمانی لەفزی سووکترینیانە. کەوابوو موجازاتی شکاندنی پەیمانی موحکەمتر موجازاتی قورستری هەیە مەسەلەن شەش سەت تا حەوت سەت بەرابەر). لەبەشی دووەمدا سزای ئەو پەیمان شکێنیانە بە "سێسەت زەربەی شەللاق" دەست پێ دەکا تا هەزار زەربەی شەللاق درێژەی دەبی).

٤- هەر کات گرووهێك لەخەڵك لەجێیەك لەسەر فەڕشی پێکەوە لکاوو جیۆ بانی لێك نزیك خەوتبن، دوو دانە لێك نزیك یان پێنج یان پەنجا یا... لەنەکاو یەکیان بمرێ... بۆگەنو گلاوی هەتا دەیەمین نەفەری دەگرێتەوە... (دەرەجەی گرتنەوەکە بەگوێرەی گرنگیی شەخسو مەوجوودە مردووەکە کەمتر یان زیاتر دەبێ. میسال، ئەگەر قسە لەسەگی بەڕەڵڵا یان ماڵی بێ ئالوودەییەکە کەمتر یان زیاتر دەبێ ...).

٥- لە چ وەختێکدا دەکرێ ئاور ببەیە ماڵێك کە کەسێك لەوێدا مردووە؟ لەزستانێدا نۆ شەو لەهاوینێدا یەك مانگ... موجازاتی گوێ نەدان بەو حوکمە دوو سەت زەربەی شەللاق بە اسپهە اشترا و دوو سەت زەربە شەللاق بە سروشو چرن ـە.

٦- پیاوێك کە ژنی هەیە فەزلی هەیە بەسەر کەسێکدا کە هاوسەری نییەو کوڕی نابن، کەسێك کە ماڵی هەیە فەزلی هەیە بەسەر کەسێکدا کە بێ ماڵە، کەسێك سەروەتی هەیە فەزلی هەیە بەسەر کەسێکدا کە هیچی نیە...و لەمابەینی دوو کەساندا ئەوەیان کە خۆی بەگەشت تێر دەکا، زیاتر لەوی کەوا ناکا پڕە لەخەسڵەتی چاکە. برسی مردوویەکە و بەس. تێر بە قەدرایی یەك اسپرن، بە قەدرایی یەك مەڕ، بە قەدرایی یەك ورراو، بە قەدرایی یەك ئینسان بە سەر برسی دا گەورەیی هەیە.

٧- هەر وەختێك لەماڵە مەزداپەرستان دا ژنێکی حامیلە دوای حەملی یەك یان دوو یان سێ... نۆ یان دە مانگ منداڵێکی مردووی ببێ، مەزداپەرستان ئەو ژنەی ببەنە کوێ؟ لەجێیەك، لەو ماڵە زەردەشتییە کە زەوییەکەی بێ ئاوترینو بێ گیاترین جێگا بێ ... سی قەدەم لە ئاورو سی قەدەم لەئاوێ دوور بێ ... ئەووەڵین خواردنێکی کە دەیدەنێ "گمیز" (میزی گا) تێکەڵ بە خۆڵەمێشە هەتا گۆڕی نێو منداڵدانی وی بشۆرێتەوە... لەشو لیباسی خۆی بە "گمیز" (میزی گا) و ئاو لە قەراغ نۆ قوڵکان بشواو بەم جۆرە خاوێن بێتەوە... بۆ ماوەی نۆ شەو دەبێ بە تەنیا بمێنێتەوە جا دوایە جلوبەرگی خۆی بە "گمیز" بشوا و پاك بێتەوە.

٨ ـ عەرزێك کە لە سەری سەگ یان بەشەر مردبێ تا موددەتێك نابێ بچێندرێ. موجازاتی گوێنەدان بەو حوکمە دوو سەت زەربە شەللاق بە اسپهە اشترا و دوو سەت زەربە شەللاق بە سروشو چرن ـە...

٩- ئەی ئەهورامەزدا تەرمی مردووان دەبێ ببردرێنە کوێ و لە کوێ دابندرێن؟ ئەهورامەزدا دەڵێ: لە سەر بەرزایی شاخ، لە شوێنێك کە دایم سەگ و تەیری مندارخۆر لە وێ ببن... مەزداپەرستان لاقەکان و قژەکانی بە مەفرەغ و بەرد و قەڵایی لە عەرزی دا قایم بکەن، نە وەك سەگ و تەیرە مردووخۆرەکان ئیسکەکان هەڵگرنەوە و لە ئاوێی هاوێن یان لە بن داران فڕێی دەن... موجازاتی لادان لەو حوکمە دوو سەت زەربە شەللاق بە اسپهە اشترا و دوو سەت زەربە بە سروشو چرن ـە ... ( تەوسیە دەکرێ سەبارەت بە قانوونەکان و شێوەکانی بەرەوڕوو بوون لە گەڵ مردووان چاو لە فرگرد ی حەوت لە لاپەڕەی ٧٢٩ بۆ دوایە بکەن. ئەحکام زۆرن و لەو وتارە دا هەدەف نووسینەوەی کتێبی ناوبراو نیە. لە بابەت گرینگیی سەگان و مێشەکان لەو مەڕاسیمانە دا چەند حوکمی کوللی هەیە).



١٠- بە نیسبەت خاوێنکردنەوەی قاپ و قاچاغێك کە وە سەگی تۆپیو یان بەشەری مردوو کەوتوون، حوکم ئەوەیە کە ئەو قاپانە ئەگەر زێڕ بن دەبێ لە پێش دا یەك جار بە "گمیز"، یەك جار بە خاك و یەك جار بە ئاوێ بشۆرێنەوە. ئەگەر زێو بن دوو کەڕەت، ئەگەر برینجی بن سێ کەڕەت، ئاسن بن چوار، بەرد بن شەش جار بشۆرێنەوە.

١١ ـ نسوکێشان (مردوو هەڵگران) دوای گواستنەوەی یەك مردووی ئینسان یان سەگ دەبێ قژ و بەدەنی خۆیان بە میزی مەڕ یان گای نێر بشۆن و خاوێنی کەنەوە و یان بە میزی پیاو یان ژنێك کە لە نزیکترین کەسانی مردووەکە بن.

١٢ ـ موجازاتی کەسێك کە ئینسانیەت بکا و جلێکی چەرمی بە مردوویەك دادا کە هەتا گوێزینگی لاقی داپۆشێ ٤٠٠ زەربە شەللاق بە اسپهە اشترا و ٤٠٠ زەربە شەللاق بە سروشو چرن ـە. ئەگەر هەتا پووزی لاقی داپۆشێ ٦٠٠ زەربە لە هەر نەوعەیە ...

١٣ ـ لە فرگرد ی سێزدە لە سەفحەی ٨٠١ بۆ دواوە قسە لە گرینگیی و ئەحکامی سەبارەت بە هیندێك لە گیانلەبەران هاتووە وەك:

ـ موجازاتی کەسێك کە جوشکێك بکوژێ ١٠٠٠ زەربە شەللاق بە اسپهە اشترا و ١٠٠٠ زەربە شەللاق بە سروشو چرن ـە.

ـ ئەگەر کەسێك سەگ ئاوێك بکوژێ موجازاتێکی قورس دەبێ تەحەممول بکا و هەر وەها دەبێ ١٠٠٠٠ ماری خزۆك، ١٠٠٠٠ ماری سگنمار، ١٠٠٠٠ کیسەڵ، ١٠٠٠٠ بۆق و ١٠٠٠٠ مێرووی دانەوێڵەکێش بکوژێ. ( تەسەوور بکەن کە ١٠ نەفەر ئیشتیبایەکیان کرد و ١٠ دانە سەگی ئاوێیان کوشت). ڕەنگە هەر بەو دەلیلەیە لە کلتووری فارسی دا دانانی شێعری " میازار موری کە دانە کش است ... " زەروور بووە.

ـ سزای لێدان لە سەگێك کە لە سێ گۆڵەسەگان مایەی گرتووە ٧٠٠ زەربە شەللاق بە اسپهە اشترا و ٧٠٠ زەربە شەللاق بە سروشو چرن ـە.

١٤ ـ سەبارەت بە ژن شتی زۆر سەبت کراوە، لە بابەت ژنێك کە لە دەورەی قاعیدەیی مانگانە دایە، لە فردگرد ١٦ بەشی ١ هاتووە:

ـ دەبێ ڕێگای وی لە هەر جۆرە گوڵ و گیایەك پاك كەیەوە، و لەو جێیەی ئەو دەمێنێتەوە خۆڵی وشك بە عەرزی دا بپڕژێنن و خانوویەكی بۆ دروست بكەن كە بە ڕادەی یەك لە دوو، یان یەك لە سێ، یان یەك لە چوار یان یەك لە پێنجی بڵێندیی ماڵەكە، لە خانوو بەرزتر بێ، نەوەك چاوی بە ئاور بكەوێ،

ـ و ئەوی ١٥ قەدەم دوور لە ئاور، ١٥ قەدەم دوور لە ئاو، ١٥ قەدەم بە دوور لە تاقمەكانی بە ڕەسمی تایبەتیی ئایین، ٣ قەدەم دوور لە اشون ڕاگرن

ـ كەسێك كە خواردن دەدا بە ژنێكی ئاوا، دەبێ سێ قەدەم لێی دوور ڕاوەستێ

ـ و خواردنەكەی لە قاپی برینجی یان سوربی یان فلزیی كەم بایخ دا بداتێ

ـ و تەنیا بە ئەندازەی ٢ دینار و بە ئەندازەی ١ دینار شیر بدا نەوەك هێز وەرگرێ

ـ دەبێ سێ قوڵكەی لە عەرزی دا هەڵقەنن و لە سەر دوو قوڵكان ژنی دشتان بە " گمیز" ( میزی گا) و لە سەر سێهەم قوڵكە بە ئاوێ بیشۆن.

ئەوانە هەر چەند نموونە لە سەدان حوكمی دینی زەرتوشتن.

**سەرچاوەكان:**


١) زیر سوال رفتن همزمان تقدس چپ وتقدس پان–فارسیسم– سعید عماری
http://www.oyrenci.com/news.php?id=2833


# نیرنگ، ئاوی حەیاتێ

## ( ٢ )

( ئەم بابەتەم لە دەقێكی ئینگلیسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر كوردی كە لەو دا ڕێبەرێكی ڕووحانیی زەردەشتی دیفاع لە موقەددەس بوونی میزی گا دەكا)

ئایا زانیت .... ؟ " نیرنگ" ئاوی حەیاتە

لە نووسینی ( مەڕحوم) سۆهراب جی ﻫ . كوتار، یو. كەی. (١٩٦٩)

نیرنگ لە تەقدیسی واراسیا ( ئاوات) و باقی خواردنە خاوێنەكانی گا وەرگیراوە. ئەو قاپانەی میزی گا ـ یان تێ دەكری نەك هەر بە تەواوی خاوێن دەكرێنەوە، بەڵكوو خۆشیان خاوێن و متفەڕكن" و مایعەكە بەم جۆرە مبارەكە بۆ ئەهدافێكی پیرۆز، لە جەرەیانی ڕێ و ڕەسمێكی درێژخایەن، ئاڵۆز، پێچاوپێچ و مەدح و پاڕانەوەی عیبادیی نیرنگ ـ دین دا.

دوای ئەوە كەم كەم بە هۆی ئەو پاڕانەوە و بەرەكەتە، ئەو دەبێتە سەبەبی خاوێن بوونەوە. ئەوانە ئوسوولی عەقیدە و ڕەسمی زەردەشتیی سوننەتیین" بەڵام لەم سەردەمەی عیلم دا وا چاكە بە ڕێگای ئیسباتی عیلمی دا بە هێز بكرێنەوە.

لە ١٩٦٣، د. فیروزە م. كوتوال، هیندێك نیرنگ ی بە تەیارە لە هیندێ ڕا، بۆ كەڵك لێوەرگرتنی كۆمەڵەكە لە لەندەن، هێنا كە لە ڕێ و ڕەسمی نیرنگ ـ دین ی وادی ـ دار‌ـ مهر ی ناواساری دا متفەڕك كرابوو. شەش ساڵ دواتر، من بە قەدرایی كەمێكم لەو نیرنگ ـە بۆ ئانالیزەی شیمی دا بە موختەبەری هێنێر و كۆكس ل. ت. د. ی لەندەن و خستمە بەر پرس و ڕای كیمیازانەكان، بە وێڕای چۆڕێك لە گا ـ یەكی عادەتی هی مەزرایەكی ئینگلیس لە كێنت لەو دەمی دا.

وەك چاوەڕوان دەكرا، ئانالیزە شیمییەكە نەیتوانی ئەو خاسسیەتە شاراوەیەی نیرنگ بناسێ كە نیشانەیەكی فیزیكی لە تەبیعەتی تەبەڕروك و شیفای تێدا بوو" چونكە ئەو خەسڵەتە لە مادده تێ دەپەڕێ" بەڵام حاڵەتی بە دیققەت كۆنترۆڵكراوی موختەبەری باكتریۆلۆژیی خەستەخانەی فێركردنی لەندەن، فەرقی ئاشكرای نێوان ئەو دوو مایعەی دەرخست.

نموونە كۆنترۆڵكراوەكە بە ڕوونی دەركەوت لە گەڵ كەسافەت ئاوێتەیە، كە چی نیرنگ بێگەرد بوو. ئەو دەرەجەیە لە خاوێنی شتێكە كە من خۆم، وەك ( ڕووحانی)، ئیمانم پێی بوو و لە نیرنگ دا دەیبینمەوە" بەڵام ئەو ئیسباتكردنەی لەو پشكنینە عیلمییە عەینییە دا كرا بەڵكە وا چاك بێ زیاتر لێی دڕدۆنگ بین.

تا ئێستا زۆر سەبارەت بە دینی ئێمە لە لایان لێكۆڵەرانەوە نووسراوە، زۆر بە تواناتر لە منی حەقیر، سەبارەت بە نیرنگ، تارو، ئابێزار، گاومێز، كە بە میزی متفەڕكی گای تەواو سپی دەگوترێن.

دوو مەكتەبی بیركردنەوە هەنە:

١ ـ ئۆرتۆدۆكس (وەك من) بە عەقیدەی تەواو بە دینەكەمان وێڕای ئیمان بە تەئسیر و فایدەی نیرنگ.

٢ ـ غەیرە ئۆرتۆدۆكس یان ڕێفۆرمیست: ڕقی ئەوان لە نیرنگ لەو واقیعەوە هەڵدەستێ كە میز بەروبوویەكی زیادەی مێتابولیسمە كە لە لایەن لەشەوە دەفع دەكرێ. ئەوان بەو دەلیلە نیرنگ وەك شتێكی پیس گاڵتە پێ دەكەن، بە بێ فایدەی دەزانن و بە غەیرە زەردەشتی دەزانن.

بەڵام نیرنگ كە بۆ زەردەشتییان ناسراوە میزێكی ئیعتیادی نیە. ئەوە میزی نەوعێك گای تەواو سپیی هەڵبژاردەیە، بە ڕێگای تەكنیكێكی پێچاوپێچی زیدی عفوونی دا كۆ كراوەتەوە كە لە ڕێ و ڕەسمێك دا بە وەسیلەی قودڕەتی مانترا ـ وانی بە ڕەسم و دابی نیرنگ ـ دین كراوەتە مایعێكی موقەددەس.

ئەو نیرنگ ـە متفەڕكە ماددەی شیفای تێدایە كە بۆ نەخۆشیی پێست قازانجی هەبووە بە داوای لۆكاڵ و هیندێك نەخۆشیی نێوخۆیی وەك پێپتیك ولسێر، كالكوتی ی میز، و ... هی دیكە، كاتێك بە گوتن هیندێكی كەم بە وێڕای دۆعا و ڕێوڕەسمی نەهان بە كار دێنی.

مەعلوومە میزی عاددی كە بمێنێتەوە زوو دەگۆڕێ و بۆنی ناخۆشی لێ دێ. ئەوە لە بەر سەرهەڵدانی میلوێنان جرمە لە نێوی دا كە هەم ئۆرگانیسمی پاتۆجێنیك ( نەخۆشكەر) و هەم ئی غەیرە پاتۆجێنیك (بێ زەرەر) ی تێدا زیاد دەكا. بە میتۆدی باكتریۆلۆژیی مۆدێرن حوزووری ئەو جرمانە دەكرێ دیاری بكرێن لە ژێر زەڕڕەبینێك دا و ئەوان دەكرێ زیاد بكەن لە سەر خواردنێك كە ستێریل كراوە و لە زەرفی تایبەتی كراون كە پێیان دەڵێن قاپی پێتری.

ئەو زەرفە ستێریلە هیچ ئۆرگانیزمێكی تێدا نیە بەڵام ئەگەر چۆڕێكی كەم لە ماددەیەكی هەڵگری ئۆرگانیزمی پێدا بپرژێندرێ ئەوان زیاد دەكەن و هەڵدەدەن و وەك پەڵە پەڵەی بەرچاو لە سەر زەرفەكە كۆ دەبنەوە كە بە شوێنی گەشەی باكتێریا، باسیل، كوكسی و شتی دیكە دەزاندرێن كە لە لایەن باكتێریۆلۆژیستەكانەوە بۆ ناسینەوە پۆل پۆل دەكرێن. بەڵام ئەوان دەبێ لە شوێنەكە دا لە نموونەی تاقیكراوە دا هەبن، چونكە هەلومەرجی تاقیكردنەوەكە چەتوونە بۆ مەنع كردنی ئالوودەیی لاوەكی.

بۆ ئەوەی خۆم ڕازی بكەم و ئەگەر تێیدا ناجیح بم ستێریل بوون و خاوێنیی نیرنگ ئیسبات بكەم و بە بێ باوەڕانی نیشان بدەم دوو نموونەم لە نیرنگ كە بۆ كەڵك لێوەرگرتنی ئاساییم بوو لە سەرەتای مەڕاسیمی نەهان ی ناوجوتە، یان زەماوەند، دام بە د. ساوندەرس لە گەڵ داوایەكی تێست كردنیان لە موختەبەری پاتۆلۆژی سەبارەت بە هەر گەشەكردنێك.

د. ساوندەرس موشاویری باكتێریۆلۆژیستی خەستەخانەی سانت نیكۆلاس لە لەندەنە. من بۆ ویم ڕوون كردەوە كە دەمهەوێ چ بكەم و لە بەر چی! ئەو موافیق بوو كە مەجبوورم بكا بە چاندنی هەر دوو نموونەكە. ئەو زەردەشتی نەبوو بە قایمی پێی وابوو كە هەر دووكیان پڕن لە باكتێریا، نموونەكەی نیرنگ ئەوی ٦ ساڵ كۆن، كە وا بە من بوو كەڵكم لێوەردەگرت و خەریك بوو تەواو دەبوو و ئەوی دیكەش كە ٦ مانگ كۆن بوو و لە بمبئی ڕا ئێرواد د. پێشووتان ئانكلێساریا، سەرۆكی ئینستیتۆی كاما ئاتۆرنان بۆی ناردبووم، دەیەویست پێم نیشان بدا كە شوێنی هەموو جۆرە باكتێریایەكن بە پاتۆجێنیك و غەیرە پاتۆجێنیكەوە.

ئەو تەئسیری قودڕەتی دۆعای ئێمەی نەدەزانی و چاوەڕوانی نەدەكرد. وەختێك ئەو زەرفەكانی پێتری كە نموونەكانی تێدا چێندرابوون تاقی كردەوە، بە قووڵی سەری سوڕ ما كە لە هەر دوو نموونە دا یەك دانە شوێنیش جرمی تێدا نیە لە هیچ نەوعێك. هەر دوو نموونە بە تەواوی و بە موتڵەقی ستێریل بوون.

كاتێك من چووم كە ڕاپۆرتی چێندراوەكان كۆ بكەمەوە ئەو گوتی، " د. كوتار! ئەوە عەجایبە. من چاوەڕوان بووم نموونەی میزی ٦ ساڵ و ٦ مانگ كۆن بۆن چەكی هەتا عاسمانی بڵێند بڕوا و پڕ لە باكتێریا لە هەموو نەوعێك بێ. ئەمن قەت شتی ئاوام نەدیوە لە هەموو ژیانی خیبرەیی خۆم دا. فەرموو ئەوە قاپە پێترییەكانت."

من ئەو ڕسمانەی لە قاپە پێترییەكان گیرابوون وەرم گرتن، هیچ جۆرە زیادبوونێكیان نیشان نەدەدا. بە عەكسەوە ڕسمەكانی قاپە پێترییە كۆنترۆڵەكان كە میزی ئیعتیادییان تێدا چێندرابوو زیادبوونی شوێنەكانی پاتۆجین و غەیرە پاتۆجینی نیشان دەدا.

ئەو كەشفە من ڕایدەگرم بۆ هاودینەكانم وەك قودڕەتی مانتراوانی ی خۆمان و تەئسیری مەڕاسیمی نیرنگ ـ دین و لێدەگەڕێم با بێ باوەڕەكان ئەو شتەی بە لێكۆڵینەوەی عیلمی ئیسبات كراوە بە قسەی بەلاش ڕەدی كەنەوە.

–Dasturji Dr. Sohrabji H. Kutar, U. K. (1969)

سەرچاوەكان:


Did You Know … ? 'NIRANG' WATER OF LIFE

By (late) Sohrabji H. Kutar, U. K. (1969),

(Reproduced verbatim from an early issue of Parsiana magazine)

http://tenets.zoroastrianism.com/nirang33.html

# ڕای ژان کلنز سەبارەت بە گاتاکانی زەردەشت

## (٣)

ئەم بەشە وەرگێڕدراوی نووسینێکی رچا مرادی غیاپ ێبادی یە کە سەبارەت بە ڕای ژان کلنز لە سەر زەردەشت بە فارسی نووسیویەتی (١). بابەتەکەی نووسەر بەم جۆرەیە:

ژان کلنز، مامۆستای بلژیکیی زمانەکان و ئەدیانی هیندوئێرانییە لە کلژ دو فرانس ی پاریس و یەکێکە لە بەنێوبانگترین لێکۆڵەرانی ئەوێستا و گاتاکان لە دنیا دا. ئەو زیاتر لە چل ساڵە کە لە حەوزەی ئەوێستاناسی دا دەنووسێ و ئا ئێستا حدوودی سەت و سی کتێب و مەقالە ی، و لە وانە تەرجەمەی گاتاکان لە ساڵی ١٩٩٤ لە وی بڵاو کراوەتەوە. ئەو هەروەها یەکێك لە نووسەرانی قامووسی ئێرانیکا یە.

لەم ئاخرییانە دا ئاغای احمد رچا قائم مقامی، هەوەڵین کتێب لە بەرهەمەکانی کلنز ی بە نێوی " مقالاتی در باره زرتشت و دین زرتشتی" بە فارسی تەرجەمە کردەوە و ئینتشاراتی فروزان روز ئەوی لە " مجموعە مگالعات ایران باستان" دا بڵاو کردەوە. ئەم مەجمووعەیە، بە مشوور و لە ژێر چاوەدێریی ریچارد فرای، ژالە ێموزگار، بدرالزمان قریب و چەند نەفەری دیکە، هەڵبژێردراوە و بڵاو دەکرێتەوە. تەرجەمەی کتێبەکە لە سەر ئەساسی مەتنێك لە بەرهەمەکانی کلنز کراوە کە پێش ئەوە، پرادز اکتور شروو ئێرانناسی نۆروێژی و مامۆستای زانکۆی هاروارد ئەوی بۆ قوتابیانی خۆی لە دەرسی دینە کۆنەکانی ئێرانی دا بە ئینگلیسی تەرجەمە کردبۆوە. شروو – ش لە کۆبوونەوەکانی خیتابە کە دوکتور احسان یارشاگر لە زانکۆی یوس ل ا دایناbوو، قسەگەلێکی وەك بۆچوونەکانی کلنز ی کردبوو.

کلنز ڕووحیاتێکی زۆر پشکنەرانە و لە شکی هەیە و دایمە بە بێ هیچ ئیکراهێك، بۆچوونی تازە دێنێتە گۆڕێ و لە ڕەئیی پێشووی خۆی دا گۆڕانێ دەکا. نەزەرەکانی کە بەردەوام لە گەڵ ئارای خەڵکی دیکە بە گشتی جیاوازن، دایمە بوونەتە هۆی ڕەخنە و گۆنگەڵی زۆر لە عالەمی ئەوێستاناسی دا (لەوانە لە لایەن گراردو نیولی و شانول شاکد)، لە حاڵێکدا زۆر کەسیش ئەوی بە پێشقەڕاوڵی زانین و دۆزراوەی نوێ لەو ڕشتەیە دا دەزانن.

چونکە ئاساری کلنز لە ئێرانێ تا ڕادەیەك نەناسراون، خولاسەیەك لە بۆچوونەکانی وی لە سەر ئەساسی هەر ئەو کتێبە لێرە دا دێنمە گۆڕێ. لە ئاخریی ئەم وتارە دا ڕەخنەیەکی کورتیش دەگرم.

ژان کلنز لە کتێبی " مقالاتی در بارە زرتشت و دین زرتشتی" (خولاسە و نەقڵ بە مەعنی) پێی وایە کە:

ـ زەردەشت خولقێنەر و نووسەری گاتاکان نیە (ل. ٨)" لە واقیعی بوونی ئیسلاحاتی دینیی ئەو دا شك هەیە (ل. ٥) و هۆنینەوەی گاتاکان کاری تاقمێکی دینی بووە کە لە دوو مەکتەبی جۆراوجۆرەوە هاتوون (ل. ١٠٩ و ١١٢)" زەردەشت نەك شەخسیەتێکی تاریخی بەڵکە یەك ئەفسانەیە و لە گاتاکانیش دا ناوی وی هەموو دەم بە سیغەی سێهەم شەخس هاتووە (ل. ١١٣)" ناوی باوکی زەردەشت، پوروشسب نیە و لە گاتاکان ئیشارەیەك بە ناوەکەی نەکراوە (ل. ١١٤)" موتاڵای مزدیسنا، وەختێك ئاکامی دەبێ کە خۆی لە دەست وجوودی بناغەدانەر یان پێغەمبەر ڕزگار بکا، ئەو شەخسە بەردەوام بۆتە ئەسبابی سەرئێشە و مانعێکە لە سەر ڕێی موتاڵاکان. ئەو هیچی جگە لە زەرەر نیە و لێکۆڵەرانی ناردۆتە شوێن تراویلکە (ل. ٤١).

ـ اهورامزدا تاقە خودای مزدیسنا نیە (ل. ٦٣)" پنویت (دووییەت) پێش لە تەوحید نەهاتۆتە دی، بەڵکە حاسڵی تەوحیدە و لە دوای وی پەیدا بووە (ل. ٢٦)" و لە گاتاکان دا ناکرێ ئیسباتی بکەی کە اهورامزدا بە سەر باقی خوداکان دا زاڵە و پێش ئەوان هەبووە (ل. ٣٩).

ــ گاتاکان، سروود و ڕاز و نیازەکانی شەخسێك لە گەڵ خودا نین، بەڵکە ئەویان بۆ ئیجراکردن لە مەناسیکی مەزهەبی دا هۆنیوەتەوە (ل. ٣٩ و ٨١ و ٩٣)، هەروەها هیچ نیشانەیەك لە دەعوەتی خەڵك بۆ هاتنە ڕیزی دین لەو دا نیە (ل. ٤١).

ــ زەحمەتە لە گاتاکان دا قسەیەك لە ئەخلاقیات کرابێ (ل. ٣٩)" لە گاتاکان دا هیچ شاهیدێك لە دژایەتیی نێوان خێر و شەڕ نیە (ل. ١٤) و دینی مزدایی باسکراو لە ئەوێستا دا، سەبارەت بە معاد ئەوەندە نەبوویە کە تا حەددی ئیتنکار کردنە (ل. ٥)، بۆ، چونکە هیچ کەلیمەیەك لە سەواب و عیقاب و قەزاوەتی دوای مەرگ لە نێوی دا نیە (ل. ٢٣)" هەروەها هیچ ئیشارەیەك لە گاتاکان دا لە مەحکوومکردنی توندوتیژی و مەدحی سوڵح خوازی نیە (ل. ٦٦).

ــ لە گاتاکان دا مەنزوور لە سوشیانت کەسێکە کە لە ڕێگای قوربانیکردنەوە بگاتە هیز و دەستەڵات (ل. ٢١) و هەروەها هەموو ئەو کەسانەی لە کاری قوربانی دا شەریکن (ل. ١٠٩) و هومنە/ بهمن هێز و هۆکارێکی دینییە بۆ هێنانی گا بۆ قوربانگا و حازر کردنی بۆ سەربڕین (ل. ٨٤ تا ٨٦)" منیو/ مینو، فەعالییەتێکە کە ئیمانداران بتوانن مەناسیکی مەزهەبی ئیجرا بکەن (ل. ٩٤)" شوێنکەوتووانی دروگە/ دروج، کەسانێکن کە دینی خراپیان هەیە و لە جیاتی لە ڕۆژێ دا دۆعایە بکەن لە شەوێ دا دەیکەن و نموونەیەك لەوان جم/ جمشیدە (ل. ٩٨)" چینود پل، ناوی کەسێکە کە بە کەڵەکەکردنی بەرد لە سەر یەك، دالانێك دروست دەکا (ل. ٢٣ و ١٢٢)" اشی، بە مانای بەش یان هەر شتێك بکرێ تەقسیمی بکەی، و مەبەست لە مگە/ مغ، ئەندامی ژنیەتیە (ل. ٢٣).

ـ لە گاتاکان دا، گشتاسپ ناوی شایەك نیە، بەڵکە ناوی کوڕی زەردەشت بووە (ل. ١٠٥) و بە ئیحتیمال شاعیریش بووە (ل. ١٠٩)" فرشوشتر و جاماسپ یش وەزیری گشتاسپ نەبوون (ل. ١٠٦)، بەڵکوو ئەسەری نووسەرێکی ساحێب فەن و خەللاقن تا ناوی واقیعی بن (ل. ١١٤)" پوروچیستا کچی زەردەشت نیە، بەڵکوو بەندێك کە لە گاتاکان دا بەوی ئیشارە کراوە و ڕەنگی مولایمی شەهوانیی هەیە، بە مانای کەسێکە کە دەکەوێتە بەر سەرنجی زۆر کەسان (ل. ١١٦).

ــ عەمەلی دۆعای گاتهاخوێنەرەوەکان، دانانی مەڕاسیمی دۆعا لە ڕووناکایی ڕۆژێ دابووە و دۆعای بە شەو بە عەمەلی دێوان زاندراوە (ل. ٩٢)، لە مەڕاسیمی گاتهاخوێنەرەوەکان، نەك هەر ئەزیەتی گا نەهیی لێ نەکراوە، بەڵکوو گا دەکەنە قوربانی و سەری دەبڕن (ل. ٩٢).

ـ باسکردن لە زەردەشتی بوون یان نەبوونی هخامنشی یەکان غەڵەتە، چونکە دەبێ لە پێش دا بزانین دینی زەردەشتی چیە (ل. ٣٨) و ئایا عەسڵەن دینێکی وا وجوودی هەبووە؟ (ل. ٤٠)، ئاگالێ بوونمان لە دینی هخامنشیان ـ لە گەڵ ئەوەی کەمە ـ زیاتر لە دینی زەردەشتییە (ل. ٤٠).

کلنز پێی وایە کە موتەرجیمەکانی گاتاکان ـ بە دەلیلی نەزانینی مەفهوومی وشە ڕەقەکانی وی ـ ئیستیلاح و مەعناکانی ئەوانیان ئەو جورەی پێشتر لە زەینیان دا هەبووە، نووسیون تا بتوانن ڕستەیەکی مەعنادار ساز بکەن (ل. ٤١). ئەو دەڵێ: دەبێ قبووڵ بکەین کە ئێمە توانای ناسینەوەی هیچکام لە تایبەتییەکانی ئەسڵیی مزدیسنای گاتاکانمان نیە (ل. ٤٠).

استنلی اینسلر لە سی و دوو ساڵ لەمەو پێش، تەرجەمەیەکی گاتاکانی بڵاو کردەوە کە وەك تەرجەمەی کلنز، تا ڕادەیەکی زۆر لە گەڵ زاندراوەکانی سەردەمی خۆی تەفاوەتی هەبوو. ئەلعانیش تەرجەمەی کلنز و وتارەکانی وی (وەلەو زۆریان وە بەر دژایەتیی زاناکان کەوتوون)، لانیکەم سەرنجی ئێمە بۆ ئەو واقیعییەتە ڕادەکێشێ کە لە بواری موتاڵای ئەوێستایی دا، بەری ئیختیلافی نەزەرەکان چەندە بڵاون و ئەوە کە دوای ڕۆیشتنی دووسەت و پەنجا ساڵ لە دەستپێکردنی ئەوێستاناسی لە دنیا دا و ئاشنابوونی زەردەشتییەکان و باقی ئێرانییەکان بە کتێبە کۆنەکانیان، هێشتا چی وا لە پلەی هەوەڵ سەرنەکەوتووین. کلنز خۆشی لە سەر ئەو قەناعەتەیە کە لە گەڵ ئەوەی چل ساڵ لەو بابەتە دا دەرسی داوە و لێی کۆڵیوەتەوە، هێشتا لە تایبەتییە عەسڵییەکەی مزدیسنا حاڵی نەبووە.

بەڵام ئەو ڕەخنە کورتەی کە لە هەوەڵەوە باسم کرد، ئەوەیە کە ئاغای ژان کلنز، بە پێچەوانەی ڕووحیەی پشکنەر و لە شك و دەقیقی خۆی کە بۆ هەموو ئەو دڕدۆنگییانە سەرف کردووە، کاتێك کە دەست دەکا بە بەیانی نەزەریەی تازەی خۆی ـ جگە لە یەك دوو دێڕی کورت و لێڵ ـ لە شیکردنەوە و تەفسیری بەربڵاو و موقنیع خۆ دەپارێزێ. بۆ لێکۆڵەرێکی کە لە ڕەددی فەرزییەکانی زووتری دا، دەلیلی زۆر دێنێتەوە، چاوەڕوان دەکرا کە هەر ئەو ئوسلووبەش لە پشتیوانی لە فەرزییەکانی خۆی دا بە کار بێنێ. لانیکەم ڕوونی کاتەوە کە ئەگەر زەردەشت ئەفسانەیە، چۆن دەکرێ پوروشسپ ناوی باوك و پورچیستا ناوی کچەکەی نەبێ؟ و لە عەینە حاڵ دا، چۆن دەکرێ کە گشتاسپ ناوی کوڕەکەی بێ و شاعیریش بووبێ؟

ڕۆژگارێکی غەریبە. لە دنیایەك دا کە دەیان و وا هەیە سەتان مەقالەی عالمانە و موغریزانە سەبارەت بە مانای وشەیەکی گاتاکان دەنووسرێ، لە وڵاتی ئێمە لە جیاتی سەرنجدان بە باس و شکی ڕوو لە زیادبوون لە دنیا دا و حەولدان بۆ لابردنی ئیبهامەکان، هەر ئەوەندە جار بە جارێك قەناعەت بە نەقڵی قەولێکی خەیاڵی و زەوقی و شاعیرانە لە گاتاکان دەکرێ.

سەرچاوەکان:

١) نظریات ذان کلنز در بارە طاتهای زرتشت.

رضا مرادي غياث آبادي

http://ghiasabadi.com/kellens.html

# بۆچی قوتابیانی دەرچووی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان پەراوێز بخرێن

## هیوا مستەفا

خەمۆکیو نیگەرانی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەروونی دەکات، ئەم نەخۆشیە سالآنەو رۆژ بەرۆژ روو لەزیاد بوون دەکاتو زیاتریش رووبەرووی قوتابیان بە گشتیو بەتایبەتی قوتابیانی قوتابخانە ئاینیەکان دەبێتەوە، ئەم نەخۆشیەش هەر ساڵەو بە بڕیارێكو هۆكارێك رروبەروویان دەبێتەوە. بۆ نمونە لەساڵی٢٠٠٥ ئەم نەخۆشیە تەنها رووی لە قوتابیانی قوتابخانە ئاینیەکان کرد بەوەرنەگرتنیان لەلایەن (قبول مرکزی) ناوەندی وەرگرتن لەزانکۆو پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەر کۆی نمرەکانیان لە ٧٤٪ کەمتر بێت بەهەر حاڵ ئێمە وەکو قوتابیانی قوتابخانە ئاینیەکان ئەمە بەگرفت نازانین ئەڵێین ئەمە لەدڵسۆزی ئەوانە دیارە ئەیانەوێ ئێمە زیاتر شەونخونی ببینین، بۆ ئەوەی ئاستی زانیاریمان زیاتر ببێ و نمرەیەکی باش بەدەست بێنین لەپۆلی دوازدەی ئامادەیی کەواش نیە ئەوەندەش دڵسۆز نینە وەپێویستیشمان بەو دڵسۆزیەیی ئەوان نیە، چونکە قوتابیانی دوازدەی ئامادەیی قوتابخانە ئاینیەکان ئاستی زانیارییان لە زۆربەی قوتابیانی دوازدەی ئامادەیی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بەرز ترە بەتایبەتی لە(قواعد اللغە العربیە) و(پەروەردەی ئیسلامی) لەگەڵرێزم بۆهەموو قوتابیانی سەربە وەزارەتی پەروەردە لەبەر ئەمەش ئەم قسەیە ئەکەم چونکە ئەمە قسەیەکی زۆر راستە کەس ناتواتێ نکۆڵی لێبکات بەڵام زۆر بەداخەوە نەراستی ماوە نەویژدان ماوە نە نوێنەرایەتی راستەقینەش ماوە ئەگەر یەكێك لەمانە مابێت دەبێت زۆرینەی کورسیەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان بۆ قوتابیانی خوێندنگە ئاینیەکان دابین بکرێ.

چونکە پرۆگرامی خوێندنگە ئاینیەکان لەپۆلی حەوتەمی بنەرەتی تاکو دوازدەی ئامادەیی هەمان پرۆگرامە کەلە کۆلێژی شەریعە دەخوێنرێ تەنیا یەك دوو بابەت یان وانە نەبێت جارێکی تر دەڵێم زۆر بەداخەوە ئەمەشیان پێچەوانەیە لەدوای ماندوبونێکی زۆر بۆ ئەوەی لەکۆلێژی ناوبراو وەربگیرێین لەدوای وەرگرتنمانو تەواو کردنی کۆلیژ جارێکی تر لەساڵی ٢٠١١ ئەم نەخۆشیە تەنیا روو لەم قوتابیانە دەکات کە لە پۆلی دوازدەی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف لەکۆلێژی شەریعە وەرگیراوە، ئەم نەخۆشیە ئەم جارە بە مەبەستی دامەزراندن رووی لە وان کرد ئاشکرایە هەموو ساڵێك کەمترین رێژەی دامەزراندن بەر کۆلێژی شەریعە دەکەوێت.

کەچی ئەم ساڵ ئەم رێژەیەش بەمەرج بۆی دیاری کرا لەوەزارەتی پەروەردە ئەم مەرجە بێ بنەمایەش لەلایەن پەرلەمانتارو سەرۆکی لێژنی ئەوقاف پێشنیار کرا دواتریش جێ بەجێ کرا من یەکێکم لەوانەی کە بەو بڕیارەی ئەو زەرەر مەند بووم و (معامەلاتەکەم) هەڵوەشایەوە.

بۆیە دەڵێم من چونکە ئەمە بەڵگەیەکی (سەریحە)و حاشە هەڵنەگرە بەڵام من لە د.بەشیر دەپرسم ئایا ئێمە بۆ توانای وانە وتنەوەمان نیە، ئەگەر هەمانە، بۆ لەناكاو ئەم بریارە دەردەکەی کەخۆت باش دەزانی ئاستی زانیاریمان زۆر لەوان بەرزترە، ئەگەر ئەم بریارەش بە فشاری لێژنەی پەروەردەیە یاخود بە فشاری بەرێوەبەرایەتی




پەروەردەی گشتیە دیارە ئەم قسەیە راستە، کە دەڵێن: بانێکەو دووهەوایە، چونکە زۆربەی قوتابخانەکان ئێمە وانەی تێدەڵێنەوە باشە بۆ ئێمە بۆ میلاکات لە وەزارەتی پەروەردە ناگونجێین، بەڵام بۆ وانە وتنەوە دەگونجێین و زۆریش باشین، بۆیە لەکۆتاییدا بەبیرتان دەهێنمەوە ئایا ئێستا ئێوە بەرهەمی مەلا ناخۆن ئەگەر لە پەرلەمانتارەکان بپرسین کێ شۆرشی کوردی بەرپاکردو گەیاندی بەم رۆژگارە خۆشە بۆ ئێوە بێگومان لە وەڵام دەڵێن (صلاح الدینی ئەیوبی و قازی محمد و مەلا مستەفای بارزانیە) ئایە ئەوان لە ژێر چەتری پرۆگرامی شەریعەتو نازناوی قازیو مەلایەتی نەبوون ئایا شاعیرانو نووسەرانی ئەدیبانی پێشوو ئەوانیش لە ژێر سێبەری حوجرەو مەلایەتی نەبوون بۆ کە ئێستا ویژدان نەما نوێنەرایەتی راستە قینە نەما ئێستا ئەوانەی لەژێر ئەم چەتری شەریعەتە پەروەردە کراونو هەڵگری نازناوی مەلایەتین.

ئەی ئەم قوتابیانەش پسپۆر نین لەپەروەردەی ئیسلامی ئایا بەشێکی کۆلێژی شەریعە بەناوی بنەماکانی ئاین نیە ئەی رۆژانەش قسەو باسی راگەیاندنەکانی جەنابتان باس لە نەبوونی مامۆستای پسپۆر ناکەن ئەی زۆربەی کێشەو گرفتەکانی وەزارەتی پەروەردەش نەبوونی مامۆستای پسپۆر نیە.

لێرەدا داوا دەکەم لە دکتۆر بەشیر کە تائێستاش قوتابیانی ئاینی بەنوێنەری خۆمانی دەزانین پاشگەز ببێتەوە، لەم بریارە کەلە بەرژەوەندی ئێمەدا نیەو هیچ پێی دڵخۆش نینەو بەڵکو زۆریش دلگرانین چونکە ئێمە هیچ جیاوازیەك نابینین لەنێوان کۆلێژی شەریعەو پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەکانو پەیمانگەی تەکنیکی چونکە دەرچوانی پەیمانگەی تەکنیکی دادەمەزرێن لەوەزارەتی داد بەفەرمانبەر .

پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەکانیش دەبن بەپێش نوێژو وتارخوێن خۆ دەبێ کۆلێژ جیاوازیەکی هەبێ لەگەڵ پەیمانگە کە دووساڵ جیاوازیان هەیە لە بەدەست هێنانی بڕوانامە بەڵام زۆر بەداخەوە کە لەوانیش کەمتر حیسابمان بۆ دەکرێ، چونکە ئەگەر ئێمە لەوەزارەتی ئەوقافیش دابمەزرێین کە داشنامەزرێین دەبێ لە دوای دەرچوون لە زانکۆ تاقی کردنەوە بکەینەوە ئەگەرنا بۆمان نیە تەنانەت بە پێش نوێژیش دابمەزرێین، نەك بە پێش نوێژو وتارخوێن بۆیە داوا دەکەم لەهەموو ئەو کەسانە کە نوێنەرایەتی ئەو کەسانەیان خستۆتە ئەستۆ وەخۆشیان بەنوێنەری راستەقینەی خەڵك دەزانن وەداوا دەکەم لەهەموو بەرێوەبەرە خوێندنگە ئاییینیەکان کەچارەیەك دەرمانێك بۆ ئەم نە خۆشیە کوشندەیە بدۆزنەوە ئەگەر پێشیان نادۆزرێتەوە باخوێندنگە ئاییینیەکان دابخەن ئەگەر نا دوارۆژ ئەم بڕیارە بێ بنەمایە وبێ مانایە خۆپیشاندانی گەورەی لێدەکەوێتەوە بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوە.

چونکە ئەگەر ئەم دەرچوانە لە ئەوقافیش دابمەزرێن ئەوە دیارە کە هەموو ساڵێك ئەوقاف رێژەی دامەزراندنی زۆر بەکەمی بەر دەکەوێ بەتایبەتی لەساڵی ٢٠١١ لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دەرچووی خوێندنگە ئاییینیانەی کە لە شەریعە دەردەچنو دەرچوونە جگە لەوەی سێ چوار پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەکانیش هەیە کە تەنیا دەرچووانی ئەم پەیمانگەیانە زیادن بۆ ئەوەی لەوەزارەتی ئەوقاف دابمەزرێن جگە لەوەش زۆر جار دەنگۆی ئەوە بلاو دەکەنەوە، کە دەڵێن دەبێ وەزارەتی ئەوقاف هەڵبوەشێتەوە نازانم ئەو بڕیارە لەسەر چ بنەمایەك دەرکرا کە دەڵێن دەبێ ئەوانەی لە خوێندنگە ئاییینیەکان دەردەچن دواتر لە کۆلێژی شەریعە وەردەگیرێنو بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەردەگرن نابێ لە وەزارەتی پەروەردە دابمەزرێن بەڵکو دەبێ لەوەزارەتی ئەوقاف دابمەزرێن بەفەرمانبەر ئەگەر تاقی کرنەوە نەکەنەوە، یاخود لە وەزارەتی داد بەفەرمانبەر دابمەزرێن ئەم بڕیارەش وای کرد کە هیچ جیاوازیەك نەمێنێ لە نێوان کۆلێژەو پەیمانگە بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانم ئەم مەرجە لا ببرێت لەسەر دەرچوانی خوێندنگە ئاییینیەکان چونکە کوردستان پڕە لە قەیران و ناڕەزایەتی خەڵك با خۆپیشاندانی ئەم قوتابیە بەدبەختانەش نەیەتە سەر ئەوجا خەڵکیش پێتان بڵێت زۆر تەواوە ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیش بەسەر داهات.

# نهێنی سەرچاوەی کانیاوی کەسنەزان

ئا: حەمە عیزەت- نازەنین عبدالباقی- سەقز

ئاو سەرەکیترین هەوێنی ژیانەو هیچ رووەك‌و گیانەوەرێك بەبێ ئاو ناژی، ئەگەر شارو شارۆچکەو گوندەکان پێکهاتوون هەر هەموویان ئاوو کانی‌و چۆم‌و زەری پێکی هێناون ئاوحەشیمەتی لەدەوری خۆی خرکردۆتەوە، دەتوانین بڵێین شارستانیەت بەهۆی ئاوەوە پێکهاتووەو ئاو هۆی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەو چەرخی ژیان بەئاو دەگەرێ، ئەگەر بەچاوی ئاواڵەو بەرینەوە لەکانیاوی کەس نەزان بروانین، پەیدابوونی ئەم کانیاوە زۆرشتمان پێ دەسەلمێنێ.

یەکەم ئەوەیە، خەڵاتەکانی پەروەردگار باشتر بناسین وبێئاگا لێیان نەروانین‌و بۆ ژیانێکی ئاسودەو پاك‌و خاوێن کەڵکیان لێ وەرگرین، وەك دەڵێن ئاو هەوێنی ژیانە، بەبۆنەی ئەم ئاوەوە ئاڵوگۆڕیك لەژیان دروست دەکەین.

ئەگەر ئاوسەرچاوەی پاك‌و خاوێنە دەبا بەپاك‌و خاوێنی بە ژینگەکەماندا ڕابگەین‌و وەك وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بۆ خاوێنی وڵاتەکەمان بەمشووربین، تاژیانێکی پڕ لەخۆشی‌و دوور لەنەخۆشیمان هەبێ، بەتایبەت خەڵکی ئاوایی کەسنەزان، ئەم هەلە بەدەرفەت بزانن‌و بەهۆی ئەم کانیاوەوە ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی لەژیاندا پێك بێنن.

بۆ شارەزابوون لەنهێنی سەرچاوەی کانیاوی کەسنەزان، سەردانێکی گوندی ناوبراومان کرد، کە گوندێکە لەگوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و دەکەوێتە سەرشیوی سەقزو ٣٠ کیلۆمەتر لەشاری سەقزەوە دوورە، ئەم گوندە پێکهاتووە لە ١٥٠ ماڵ، هەر لەو گوندە چاومان کەوت بە (عومەر کەریم نەژاد) کە دانیشتووی گوندەکەیەو لێمان پرسی:

*** سەرچاوەی ئاوی کەس نەزان چییەو، چۆن‌و لەکەیەوە سەری هەڵداوە؟**

لەهاوینی ساڵی (١٣٧٨)ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی (١٩٩٩)ی زاینی یەکەم شەوی مانگی پووشپەڕ ئەم سەرچاوەیە دۆزراوەتەوە، کە لەئاوایی کەسنەزان لەسەر شیوی سەقزە، کەسنەزان کەوتۆتە باکوری سەقزو (٣٠) کم لەسەقزەوە دوورە، گرنگی لەوەدابوو، کە گوتیان پیرەمێردێکی (٩٨) ساڵانە خەونی دیوەو لەخەونیدا، پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) شوێنی ئەوکانیاوەی پیشانداوە، گرنگیەکی دیکەشی ئەوە بووە، کە ئەوکانیاوە لەشوێنێکی رەق‌و تەقا هەڵکەوتووە، کە ئەو پیاوە پیرە بەدرێژایی تەمەنی لەو ڕێگاوە چووەتە سەرکارەکەی‌و هاتوچۆی پێدا کردووە، هۆیەکی تریش لەگرنگی ئەو باسە ئەوەیە کە ئەو ساڵە واتە پایزی (١٣٧٧) بارانی نەبوو زستانەکەشی بەفرو باران نەباری بەدوایدا بەهاریش بێ باران‌و هەموو وڵات وشکان‌و بێ ئاوبوو، بێ ئاوی خەڵکی خستبووە زەحمەت‌و تەنانەت ئاژەڵدارەکان ناچار بەفرۆشتنی بوون‌و زۆر لەئاژەڵکانیان سەربڕدران‌و کانیاوەکان هەموو وشك بوون.



یەك لەو کانیاوانەی چۆڕایی هات کانیاوی مزگەوتی کەسنەزان بوو، کە بەبیرەوەری بەساڵاچوانی ئاوایی کەس نەزان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا ئەو کانیە بێ ئاو نەبووە.

***جیاوازی ئەم ئاوە چییە لەگەڵ سەرچاوەکانی تر؟**

جیاوازی ئەوەیە کە پاش وشکبوونی کانیاوی مزگەوتی، (حاجی شێخ محەمەد سەعیدیان) کە یەکێك لەپیاوە ساڵحەکانی ئاوایی کەسنەزانە، لە هەمووان زیاترخەمی ئەو بێ ئاوییەی دەخواردو خەمی ئەو خەڵکەی لاگران بوو، شەوێك لەخەونیدا، کە وەختی بانگدانی نوێژی بەیانییە دەچێتە مزگەوتی ئاوایی، دەبینێ لەکەوشکانی مزگەوت، کەوشێکی زۆر ریزکراوە، کە دەچێتە ژووری، جەماعەتێك خەریکن نوێژی بەیانی دادەبەستن، لەنێو ئەوکۆرەدا تەنیا خوالێخۆشبوو شێخ ئەسعەدی گەورە دەناسێ کە نزیکەی (٤٥) ساڵ لەوە پێش بەرەحمەت چووە، لەمحرابەکەش پیاوێکی بەرگ سپی بەجلوبەرگی عەرەبی‌و پشتێنێکی سەوزەوە پێش نوێژیان بۆ دەکات، پاش سڵاودانەوەی نوێژەکە، شێخ ئەسعەد رووداوەکاتە حاجی محەمەدو پێی دەڵێ: (حەمە ئەو گونیە خوێیەم بۆ بێنە) حاجی لادەکاتەوە گونیێك خوێ لەولاترەوە، دەبینێ خوێیەکە تەڕە، شێخ ئەسعەد دەڵێ قەیناکە بیهێنە، کاتێ خوێیەکە دێنێ لە شێخ ئەسعەد دەپرسێ: ئەو پێش نوێژە کێیە؟ شێخ ئەسعەد دەڵێ: ئەوە پێغەمبەری ئیسلامە(د.خ) ئینجا حاجی دەچێتە خزمەتی‌و دەستی پێغەمبەر ماچ دەکات. پێغەمبەر دەفەرموێ: (حاجی ئەوە بۆ خەڵکی کەسنەزان نایەن بۆ نوێژی جەماعەت؟ حاجی محەمەد عەرزی دەکات، یارەسووڵڵا لەبەر بێ ئاوی، چونکە کانی ئاوی مزگەوت وشك بووەو ئاومان نییە دەستنوێژی پێ هەڵگرین.

پێغەمبەر دەفەرموێ: حاجی خودا فەرموویە سەرووی ئاوایی ١٠ مەتر خوارتر

لەداربیە گەورەکە، لەژێر بەردێکی زەردا، کانیاوێکی لێیە برۆن دەری بخەن و بیهێنن بۆ حەوزی مزگەوت. لەوەدا دەبێ حاجی بەخەبەر دێ و لەخەو هەڵ دەستێ و کەمێکیش وەك ترساو خێزانی لەخەو هەڵدەستێنێ و پێی دەڵێ، خەونێکی ئاوام دیوە.

خێزانەکەی دەڵێ: حاجی بۆ کەسی مەگێڕەرەوە، نەکا بۆ کورەکان خراپ بێت، بەڵام حاجی ڕۆژی جومعە بۆ نوێژ دەچێتە مزگەوت لەکاتی بانگی نوێژدا هەڵدەستێ و خەونەکە بۆ خەڵك دەگێڕێتەوەو بەقورئانی میحرابەکە سوێند دەخوات کە خەونێکی وەهام دیوە، وە دەڵێ: خەرجی هەڵکەندنی ئەو شوێنەش لەئەستۆی خۆم، پاش نوێژی هەینی چەند کەسێك دەچنە ئەو شوێنە، بەڵام هیچ تەڕایی نابینن یان گژو گیایەك نابینن. ڕۆژی دوایی چەند شوێنێك لەو دەوروبەرە هەڵدەکەنن و هیچ نادۆزنەوە تا حاجی محەمەد، بۆ خۆی دەچێت شوێنەکەیان پیشان دەدات و دەڵێ: ئائێرا هەڵکەنن، کە هەڵی دەکەنن واتە پاش هەڵکەندنی مەترو نیوێك بەردە زەردەکە، هەندێك تەڕایی دەبینن. بەلابردنی ئەو بەردە زەردە، کانیاوێکی پاك و ڕوون دەردەکەوێ، دەرکەوتنی ئەو ئاوە دەبێتە هۆی شادمانی بۆ دانیشتوانی کەسنەزان.

ئێستا ئەو ئاوە سێ لولەی گەورەی لێ جیاکراوەتەوە یەکێکیان دەچێت بۆحەوزی مزگەوت و دوانەکەی تر هەر لەنزیك چاوانەکەن، بەهاران بەئەندازەی ٧ بۆ ٨ ئینج ئاویان پیادێت، هاوینان زۆر کەم ناکەن.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئاوی کەسنەزان، هەرکەس بەجۆرێك باسی لێوەدەکرد، دەیانوت: حاجی محەمەد خەڵکێکی نەخێندەوار بووەو ئەو جۆرە شتانەی نەدەزانی، پیاوێکی گوندنشین بووە هەر خەریکی کشتوکاڵ و ژیانی ئاسایی بووە، هەڵبەت خەڵکی ئاوایی لەپیاوچاکی و سەر ڕاستی حاجی باس دەکەن و دەڵێن زۆر پیاوێکی خواپەرست و بەئەخلاق و حەلاڵ خۆرو دڵ فراوان و ڕووخۆش و خەڵك دۆست و بێ غەل و غەش و دڵسۆز بوو، بەدرێژایی تەمەنی کەس درۆی لێ نەبیستووە، لەگەڵ خەڵك بێ گرێ و گوڵ بووە، ئەو خەونە نەبوەتە هۆی لەخۆبایی بوون، هەرکەس خەونەکەی لێ دەپرسی بەڕووخۆشیەوە بۆی دەگێڕایەوە دەیوت: "ئەوە لەلای خوداوە بووە هیچ ئازایەتی من نییە".

فەرماندەی سەقز پێی وتبوو: چیت دەوێت بت دەمێ و خەڵاتت بکەم، حاجی محەمەد وتبووی: من پێویستم بەهیچ نییە تۆ چیت دەوێ من بت دەمێ.

حاجی هەرچەندە تەبارەی ماڵییەوە دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام زۆر چاوتێرو ورە بەرزو بووە، ئەو پیاوە لەپاش (٣) سێ ساڵ دوای پەیدابوونی کانیاوەکە لەتەمەنی (١٠١) سەدو یەك ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

*** ئەم سەرچاوەیە تاچەند بۆتە هۆی بوژاندنەوەی ناوچەکەتان؟**

بەبۆنەی ئەم سەرچاوەیەوەو هاتنی خەڵکی بۆ بینینی، جادەکەیان بۆ قیرتاوکردوین کە هەندەران و هەموو شارەکانی تری ئێران و عێراق و دەوروبەر دێن بۆ کەسنەزان.

*** ئەم ئاوە بۆ خواردن و خواردنەوە بەکاردێ یاخود بۆ هەموو شت بەکاری دەهێنن؟**

بەڵێ بۆ خواردن و خواردنەوەو سوودوەرگرتنی بۆ ئاوەدانی کشتوکاڵ و ئاوەدانی، وە بۆ موبارەکی خەڵکی دەستە دەستە ئاوی لێ دەبەن بۆ ئەو نیازەی کە لەدڵیاندایەو یان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی کە سوودیان لێ وەرگرتووە.



*** تاچەند کاریگەری هەبووە لەسەردانی گەشتیاران بۆ ناوچەکەتان؟**

تاڕادەیەکی ئێجگار زۆر کاریگەری هەبووە لەسەردانی گەشتیاران کە گوندەکەمان دەناسرێ بەو کەسانەی کە دێن بۆ بینینی گوندەکە.

*** وەك دەبینین هەندێك کەس ئەم ئاوە بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکار دەهێنن ئەمە بۆچی و تاچەند سوودی لێ بینراوە؟**

بەڵێ هەر کەسێك دێت بەنیازی نەخۆشی و هەر نیازێکی پاکەوە هاتبێ بەقسەی خۆیان کە جاری تر هاتوونەوەو باسیان کردووە ئەڵێن سوودی زۆر گەورەو باشمان لێ بینیوە.

*** هەستان کردووە، ئەم سەرچاوەیە کەمی کردووەو یان بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای ئەو کاتەی سەری هەڵداوە؟**

ئەم ئاوە لەهاویناندا کەم دەکات، بەڵام زۆرکەم هەستی پێ دەکەی، لەسەرچاوەکەیدا دوو بۆری گەورەی بۆ دروستکراوە بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ خەڵکی بۆرییەکی تری ڕاکێشراوە بۆ حەوزی مزگەوتەکە.

# چیرۆکێك
# كه له‌حه‌جی ساڵی ٢٠١٠دا ڕویداوه

عبدالحمید حمه فرج- هه‌ڵه بجه‌ی شه‌هید- لقی شاره‌زوور

پـاش تـه‌واوبونی مه‌راسـیمی حـه‌ج فرۆكه‌خانـه‌كان پڕبـوون لـه حاجیـان به‌مه‌به‌ستی گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ ناو ماڵو منداڵیان. سعید دانیشتبوو چاوه‌ڕوان بوو كه‌سێك هاتوو له‌ته‌نیشتی دانیشتو سڵاوی كرد ئه‌میش وه‌ڵامی دایه‌وه كه‌وتنه قسه به‌یه‌كه‌وه پاش ئاڵوگۆڕكردنی قسه. كابرا وتی (والله یاخ سعید) من كارم به‌ڵینده‌ریه خوای گه‌وره ته‌نده‌رێكی كرده نسیبم ده‌توانم ناوی بنێم ته‌نده‌ری ته‌مه‌ن له‌ڕووی سودوو قازانجه‌وه. بۆیه بڕیارم دا پاش سوپاسی په‌روه‌ردگارم یه‌كه‌م كار كه ئه‌نجامی بده‌م حه‌جی (ده‌یه‌مم) بێت، وه پیش هاتنم زه‌كاتی هه‌موو ماڵه‌كه‌مم ده‌ركرد تا حه‌جه‌كه‌م وه‌رگیراو قبولّ بێت انشاءالله.

سعید سه‌ری ڕاته‌كاندو وتی: (حجا مبرورا وسعیا مشكورا وذنبا مغفورا ان شـاءالله) پیاوه‌كـه زه‌رده‌خه‌نه‌یـه‌كی كـردو وتـی: (اجمعـین یـارب) ئـه‌ی حه‌جه‌كه‌ی تۆ هیچ به‌سه‌رهاتێكی تایبه‌تی نـه‌بوو كـاك سـعید؟ پـاش كـه‌مێك دوودڵی: والله براكه‌م چیرۆكه كه‌ی من دورو درێژه نامه‌وێت سـه‌رت بئێشێنم پیاوه‌كه پێكه‌نی وتی: خۆ ئێمه هه‌ر چاوه‌ڕێین سعید وتـی: بـه‌ڵێ چاوه‌ڕوانی به‌وه چیرۆكه‌كه‌ی من ده‌ست پێده‌كات، ساڵانێكی زۆر چاوه‌ڕوان بـووم تـاخوا ئه‌م سه‌فه‌ره پیرۆزه بكاته نسیبم، من له‌وكاتـه‌وه‌ی خوێنـدنم تـه‌واو كـردووه دامه‌زراوم وه‌ك چاره‌سه‌ركه‌ری فیزیای پێش (٣٠) ساڵ و به‌ره‌و خانه‌نـشینی ده‌ڕۆم، وه‌منداڵـه‌كانم سـوپاس بـۆ خـوا هـه‌مویان لـه‌حاڵو مـاڵی خۆیانـدان گرفتیان نییه‌و منیش ئاسوده‌م. بۆیه بڕیارمدا به‌و پاشه‌كه‌وته كه‌مـه‌ی هه‌مـه هه‌ر چۆنێك بێت فه‌ریزه‌ی حه‌ج به‌جێبهێنم نه‌ك ته‌مه‌ن مۆڵه‌ت نه‌دات.

پیاوه‌كه وتی: وایه حه‌ج روكنێكه له‌ئه‌ركانی ئیسلامو فه‌رزه له‌سه‌ر هـه‌ر كه‌سێك توانای هه‌بێت، سعید به‌رده‌وام بوو له‌سه‌ر قسه‌كانی وتـی: له‌هـه‌مان ڕۆژدا پاش ته‌واوبوونی ده‌وامم هه‌رچی پاره‌م هه‌بوو له‌حسابه‌كه‌م ده‌رم كـردو به‌ره‌و لای موته‌عه‌هیده‌كه به‌رێكه‌وتم، له‌ڕێگادا به‌یه‌كێ له‌و دایكانه گه‌شتم كه منداڵه‌كه‌ی ئیفلیج بوو وه‌چاره‌سه‌ری لای ئێمه بۆ ئـه‌نجام ده‌درا كاتێـك بیـنم زۆر غه‌مبار دیار بوو.

كـاك سـعید بـه‌خوات ده‌سـپێرم ئه‌مـه‌كۆتا جـار ده‌بێـت دێـم بـۆم خه‌سـته‌خانه‌یه سـه‌رم سـوڕما له‌قـسه‌كه‌ی وتم: واده‌زانم ڕازینیـت له‌چاره‌سـه‌ره‌كه‌ی ئێمـه‌و ده‌تـه‌وێت له‌خه‌سته‌خانه‌یه‌كی تـر چاره‌سـه‌ری بـۆ بكه‌یت، كاك سعید خـوا شـاهیده تـۆ بـۆ كوره‌كـه‌م لـه‌باوك دڵـسۆزتر بوویـت وه‌چاره‌سه‌ره‌كه‌ی تۆ زۆر سودی هه‌بوو بۆ منداڵه‌كـه پـاش ئـه‌وه‌ی كـه هـیچ ئومێدم نه‌مابوو به‌چاك بوونه‌وه‌ی پیاوه‌كه سه‌رسـام بـوو قـسه‌كانی به‌سـعید بڕی وتی: زۆر سه‌یره ئه‌گه‌ر ڕازی بوو له‌كاره‌كه‌ی تۆو منداڵه‌كه به‌ره‌و چـاكتر ده‌ڕۆشت بۆ وازی له‌چاره‌سه‌ره‌كه هێنا؟ سعید وه‌ڵامی دایه‌وه:

ئه‌مه بوو بیرو هۆشی منی سه‌رقاڵ كرد بوو بۆیـه گه‌ڕامـه‌وه بـۆ ئیـداره‌و له‌ژمێریاره‌كه‌م پرسی له‌هۆكاری ئه‌وكاره نـه‌ك بـه‌هۆی كـه‌م ته‌رخـه‌می منـه‌و بووبێـت وتـی: نـه‌خێر پیاوه‌كـه‌ی له‌سـه‌ركاره‌كه‌ی لادراوه‌و ئێـستا خـه‌رجی چاره‌سه‌ره‌كه‌یان نییه.

پیاوه‌كه دڵـی تـه‌نگ بـوو وتـی: (لاحـول ولاقـوة الا بـالله) به‌ڕاسـتی ئـه‌و ئافره‌ته هه‌ژاره، له‌م ڕۆژانه‌دا زۆرێك له‌خـه‌ڵكی وه‌زیفـه‌كانیان له‌ده‌ست داوه به‌هۆی ئه‌وباره ئابووریه‌ی ڕوی له‌وڵات كردووه لـه‌م دوایانـه‌دا. ئـه‌ی تۆچیت كرد كاك سعید؟ سه‌ردانی به‌ڕێوه‌به‌رم كردو باسم له‌حاڵی ئه‌و ماڵه‌و منداڵه‌كه كرد بۆی به‌ڵام وه‌ڵامی به‌ڕێوه‌به‌ر ئه‌وه‌بوو كه ئـه‌م خه‌سته‌خانه‌یه بـۆ قـازانج دانراوه‌و موئه‌سه‌سه‌یه‌كی خه‌یری نییه وه ئه‌گه‌ر خه‌رجی چاره‌سـه‌ریان نییـه بـا چاره‌سـه‌ر وه‌رنـه‌گرێت به‌دڵـشكاوی‌و غـه‌مباریم بـۆ ئـه‌و منداڵـه‌و دایكـی له‌كاتێكدا منداڵه‌كه به‌ره‌و چاك بوونه‌وه ده‌ڕۆشتو وه‌ستانی چاره‌سه‌ر مانای وایه وه‌ك خۆی لێ دێته‌وه، به‌بێ مه‌به‌ستو كوتوپڕ ده‌ستم خسته سـه‌ر ئـه‌و باخه‌ڵه‌م كـه پاره‌كـه‌ی حـه‌جی تێـدابوو لائـیرادی، لـه‌جێی خـۆم ڕاوه‌ستامو پاشان سه‌رم به‌رزكرده‌وه بۆ ئاسمانو له‌گه‌ڵ خوای خۆم گفتوگۆم كـردو وتم، خوایه گیان تۆ باش ئاگاداری ناو دڵی منی وه‌ده‌زانی كـه هـیچ شـتێك لـه‌دڵی مندا به‌ئه‌ندازه‌ی حه‌جی ماڵكه‌تو زیاره‌تی پێغه‌مبه‌ره‌كـه‌ت خۆشه‌ویـست تـر نییـه وه ماوه‌یـه‌كی زۆره خـۆمی بـۆ ئامـاده ده‌كـه‌مو شـه‌و ڕۆژو چـركه‌كان ده‌ژمێرم بۆ ئه‌و زیاره‌تو سه‌ردانه‌یه.

بـه‌ڵام پـه‌روه‌ردگارم مـه‌جبورم ئـه‌و سـه‌ردانه‌م له‌گـه‌ڵ تـۆ دوابخـه‌م په‌روه‌ردگارم داوای لێخۆش بوونت لێ ده‌كه‌مو تۆش به‌خشنده‌و به‌به‌زه‌یت.



گه‌ڕامه‌وه بۆ لای ژمێریاره‌كه‌و پاره‌ی حه‌جه‌كه‌م دا بۆ چاره‌سه‌ری شه‌ش مـانگی منداڵه‌كـه‌و پـێم گـوت بائافره‌ته‌كـه نـه‌زانێتو بڵـێ له‌سـه‌ر ئـه‌ركی خه‌سـته‌خانه‌یه چاره‌سـه‌ره‌كه وه‌صندوقی هه‌یه بـۆ ئـه‌م جـۆره حاڵه‌تانـه، پیاوه‌كه فرمێسك به‌چاویدا ده‌هاتـه خـواره‌وه (بـارك الله بـك) خـوای گـه‌وره نمونه‌ت زیاد كات. تۆ كه پاره‌كه‌ت به‌خشی ئه‌ی چۆن هاتی بۆ حه‌ج؟ سه‌عید به‌پێكه‌نینـه‌وه ئـه‌بینم په‌له‌تـه باسـه‌كه تـه‌واو بێـت، ئایـا بێـزار بوویـت له‌قسه‌كانم؟ گوێ بگره برام بۆ پاشماوه‌ی به‌سه‌رهاته‌كه.

ئه‌و ڕۆژه‌گه‌ڕامه‌وه ماڵه‌وه زۆر دڵ ته‌نگ بووم بۆ له‌ده‌ست دانی ئه‌و هه‌له‌ی ته‌مه‌نم كه فه‌ریزه‌ی حه‌ج به‌جێبهێنم وه له‌هه‌مان كات زۆر خۆشحاڵبووم به‌وه‌ی ته‌نگانه‌یه‌كم له‌سه‌ر خانه‌واده‌یه‌ك لابردبووه، شه‌و خـه‌وم لێكـه‌وتو فرمێسك له‌سه‌ر ڕومتم بوو له‌خه‌ومدا ده‌بینم ته‌واف ده‌كه‌م به‌چوارده‌وری به‌یتداو خه‌ڵكی سڵاوم لێ ده‌كه‌نو ده‌ڵێن (حجا مبرورا یاخ سعید) حه‌جت له‌ئاسمان كرد پێش ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر زه‌وی بیكه‌یت دوعامان بو بكه حاجی سه‌عید له‌خه‌و خه‌بـه‌رم بوویه‌وه‌و هه‌ستم به‌خۆشیه‌كی یـه‌ك جـار زۆر ده‌كـرد له‌گـه‌ڵ ئـه‌وه‌ی بـاوه‌ڕم نه‌ده‌كرد ڕۆژێك بێت پێم، بڵێن حاجی سه‌عید.

به‌ڵام سوپاسـی خـوام كـردو خـۆم ته‌سـلیمی فـه‌رمانی كـرد، زۆر نـه‌بوو له‌خـه‌و هه‌سـتابووم ته‌له‌فۆنه‌كـه‌مان زه‌نگـی لێـدا سـه‌یرم كـرد ده‌بیـنم به‌ڕێوه‌بـه‌ری خه‌سته‌خانه‌كه‌مانه وتـی: سـه‌عید فریـام كـه‌وه یـه‌كێ له‌وانـه‌ی شـه‌ریكه له‌خه‌سـته‌خانه‌كه‌داو نیـوه‌ی به‌شـی ئـه‌وه ده‌یـه‌وێت حـه‌ج بكـاتو موعالیجه‌كه‌ی كه به‌رده‌وام چاودێری ته‌ندروستی ده‌كات ناتوانێت هـامڕایی بكاتو خێزانه‌كه‌ی كاتی منـداڵ بـوونێتی جا تـۆ ده‌توانێت له‌گـه‌ڵی بڕۆیـت، نامه‌وێت وه‌زیفه‌كه‌م له‌ده‌ست بـده‌م كاتێـك ئـه‌و تـوڕه ببێـت. زۆر دڵ خـۆش بوومو به‌په‌له وتم ده‌ی ئه‌و ڕێده‌دات؟

وتی: بـه‌ڵێ منیش وتم به‌بێ هیچ به‌رامبـه‌رێكی مـاددی هـامڕایی ده‌كـه‌م، وه‌ئه‌وه‌تا سوپاس بۆ خوا ده‌مبینی فه‌ریزه‌ی حه‌جم به‌جێهێناوه‌و خوای گه‌وره ئه‌م ڕێزه‌ی لێنام به‌بێ ئه‌وه‌ی خه‌رجی سه‌فه‌ره‌كه بده‌م وه له‌سه‌رو ئه‌مه‌شه‌وه به‌خششێكی باشم وه‌رگرت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زۆر له‌كاره‌كه‌م ڕازی بوو.

به‌سه‌رهاتی ئه‌و دایكه غه‌مباره‌و منداڵه نه‌خۆشه‌كه‌شم گێڕایه‌وه بۆی كـه چیان به‌سه‌رهاتووه بۆیه بڕیاری دا له‌سه‌ر بوجه‌ی خۆی سندوقێكی كۆمـه‌كی له‌خه‌سته‌خانه‌كه‌دا دانێت بۆ ئـه‌و جـۆره حاڵه‌تانـه وه مێـردی ئافره‌ته‌كه‌شـی له‌شه‌ریكه‌یه‌كی خۆی دامه‌زراند.

پیاوه‌كه هه‌ستایه‌وه‌و نێوچاوانی سه‌عیدی ماچ كرد: كاك سه‌عید، سوێند به‌خوا له‌ژیانمدا واهه‌ستم به‌شه‌رمه‌زاری نه‌كردووه هه‌موو ساڵێك حه‌ج لـه‌دوای حه‌ج ده‌كه‌م وامده‌زانی كارێكی زۆر گه‌وره‌م كردووه پله‌م به‌رز ده‌بێتـه‌وه لای په‌روه‌ردگارم. به‌ڵام بۆم ده‌ركـه‌وت ئێـستا حه‌جه‌كـه‌ی تـۆ هـه‌زار ئه‌وه‌نـده‌ی حه‌جه‌كه‌ی منو هاوشێوانی من خێری زیاتره، كاك سه‌عید من ڕۆشتم بۆ حه‌ج به‌ڵام تۆ بانگهێشت كرای بـۆ ماڵه‌كـه‌ی خـوا پیاوه‌كـه هه‌سـتا لای سـه‌عیدو ئه‌مه‌ی به‌ده‌م خۆیه‌وه ده‌وت. ئێمه‌ش له‌كۆتایـدا ده‌ڵـێن كـاك سـه‌عید (حجـا مبرورا وذنبا مغفورا وسعیا مشكورا ان شاءالله).

# خیانەتی هاوسەری لەڕوانگەی ئیسلامەوە

حەمید ئەحمەد عبدالفتاح قەلاَدزەیی

روخان و دارمانی پەیوەندیو، خیانەتو ناپاکی نیشانەی دووریە لە خودای گەورە، کاتێکیش مرۆڤو کۆمەڵگا لە پەروەردگاری دوورکەوتەوە ئەوە لە شەیتان نزیك دەبێتەوە، نزیك بوونیش لە شەیتان هۆکاری کەوتنە ناو گوناهو تاوانو ناپاکیو خیانەتی هاوسەریو شتی ناڕەواو حەڕامە، بە پێچەوانەوەش نزیك بوون لە خودای گەورە مایەی دووربوونە لە شەیتانو هاوکارانو یاوەرانیو،ڕێچکەو ڕێبازو تاوانیان.

لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا هەندێك خێزان بەهۆی دووربوونیان لە خوداو، کزبوونی ئیمانیان، خراپ لێکهەڵوەشاونو، کەوتوونەتە داوی ڕێچکەکەکانی کوفرو نیفاقو، بێئەوەی هەست بکەن لە شا ڕێگەی ئیسلام دوو کەوتوونەتەوە.

داوێنپاکی هاوسەرانو پاراستنی خۆیان لە خیانەتو ئەو نەخۆشیە ترسناکە، مایەی پاراستنی خێزانو کۆمەڵگاو وڵاتە، بنەمای وەبەرهەمهاتنی نەوەی باشو پاکو خاوێنو سوودبەخشە.

هەرکەسێك بە حەیاو نامووسو شەڕەفی خەڵك رابوێریو، نامەردانە لە دەرگای خەڵك بدات، کەسی تر بەناموسو شەڕەفی ئەو رادەبوێرنو، لە دەرگای دەدەنو، ئەو قەرزەی کە وەریگرتووە دەبێ بیداتەوە !.

داوێنپاکی ڕەوشتێکی ئیماندارانەو، لە هەمان کات پارێزەری ئیمانو عەقیدەیشەو، کۆمەڵگا جوانو رازاوەو ئارام دەکاتو، خۆشی هێنەری دونیاو قیامەتەو، مایەی وەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەدگارو، مسۆگەرکردنی بەهەشتە.

قورئانی پیرۆزو سوننەت شارێگەو تاکە بەرنامەی دروستکردنی پەیامی داوێنپاکیو، ڕەوشت بەرزیو، پاراستنی خێزانەو، تا لەو پەیامە خواییە دووریکەوینەوە، زیاتر دەبین بە ئامانجی ناحەزانو کەسانی داوێنپیسو، بەدڕەوشتان.

ئەمڕۆ هۆکارەکانی تێوەگلان لە خراپەو خراپەکاریو تاوانو شەڕواڵ پیسی یەکجار زۆرەو، بمانەوێ یان نا، ڕووی لە زۆربەی ماڵانو، هاوسەرانو، لاوان کردووە بە تایبەتی، کە بەڕاستی پێویستی بەچاودێری زیاتری حوکمەتو دەسەڵاتو، لەخەمدابوونو بە تەنگەوەهاتنی زانایانی ئایینی هەیە، چونکە بێ دەنگیو بێ هەڵوێستی زاناو خەڵكو میللەتو حکومەت بەرامبەر بەم بەرهەڵدایيو دیاردە ناشەرعیانە وادەکات کە بەشێوەیەکی خراپتر لە پێشترو، ترسناکتر لە جاران گەشە بکاو بڵاَببێتەوە.

ئەوە روونە، کە لەم سەردەمو زەمانەدا دونیا لە تاکی موسڵمانی خۆپارێزی لە خواترس بچووکتر بۆتەوە، هەر لایەك رووی تێدەکات پشکۆی سوورکراوەی گوناهەو، رایدەکێشی بۆ گوناهێکی گەورەترو، تاوانێکی زلو قەبە تر، کە بە داخەوە سەری هەموویان راگەیاندنو هۆکارەکانی بلاَوکردنەوەو، پەیوەندین بە هەموو جۆرەکانیەوە.

سوننەتی پەروەردگارەو لەژیان دایڕشتووە،کە هەموو پیاوێك پێویستی بە ژنەو، ژنیش پێویستی بەپیاوە، بەلاَم ئەم پێویست بەیەکتربوونەو، ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان دەبێ لە ژێر سایەو سنووری شەرعو پەیامی پیرۆزی ئیسلامدا بێو،دووربێ لەهەر تێکەلاَویو پەیوەندییێکی هەڕەمەکیو حەزێکی کاتیو شەهوانی، چونکە ژنو پیاوی شەرعی تەواوکەری یەکترنو، وەك خوای گەورە دەفەرموێ جلو پۆشاکن بۆ یەکترو، عەیبو شەرمەی یەکتر دادەپۆشنو، پێویستی یەکتر پڕدەکەنەوەو، دەبێ خۆیان دووربگرن لەهەر هۆکارێك کە مایەی سووك سەیرکردنی یەکتر بێتو، یان بەهەر جۆرێك بێڕێزی بەرامبەر بە یەك بنوێنن، کەبێ گومان گەورەترین بێڕێزی نواندنیش لە نێوانیان بەدڕەوشتیو خیانەتو، داوێنپیسیو، بەتاڵکردنەوەی حەزی جنسیە لە دەرەوەی سنووری پارێزراوی خێزان.

ئەنجامی خیانەتو ناپاکیو لادان، تەنها شەرمەزاریو سەرشۆڕی دونیاو دواڕۆژەو، کاروانیان تەنها بەرەو غەزەبی خوا بەڕێدەکەوێت، تەنها مەگەر تەوبەبکەنو دەست هەڵگرن، ئەگینا بەهۆی ئەو خۆشیەکی حەڕامی کەمی دونیا، ناخۆشیەکانی دواڕۆژ بۆخۆیان مسۆگەر دەکەن.

# سیفەتەکانی چاکەکردن

مەلا عبدالعزیز مەنتك

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕەوشتی وابوو هەموو دوای نوێژێك ئامۆژگاری هاوەڵە بەرێزەکانی دەکرد..

ڕۆژێك لە دوای سەلام دانەوەی یەکێك لە نوێژەکان رووی شەریفی لە ئەصحاب کردوو پێ ی فەرموون:

* کێ ئەمڕۆ لە ئێوە بەرۆژووە؟

– پێشەوا ئەبوبەکر (خوا لێ ی رازی بێ) فەرمووی: ئەمن ئەی پێغەمبەری خوا.

* پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: کێ ئەمڕۆ لە ئێوە یارمەتی هەژارێکی داوە؟

– پێشەوا ئەبوبەکر فەرمووی: ئەمن ئەی پێغەمبەری خوا.

* پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: کێ ئەمڕۆ لە ئێوە سەردانی نەخۆشێکی کردووە؟

– پێشەوا ئەبوبەکر (خوا لێ ی رازی بێ) فەرمووی: ئەمن ئەی پێغەمبەری خوا.

* پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: کێ ئەمڕۆ لە ئێوە بەشداری لە (مەڕاسیمی) بەخاك سپاردنی جەنازەیەك کردووە؟

– پێشەوا ئەبوبەکر (خوا لێ ی رازی بێ) فەرمووی: ئەمن ئەی پێغەمبەری خوا.

* پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ صوڵحی لە نێوان دوو کەس کردووە؟

– پێشەوا ئەبوبەکر (خوا لێ ی رازی بێ) فەرمووی: ئەمن ئەی پێغەمبەری خوا.

ئینجا لە پاشان پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بزانن هەر باوەڕدارێك ڕۆژانە یەکێك لەم سیفەتانە ئەنجام بداتن ئەوە لە دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشت بانگهێشتی دەکرێت کە لەم دەرگایەوە بڕوات بۆ ناو بەهەشت..

پێشەوا ئەبوبەکر (خوا لێ ی رازی بێ) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەی ئەگەر هاتوو کەسێك هەموو ئەو ڕەوشتانەی لێ هاتە جێ؟



پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: لە هەر هەموو دەرگاکانی بەهەشت بانگی دەکرێت..

پێشەوا ئەبوبەکر (خوا لێ ی رازی بێ) فەرمووی: ئایا یا رسول الله کەس هەیە لە هەر هەموو دەرگاکانی بەهەشت بانگی بکرێت ؟

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەڵێ لە ئۆممەتی من کەسانێك هەنە کە لە هەر هەشت دەرگاکانی بەهەشت بانگی دەکرێت وە تۆش یەکەمیانی ئەی ئەبابەکر.



# چەوا دێ زاروکێت خو کەینە هەلگرێت ئالایێ ئیسلامێ

مەلا جهاد حسن بیسفکی*

دیاردەکا نێگەتیف دناڤ کومەلێ مەیێ موسلماناندا یا بەربەلاڤە، ژبو هەلبژارتنا پاشەروژا زاروکێت موسلمانان، بشێوازەکێ زالداری بو چەسپاندنا رأیا خو بسەر یا زاورکاندا، ل ناڤ گەلەک خێزاناندا دێبینین زاروکەک چ کچ یان کور دیاربو ژ شێوازێ رەفتارێن وی ودیڤ چون بکریارێت وی، بو بنەماییێن ئاییینێ ئیسلامێ ، و ئارەزوییێن ئاییینی ل دەڤ پیدادبن، تاکو ئاییینێ وی بویە پارچەک ژ ژیانا وی یا روژانە، هێش لدەمێ زاروکینییێ، ل وی دەمێ ئەڤ دەیکو بابە دێ رابن بدانا چەسپاندنا فەرمانەکێ بو قوتابخانەکا ئەکادمی ، و دێ فشارەکا زور ل سەر وان کەن کو پەیوەندییێ بئالیەکێ دیڤە بگرن، وەک دڤێت ئەڤ زاروکە ببیتە ئەندازیار یان نوژدار یان.... بێی حەزا ڤی زاروکی بو وێ بیروباوەرا وان هەلبژارتی هەبیت، ئەڤجا ئەڤە ژ هەرقوناغەکا هەبیت دەستپێبکەت، ئەگەر مە ئەڤ راستیا ئاشکەرا زانی درەفتارێن درەفتارا چەوانیا ئاڤاکرنا قەوارەیێ هزری و رەفتاری یێن زاروکێن خو مە دواندا بەرجەستەکرنەکا کویر بەرجەستکر ، هینگی دڤێت ئەم زاروکێت خو دیرنەکەین ژ وان قوتابخانێت زانستێت ئاییینێ ئیسلامی لێ تێنە خواندن پێگەهاندن، ودێ ریکا درست بو هەلبژێرین، دهەمان کاتدا ئەڤ زاروکەژی دێ سەرکەفتنێ بدەست خوڤە هینیت و دێ دپەیاما ئاییینێ خوگەهیت ، و تەرازیا خو راست و درست کەت، دیر ژ بیرو باوەرێت سەردا چوی وچاڤ لێکرن و نمونەکرنا هندەک کەسانێن سەردا چویی وفێلبونا رەوشتێ بەرزەبونێ دکارو بارێن ژیانێدا یان دبیاڤێت هزریدا، هوسا دێبیتە پشت گوه هاڤێتنا بهاییێن ئیسلامێ و بازدانا ل سەر تخوییێن وی ، ئەس دشیم بێژم ببیتە دژاتیا رێورەسمێن وێ کەت ومەترسی دێ کەفیتە دئایندێ ویدا، لەورا هەلبژارتنا رێکا درست دهێتە هەلبژارتن ژبریارێت گرنک دژیانا مروڤیدا ، وئەڤ چەندە ژی دێ کارتێکرنێ ل ئاییندێ وی ویێ خێزاناوی ، ویێ سەنتەرێ وی، یێ جڤاکێ وی کەت، هەلبەت چ دەیکو بابان نەڤێت زیان بگەهیتە زاوکێت وان ، لێ بەلێ دەست نیشانکرنا چارەنڤیسێ وئایندێ مروڤی ژ هەرتشتەکی گرنگترە، هزرا وانا مەزنە لێ شیانێن زاروکێت وان دسنوردارن ، ودڤێت ئەم بزانین کو پتریا مروڤان دوارەکی یان پسپورەکی بتنێ دشارەزانە ، کێم مروڤ نەبن دبەهرمەندبن وگەلەک پسپوریا بزانن،لەورا ئەگەر مە بەرێ ڤان زاروکان نەدا قوتابخان و تەکیاییێت ئاییینی ! بلا بینە پشتەڤان بو وێ ڤیانا هاتیە چاندن دناڤ دلێ واندا ، کو خزمەتا ئاییینێ ئیسلامێ یە ، و بوێ چەندێ دێشێت خزمەتا ئاییینێ خو کەت لدیف پیپسپوریا خو ئو دێبیتە ئەندامەکێ ئەکتیف و مفادار دناڤ جڤاکێ خودا وخزمەتا باش و بەرپێشی هەموو لایان کەت.

* ئەندامێ لقێ دهوک زانایان.






# دایە، تکات لێ دەکەم منەت بەسەرما مەکە..!!

**و: هەردی ئەنوەر**

هەروەك مرۆڤەكانی تر مافی هەڵبـژاردنی دوو شتم نییە: یەكیان لـە دایـك بـوون و ئـەوی تریـان مردن!! بەڵام ئێستا كە هاتووم و بێ ئەوەی كـە بمـەوێ، مـافی ژیـانم هەیـە. پـێم خۆشـە بـەرزو نشێوی ژیان خۆم بیپێوم.. سارد و گەرمی بچێژم و لێ ی فێربم.. لە ژیانما فریشتەیەك دەبیـنم كـە بوونی خۆی سـەرفی ژیـانی مـن كـردووە و پـاك و پـیرۆزە.. وەسـف ناكرێـت و پلـەو پایـەی لای پەروەردگار بـەرزە.. بـەڵێ! دایـە بـوونم پـڕە لـە خۆشەویستی تۆ.. لە مناڵیا ئاگـاداری مـن بـووی، منت پەروەدە كردووەو درێغیت نەكردووە لە پەنا دانـی مـن.. هـیچ كاتێـك پـەی بـە مهرەبـانی و گەورەی تۆ نابـەم.. تواناشـم نییـە كـە قـەرەبوی كەمـەوە بـۆت.. بـەو شـێوەی كـە شـایەنی تۆیـە سوپاسگوزارت بم..

دایـە! ئێـستاش كـە لـە گـەڵ تـۆ دەردە دڵ دەكـەم.. دەترسـم دڵـی شوشـەی تـۆ بـشكێنم.. بـەڵام تـۆ دایكـی مهرەبـان و بەبـەزەی! لـە تـۆم بیـستووە كـە ئـەو هـەموو دوعـا و نوێـژەت خوێنـدەوە لـە دەرگـای خـوای گـەورەت داوەو فرمێسكت ڕشتووە تا كچێكت پـێ ی ببەخـشێ و ببێتـە هاوڕێـت و لەگـەڵت بێـت و شـادی و خۆشحاڵێت بۆ بێنێت.. ئێمڕۆ لە لای تۆم و تـۆش لە لای منی لە باوەشی گەرمی تۆ.. چەند رۆژێكە هەستێكی تری تۆ دەبینم.. لەو كاتەدا كە لە ژێر زمانـەوە دەتـوت" تاكـەی بـۆت لێبنـێم، بیـشۆم، وشكی كەمەوە.." خۆزگە بمزانیایە لە پـشت ئـەو وتانەتـەوە چـی نهێنییـەك خـۆی حەشـاردراوە..

نـەوەك لـە مـن مانـدووبوبێتی و بـوونم بـۆت قورساییەكی دروست كردووە؟

دایە! دایە من رازی نیم بە ئازاری تـۆ، بـەڵام ئیتر رازی نیم لە لات بم؟ دەزانم چەندێ بوومە بە ئەرك بۆ تۆ .. بەڵام ئێستا دەتوانم ئاگام لە خـۆم بێت.. تۆ دەتوانێ هەنـدێ لـە ئیـشەكانت بـە مـن بسپێرێ.. ئاسودەتر بژی و بـچی سـەفر بكـەی.. كەمتر دەتوانی بـە مـن مەشـغوڵ بیـت و دەتـوانم جلـەكانم بـشۆم و ئوتوشـیان بكـەم.. دەسـتی چێـشت لێنـانم وەك تـۆ نابێـت بـەڵام دەتـوانم خواردنی بەیانی دروست بكەم..گـەر هەنـدێ جار درەنگ گەشتمەوەماڵەوە پێم خۆش نییە نیگـران بیت بۆم..

دایە! تكات لێ دەكەم ئیشەكانت لەگەڵ مـن دابەش بكە.. بەڵام بە نیگایەكانت تـێم مەگەیەنـە كـە بـڕۆم.. كـە تـۆ مانـدوویت و تـا كـەی حـەقی دایكایەتیم دەدەیتێ، تاكەی بۆم لێ نێ و تاكـەی بۆم بشۆی..تاكەی بۆم وشك بكەیتـەوە..!! مـن مافی ئەوەم هەیە بژیم، چێژ لـە ژیـان وەربگـرم.. لـەوە دەچـێ هێـشتا كـاتی رۆشـتنم نـەهاتبێ، نامەوێ ببمـە ئـەرك بەسـەرتەوە.. كـەمێ موڵـەتم بدەرێ.. بەڵام بزانە كـە مـن هـەر دەڕۆم..!! بـۆ ئاسودەی تۆش بێـت هـەر دەڕۆم.. تـا هەناسـەی تـازە بەڕاحـەتی بـدەی!! دڵـم بـۆت زۆر تـەنگ دەبێ.. چ كەسێك دەزانێ لەوە دەچێ لە داهاتووا خۆم ببم بە دایكی كـچێك.. چـونكە ئەمـە یاسـای ژیانە.. بەڵام هیچ شتێك ناخەمە ئەستۆی تەنانەت هەستی دایكایەتی خۆشم..

دایە! قـەزاوەت كردنـی تـۆ ئیـشی مـن نییـە چونكە من تێیدا نیم!! تەنها دەمەوێ هەستم پێ ی بكـەی.. وەك مرۆڤێـك كـە مـافی هەڵبـژاردنی خۆی هەیە.. نیگایە قورسەكانی تـۆ دڵـم دەكەنـە نیشانە، بـەڵام مـن بـە ویـستی خـۆم نەهاتومەتـە دونیـا بۆیـە قبـوڵم بكـە و رێ ی بـدە بـژیم، بـێ منەت!!

دایە! من گەورە بووم، دەتوانم باش و خراپ لێك جیا بكەمەوە.. رێگـای خـۆم هەڵبـژێرم.. مـن وەك دایكێك ئامۆژگاری بكە بەڵام رێ ی بدە خۆم بڕیـاڕی كۆتـای خـۆم بـدەم.. مـن هـەموو كـات پێویستم بە سۆز و میهرەبانییەكانی تۆیە، من تێر بكە.. بێ منەت..!!!!



# بورە قوربان نەتپێکاوە

# وەڵامێك بۆ بەڕێز مامۆستا عومەر نیزامی

مەلا عیماد گوانی



فیقهی بەراورد

## دووبارە كردنەوەی ( عومرە )

عمر أحمد نظامي*

چەند سالێکە لەگەڵ زۆربوونی کاروانی عەمرەی پیرۆزدا، چەندەلێك سەری هەڵداوە: ئایا دوبارەو چەند بارە کردنەوەی عەمرە لەیەك سەفەری حەج، یان عەمرەدا کارێکی دروستە، یان بیدعەیە؟.

بۆیە منیش دەمەوێ -پشت بەخوا- هەندێ بەوردی بچمە ناو ئەو باسەو، رای مەزهەبەکان بخەمەڕوو، هەتا هەموومان بەرچاوروونتیرین، دوای بەڵگە بکەوین، شتی بچووك گەورە نەکەین، هەتا لەو کاروانە پیرۆزەدا خۆشەویستی بپارێزین، خۆمان بەچەندو چوونو دەمەقاڵێوە خەریك نەکەین.

عەمرە لای حەنەفییەکان سوونەتەو، بەدرێژایی ساڵ دروستە، چەندبارە کردنەوەیشی هەردروستەو بیدعە نیە، بەڵام رۆژی عارفەو، رۆژانی جەژن کەراهەتی هەیە بۆکەسێك مەشغوولی حەج بێت(١).

عەمرە لای مالکییەکان سوننە تێکی زۆر گەورەیە، کەراهەتیشی هەیە دوبارە کردنەوەی لەساڵێکدا(٢).

عەمرە لای شافعییەکان یەکجار واجبە، بەدرێژایی ساڵیش دروستە، مەگەر ئەو رۆژانەی حاجی مەشغوولە بەحەجەوە، چەندبارە کردنەوەیشی هەر خێرە.

عەمرە لای حەنبەلییەکان واجبە یەکجار، چەندبارە کردنەوەیشی لەیەکساڵدا کەراهەتی نیە، بەڵام باش نیە یەك لەسەریەك بێت بەلای شیخ موفق الدینو هەندێکی ترەوە.

هەندێکیشیان لایان وایە چەندن دووبارەیکاتەوە هەر خێرە(٣).

لەساڵەکەدا دروست بێت، ئیتر جیاوازی چییە لەنێوان حەجو عەمرەدا؟. ئەگەر ئەڵێن: جیاوازی ئەوەیە عەمرە لەهەموو ساڵەکەدا دروستە، ئەوە تابێتە وەڵام، چونکە لەهەرکاتێکدا کردت ئیتر تاساڵی داهاتوو ناکرێت، ماناى وایە وەك حەجی لێ هات؟ .

٢- فەرموودەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت): (العُمرة إلى العُمرة كفارة لما بينهما والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة)(٤)، واتە: عەمرە بۆ عەمرە کەفارەتی گوناهی نێوەندیانە، حەجی دروستیش پاداشتی نیە جگە لەبەهەشت).

٣- فەرموودەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت): (تابعوا بين الحج والعمرة فإنهما ينفيان الفقر والذنوب كما ينفي الكير خبث الحديد والذهب والفضة، وليس للحجة المبرورة ثواب إلا الجنة) قال أبو عيسى حديث حسن صحيح غريب)(٥)، واتە: پەیتا پەیتا حەج وعەمرە بەدوای یەکدا بکەن، چونکە ئەو دوانە هەژاریو تاوان لادەبەن، وەك چۆن کورەی ئاگر چڵکو پلکی ئاسنو ئاڵتوونو زیو لادەبات.

### بەڵگەکانی رای کەمینە

١- روونترین بەڵگەی ئەمان ئەوەیە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) چوار عەمرەی کردووە، لەهیچ کامیاندا عەمرەکەی دووبارەو سێبارە نەکردۆتەوە، ئەگەر سوننەت بوایە دووبارەی دەکردەوە، کەوابوو دووبارەکردنەوەی کارێکی بیدعەو مەکرووهە(٦).

١- ئیمامی شافیعی دەفەرموێت: "عەمرە لەهەموو ساڵدایە، خراپ نیە گەر کەسێك لەساڵێکدا چەندین جار عەمرە بکات، ئەمەیش قسەی زۆربەی زانایانی مەککەیە.

گەر کەسێ بڵێ: بەڵگەت چییە لەسەر ئەم قسەیە؟

دەڵێم: عائشە -رضي الله عنها- هاتە مەککە، دیاری (هدي) پێ نەبوو ئیحرامی بەعەمرە بەست، کەوتە عوزری شەرعی نەیتوانی تەواف بکات، پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: ئیحرام ببەستە بەحەجو عەمرە (قران)، کاتێ حەج وعەمرەی تەواو کرد، حەزی کرد عەمرەیەکی تەنهایش بکات، پێغەمبەر ناردی بۆ تەنعیم، دیسانەوە ئیحرامی بەستەوە بەعەمرە هەر لەو مانگەدا، ئیتر دوای ئەم فەرمانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) بە دوو عەمرە لەمانگێکدا، چ کەسێك دەتوانێ گومانی ئەوە بەرێت لەساڵێکدا تەنها یەك عەمرە دروستە؟)(٨).

٢- ئەوەوی دەفەرموێ: ( پێویستە حاجیو عەمرەکار ماوەی مانەوەیان لەمەککەدا بەهەل بزانن، عەمرەو، تەوافو، نوێژ زۆر بکەن لەمزگەوتی حەرامدا، ئەمە خێرێکی گەورەیە، بەتایبەت لەرەمەزاندا(٩).

٣- ابن القيم الجوزي دەفەرموێ: پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) چوار عەمرەی کردووە هەرچواریان لە (ذي القعدة)

لەژمارە ٧٤ی گۆڤاری پەیامی زانایان بابەتێکی مامۆستا عومەر نیزانیم بەرچاوکەوت بەناونیشانی (دوبارەکردنەوەی عومرە)، ئەتوانم بڵێم: سەرنجراکێشترین بابەتی نێو گۆڤارەکە بوو بەلای منەوە، چونکە بابەتێکی زیندووەو قسەی زۆری لەبارەوە دەکرێت، هەر بۆیە زۆر بەتامەزرۆیی کەوتمە گیانی بابەتەکە بۆ چەند جار خوێندمەوەو، دەرئەنجام گەیشتمە ئەو رایەی کە نووسەر جێگای رێزو دەستخۆشی لێکردنە، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی بوو لەلامو، نەدەکرا خۆمی لێ مات بکەم وەك ئەوەی هەر بابەتەکەم نەخوێندبێتەوە، بۆیە دەستم دایە خامەو، تێبینییەکانم لە چوار تێبینی جێگا کردەوە، بەو هیوایەی توانیبم هەندێ لەو شتانەی کە بەلای منەوە نووسەر نەیپێکاوە بتوانم راستیان بکەمەوە، فەرموون ئێوەو تێبینییەکانم:

### تێبینی یەکەم:

بابەتەکە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەکەم باس لە (عومرە) دەکاتو، هەروەها حوکمی دوبارەکردنەوەی، تەوەری دووەمیش کە کەم یا زۆر پەیوەندی بە ناونیشانی بابەتەکە نییە، باس لە تەوافی ئافرەت ئەکات، هەر بۆیە ئەمەوێت تێبینییەکانم کورت هەڵێنمو بە سنووری تەوەری دووەم گوزەر ناکەم.

### تێبینی دووەم:

نوسەر هەوڵ ئەدات کە بابای خوێنەر بابەتیانە بیربکاتەوەو، دەمارگیری بۆ ئەمو ئەو نەبێت، بەڵام ئەگەر سەیری بابەتی نووسەر بکەین بە وردی، ئەوە ئەم مواسەفاتە لەبابەتی جەنابیان رەنگ ناداتەوە، ئەو هاتووە رای هەر چوار مەزهەبە دیارەکانی هێناوە دەربارەی حوکمی عومرە، پاشان بەڵگەی زۆرینەی باسکردووە لە ٥٢ دێردا، بەڵام رای کەمینەی تەنها لە ١١ دێڕ باسکردووە.

هەر کەسێك بابەتەکە بەتێرامانێکی ورد بخوێنێتەوە، ئەوە بۆی دەردەکەوێت: کە نووسەر هەر لەسەرەتاوە سۆز بۆ رای یەکەم دەردەبڕێتو بەرگری لێدەکاتو، بەدروستی دەزانێت، ئەمەش لە بابەتی بوونی بابەتەکە کەم دەکاتەوە.

### تێبینی سێیەم:

نووسەر بابەتەکەی تێکەڵ بە یەك کردووە، هەر بۆیەش نەگەیشتۆتە ئەنجامێکی دروست، بۆ ئەوەی هەموو لایێك بەرچاوروون بین ئەبێ بزانین کە مەسەلەی چەند بارەکردنەوەی عومرە ئەکرێت بە ٣ بەش:

* دووبارەکردنەوەی عومرە لە ساڵێکدا.
* چەند بارەکردنەوەی عومرە لە رۆژانی جەژندا.
* چەند بارەکردنەوەی عومرە لە شاری مەککە لە هەموو کاتێکدا.

ئەوەی نووسەر هێناویەتیو قسەی لەسەر کردووە تەنها بەشی یەکەمی باسەکەیە، کە باس لە یەکجار زیاترکردنی عومرەیە لەساڵیکداو، هەموو ئەو بەڵگانەی کە باسیکردوون ئەچنە ناو خانەی ئەو بابەتە، لەگەڵ ئاماژەیێکی بچووك بە بۆ بەشی دووەمی باسەکە، کە ئەنجامدانی چەند عومرەیێکە لەرۆژانی جەژندا.

جا ئەوەی سەیرە لێرەدا، نووسەر لەسەرەتای باسەکدا ئەڵێت: (چەند ساڵێکە لەگەڵ زۆربوونی کاروانی عومرەی پیرۆزدا جەدەلێك سەریهەڵداوە ئایە دووبارەو چەندبارەکردنەوەی عومرە لە یەك سەفەری حەج یان عومرەدا کارێکی دروستە یان بیدعەیە).

نووسەر لێرەدا ئەیسەلمێنێت کە مەبەستی لە بابەتەکە دوانە لەسەر تەوەری سێیەمی چەند بارەکردنەوەی عومرە بۆ ئەوانەی لە مەککەن، یاخود دەچنە مەککە، ئایا چەند بارەکردنەوەی عومرە خێرو سوونەتە یاخود نا، بەڵام نووسەر دوور یاخود نزیك بە ئاقاری ئەم باسەدا نەچووە هەروەك باسم کرد، بەڵکو ئەوەی جەنابیان لەسەری دواونو راڤەیان کردووە بەشی یەکەمی باسەکەیە، کە من کردومن بە سێ بەش.

ئێستاش باس لە را جیاوازی زانایان ئەکەم لەسەر هەرسێ بەشی بابەتەکە، بۆ ئەوەی وەك نووسەر ئەڵێت: خوێنەرو عومرەکاریش زەمینەیان بۆ بسازێت تاکو بتوانن بەشداربن لە حوکمێکی دادوەرانە.

### بەشی یەکەم:

چەند بارەکردنەوەی عومرە لە ماوەی ساڵێکدا.

دوو رای جیاواز هەن لەو بارەیەوە:

رای یەکەم: وای بۆ دەچن کە خێرەو پەسندە لەساڵێکدا عومرە چەندبارە بکرێتەوە.

ئەمە رای پێشەوا عەلیو عائیشەو ئیبن عومەرو ئیبن عەبباسو ئەنەسو عیکریمەو سەوریو عەتاءو تاووسو، حەنەفیەکانو ئیبن عەبدولبیرە لە مالیکییەکانو، رای زانایانی شافیعیو حەنبەلیەکانە.

ئەو بەڵگانەی نووسەر هێناویەتی بەڵگەی ئەم گروپەن لەسەر سەر سەلماندنی راو بۆ چوونیان، کە چەند بارەکردنەوە پەسندە لە ساڵێکدا.

پێویست بەوە ناکات بەڵگەکان لێرەدا دووبارە بکەمەوە.

رای دووەم: کە وای بۆ دەچن چەندبارەکردنەوەی عومرە لە ساڵێکدا مەکرۆهە و ناپەسەندە:

ئەوەش بۆچوونی ئیبراهیمی نەخەعیو حەسەنو ئیبن سیرینو سەعیدی کوڕی جوبەیرو، مەزهەبی مالیکیو رای پێشەوا موزەنی یە لە زاناکانی شافیعی مەزهەب.

بەڵگەی ئەم گروپە ئەمانەی خوارەوەن:

١- (أن الرسول -صلى الله عليه وسلم- لم يعتمر عمرتين في عام واحد، وقد اعتمر في حياته ثلاث عمر أو أربع، كل عمرة منها في سنة). سەیری کتێبی (التمهيد) ئیبن عەبدولبیر- ج٩- ص٢٧١- دار الكتب العلمية- بکەن.

٢- (ورد عن عائشة أنها كانت في اخر أمرها اذا حجت بقيت في مكة حتى يهل الحرم المحرم ثم تخرج من مكة الى الميقات فتهل بعمرة، فكان حجها يقع في عام، وعمرتها في عام اخر).

٣- قياس العمرة على الحج لاقترانهما في الامر، ولانها عبادة فيها طواف و سعي، فلا تفعل الا مرة واحدة كالحج.

بۆ زیاتر ئاشنا بوونت سەیری کتێبی (نوازل الحج)ی نووسینی (علي بن ناصر الشلعان) ص٦١٤-٦١٥ بکە.

نایانکەم بە کوردی، چونکە لای خوێنەری بلیمەت واتایان دیارە، وە بۆ ئەوە باسی ئەو بەڵگانەم کردوون، چونکە نووسەر نەیهێناون.

## بەشی دووەم:

چەند بارەکردنەوەی عومرە لە رۆژی عەرەفەو رۆژانی جەژندا.

لەو مەسئەلەیەشدا زانایان دوو رای جیاوازیان هەیە:

رای یەکەم: ناپەسەندکردنی عومرە لە رۆژانی حەجدا بۆ ئەو کەسەی حاجیە، بەڵام بۆ ئەوەی حەج ناکات ئەوە ناپەسەند نیە، ئەوەش رای شافیعیو مالیکیو حەنبەلیەکانە.

کۆمەڵە بەڵگەیەکیان بۆ درووستی بۆچوونەکەیان باسکردووە، کە لێرەدا ناکرێ باسیان بکەم لەبەر درێژبوونەوەی بابەتەکە.

رای دووەم: ناپەسەندکردنی عومرە لە عەرەفەو جەژنو رۆژانی جەژندا بۆ حاجیو غەیری حاجی،ئەوەش رای حەنەفیەکانەو، ریوایەتێکی ئیمام ئەحمەدە.

ئەبو یوسف لە شوێنێکەوتووانی ئەبو حەنیفە ئەڵێت: عومرەکردن تەنها لە رۆژانی جەژن ناپەسەندە. حەسەنی کوڕی ساڵحیش ئەڵێت: بە تەنها لە سێ رۆژی دوای جەژنی قوربان ناپەسەندەو، هەریەك لەمانە بەڵگەیان هەیە بۆ سەلماندنی رای خۆیان.

وەڵامی پرسیاری پابەند بە باسەکەمان ئەوەیە ئاخۆ چەند بارەکردنەوەی عومرە لە رۆژانی جەژندا حوکمی چۆنە؟

وەڵام: ئەگەر ئەوکەسەی عومرە ئەکات بۆ ئەدای حەج چوبێت، ئەوە دروست نیە عومرە بکات، بەڵام ئەگەر بۆ ئەدای حەج نەچوبێت ئەوە حوکمی بەشی سێهەمی بۆ هەیە، کە باسی ئەکەن.

کەواتە عومرە لە رۆژانی جەژندا خیلاف هەیە لەسەر دروستیو نادروستی، ئەوە حوکمی دوبارەکردنەوەی هەر جێی پرسیار نییە.

## بەشی سێیەم:

دوبارەکردنەوەو چەند بارەکردنەوەی عومرە بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵکی مەککەن، یاخود لەناو مەککە دان.

ئەوەی کە نووسەر ویستوویەتی لەسەری بدوێت ئەو بەشەیانە، کە ئاماژە ئەکاتو ئەڵێت: (چەند ساڵێکە لەگەڵ زۆربوونی کاروانی عومرەی پیرۆزدا جەدەلێك سەریهەڵداوە ئایە دووبارەو چەندبارەکردنەوەی عومرە لەیەك سەفەری حەج یان عومرەدا کارێکی دروستە یان بیدعەیە؟).

جا بابزانین رای زانایان لەسەر ئەم بەشە چۆنە؟

زانایان سێ رای جیاوازیان هەیە لە بارەی تیکراری عومرەو بەدوای یەکترداکردنی بۆ عومرەکار، یاخود حاجی لەیەك سەفەردا.

١- هەندێ لەزانایانی شافیعی، واتا زۆرینەیان وە رای ئاشکرای حەنەفیەکان، چەندبارەکردنەوەی عومرە بە کارێکی پەسند ئەزانن، بەڵام حەنەفیەکان هیچ کاتێکیان دیارنەکردووە، بەڵام شافیعییەکان لە رۆژانی رەمەزاندا زۆر بە خێری دەزانن.

٢- هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە کردنی تەواف خێری زیاترە لە عومرەکردن، ئەوەش رای (محب الطبري)یە لە شافیعییەکانو، عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو تاوسو هەندێ زانای ترە.

بەڵکو وا مەشهورە لە تاوس کە ئەڵێت: (الذين يعتمرون من التنعيم ما أدري يؤجرون عليها أم يعذبون؟ قيل له: فلم يعذبون؟ قال: لأنه يدع الطواف بالبيت ويخرج الى أربعة أميال ويجيء، والى أن يجيء من أربعة أميال قد طاف مائة مرة، وكلما طاف بالبيت كان أفضل من أن يمشي في غير شيء). المغني لابن قدامة المقدسي- ج٥- ص١٠٦- دارالحديث.

خاوەنانی ئەم رایە بەڵگەی زۆریان هەیە ناکرێ باسیان بکەم، بۆ ئاشنابوونت زیاتر بە رای ئەوانە، سەیری کتێبی: نوازل الحج -علي بن ناصر الشلعان- ص٦٢٠ بکە.

١- هەندێ لە زانایان وای بۆ دەچن ناپەسەندە چەند بارەکردنەوەی عومرەو بەدوای یەکترداکردنی لەیەك سەفەردا، ئەوەش رای زۆربەی حەنبەلیەکانو، ئەبو شامەیە لە زانایانی شافیعی، هەروەك ئیبن تەیمییەو ئیبن قەییمی جەوزی ئەم رایە پەسەند دەکەن.

جێگەی باسە کە هەندێ لە زانایان وای بۆ دەچن، کە ئەمە بۆچوونی زۆربەی زانایانی سەلەف بێت، هەروەك زانایانی سعودی ئێستا پشتگیری ئەو رایە دەکەن.

ئەوەی نووسەر نەقڵی کردووە لە فەتاوای لێژنەی فەتوای سعودی، باسی تیکراری عومرەیە لە ساڵدا، نەك موالاتو ئیستیکپاری لە یەك سەفەردا.

لێرەدا حەنبەلیەکان راێکی جیاوازیان هەیە لەگەڵ زۆرینەی زانایانو، ئەڵێن: جیاوازی هەیە لەنێوان (تکرار)و (اكپار).

لای ئەوان ناپەسەند نییە کە عومرەکار عومرەی تەواوکرد، بوەستێ تا سەری دوای تاشین دێتەوە، ئەوجار بۆ جاری دووەم عومرە بکات، واتا: نێوانی دوو عومرە ١٠ رۆژ زیاتر بێت، بەڵام بەدوای یەکترداکردنی ناپەسەندە بەلای ئەوانەوە، بۆ سەلماندنی رای خۆیان بەڵگەیان هەیەو، بەڵگەکانیان بەهێزن.

بۆ ئاشنابوونت بە بەڵگەی ئەو کۆمەڵەیە، سەیری گۆڤاری (مجمع الفقه الاسلامي) ژمارە١٣ی ساڵی ١١/لاپەرە ٢٩٥- بەناونیشانی (تكرار العمره والاكپار منها) د- عبدالله بن حمد الفگيمل- بکە.

## تێبینی چوارەم:

نووسەر ئاماژە بەوە ئەکات، کە زانایانی سعودی بەڵگەی تیکرارکردنەوەی عومرە بەوە دێننەوە: کە بەهۆی عومرە قەرەباڵغی دروست ئەبێت، وە ئەشڵێت: بەڵگەی ئەوان زیاتر عەقڵیە.

ئەوەی راستی بێت نامەوێ وەك نووسەر رایێك بەسەر ئەوانیتردا هەڵبژێرم، بەڵام بەڵگەی نەقڵی ئەوانەی بە ناپەسەندی ئەزانن زۆرو بەهێزن، با خوێنەر بگەڕێتەوە سەر ئەو کتێبانەی لە ناو بابەتەکە ئاماژەم بۆ کردوون، راستی بۆ روونتر ئەبێتەوە، خۆ ئەگەر لەبەر درێژی بابەتەکە نەبوایە ئەوە بەڵگەی هەموو لایێکم باس ئەکردن.

لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگە ئەبێ بیزانین، کە گەیشتن بەراستی پرسەکان، خۆ لە خوێندنەوەی هەموو بۆچوونەکان ئەبینێتەوە بەبێ جیاوازی



مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

# مەلایەتی و تەریقەت

١٣

هێمن عومەر خۆشناو- شەقلاوە

تەریقەت لەناو کوردەواریدا مانا فەرهەنگییەکەی خۆی لەدەستداوەو واتایەکی تری لێ بارکراوە، ئەویش بێ سێو دوو بیرمان بۆ هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشی دەبات، ئەمەش وەك هەر رێبازو کۆمەڵەو بەرنامەیەکی تر بەکارهێنەرو پەیرەوکارانی لە خەوشو خڵت بەدەر نین، لەو سۆنگەیەوە قسەکردنی ئێمە لەسەر چۆنیەتی کارلێك کردنی مامۆستاو مەلایانی کوردە لەگەڵ ئەم دوو رێبازەو لەسەر خودی تەریقەت، نەك پێناسەو چەمكو مەوداو هێڵی گشتی ئەم تەریقەتانە.

گومانی تێدا نییە زۆربەی رێبازو تەریقەتەکان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێتو نابێ بەچاوی ئەوساوە پەیڕەوکارانی ئەمڕۆ بخەینە بەر تەرازوو و هەر وەك بە پێچەوانەوەش هەندێ جار بەتێڕوانینێکی سەرچێغ چوو دەژمێردرێ. چونکە ئەوە خودی مرۆڤەکانن کە وێنای تەریقەتەکان دەگۆڕنو بەدیوێکی تری دادەبەن، نەك خودی بەرنامە تەجریدییەکە، بۆ ئەمەش دەبێ سنووری ئاقاری هەردوو چەمك دیار بکرێت بۆ ئەوەی زانستانە بخرێنە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە.

تەریقەتەکان لەئایین هەڵهێنجراون، بۆیەشە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە ئایینەوە هەر دەمێنێو هەر پەڵەو ماکێك پێیانەوە، پرووشکی ناشیرینیش بەر ئایین خۆی دەکەوێت، جا مەیدان بۆ مامۆستای ئایینی سەخت تر دەبێت تا بتوانێ بە ئەرکە پێشەنگو پێشەواییەکەیەوە ئەو خڵتو خارانە لەدیوی دەرەوەی ئایین بکاتەوە. ئەم پەیوەندی بەش لەگشتە، کە پەیوەندییەکی دروستکراوە نەك سرووشتی، دەبێ زۆر هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، چونکە هەر هەڵەو پێ هەڵزەلینێك دوو قات بەسەر مامۆستای ئاینیدا دەشکێتەوە، بۆیە بەتەوازوعو رەخنە لەخۆگرتنەوە دەبێ لەو چەمکانە بڕوانرێتو بە تەرازووی شەرع کە تاکە تەرازووی راستەقینەی مەلایانە بپێورێن.

لەڕاستیدا دەبێ تەریقەت لەخزمەتی شەریعەت بێت نەك بەپێچەوانەوە، گەر لەمێژوو بڕوانین زۆر جاران شەریعەت بەدەست تەریقەتەوە نالاَندویەتیو خودی پێشڕەوانی شەریعەت کە مەلایەکانن بزوێنەرو ئاگرخۆشکەری ئەم هاوکێشەیە بوونە، ئەم هەڵەیەش لەوەوە هاتووە کە هەندێ لەشێخانی تەریقەت بەلاملییەکی زۆرەوەو بەبێ تێداهەبوونو توانایی زانستییەوە خۆیان کردۆتە پێشەنگی شەریعەت، کە ئەمە لەسەرێکەوە دەبنە بار بەسەر خودی ئایین لەروانگەی تێنەگەیشتنەوەو بەدەردی (تێنەگەیشتوو لەبەلاَی خوای خراپترە) چوونە، لەسەرێکی تریشەوە لەچوارچێوەی سنووری تەریقەتیش دەرچوونە، کە تەریقەت رێگایەکە بۆ پاککردنەوەی دەروونو هەڵبژاردنی رابەرێکە بۆ دەست گرتنو رۆیشتن بۆ دونیایەکی پاکتر کە تێیدا زیاتر بەهرەمەند بێت بە پەرستنو خۆپاککردنەوە لە گوناهو تاوان، نەك لە پێی خۆ دەرچوونو بەر پێی خۆ نەدیتن.

رابەر دروست کردنو بوون بە موردیدی کەسو تەریقەتێك، حاڵەتێکی ئاساییە بەتایبەتی بۆ کەسێك کە کەم شارەزا بێتو بەو هۆیەوە ئەو رابەرە، یان ئەو تەریقەتە، هۆکارێك بێت بۆ دەربازبوون لە دونیای مادییەت، ئەمە بۆ کەسی ئاسایی تا رادەیەکی زۆر شیاوە، بەلاَم بۆ زانای ئاینی دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، چونکە تاکە تەریقەتی زاناو مەلایان، تەنیاو تەنیا شەریعەتەو هەموو شێخێکی زاناو هەموو زانایەکی شێخیش بۆ مامۆستای ئاینی مورشیدو شێخێکە، ئاخر (مەلا) لەروانگەی زانستو شەرعەوە کەسانی تر دەکا بە شێخو رابەری خۆی، بۆ ئەوەی لەدونیای مەعنەویو رۆحیدا لێی سوود مەند بێت، نەك بە پێوەری دیکە. چونکە خودی ئەو شێخ و رابەرە پایەبەرزانەی مێژوو، خۆیان بە مەلاو زانایەکی ئاینی داناوە، ئەوە کەسی نەفامو ناتێگەیشتوون کە پێیان وایە تەریقەت لە شەریعەت بەرزترو، شێخ لە مەلا پایەدارترەو ئەو دوو چەمکە دوالیزمانە لەگەڵ یەکتر دانوویان ناکوڵێ.

رەحمەتی (**مەلای گەورە**) بەدەردی خراپ تێگەیشتن لەتەریقەتو هەندێ موریدو دەروێشی کالفامەوە نالاَندویەتیو بۆیە ئەمەی بۆ ئێمە دەرخستووە کە زاناو زاتێکی وەك (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) ئێستاش هەموومان لەکانیی نووسینەکانی ئاو دەخۆینەوە، کەچی دەروێشێك پێی کوفر بووە بەشێخی گەیلانی بگوترێ (مەلا)، لەو روانگەی، ئەوان نووسینو بەرهەمی فکری مەلای گەیلانیان نەدیوەو لەگەل بیرو هزری نەژیاونو تەنیا بەرووکەشو ناو کردویانەتە پێشەنگ. مامۆستا دەفەرموێ: **((جارێ لە وەعزا وتم: (مەلا عەبدولقادری گەیلانی) وای فەرمووە، قادریەکان هاربوو بوون، کو مەلا، بەحەزرەتی غەوس ئەلێ: مەلا؟!)) تەفسیری کوردی، ب٧، لا٢٦١.**

بە ئومێدی ئەوەی ئەم دوو چەمکە بە تەرازووی شەریعەتو لێکۆڵینەوەی زانستانە لە بیرو هزری هەموومان راست بکرێنەوەو ئیتر مەلایانی کوردیش وەکو (**مەلای گەورە**) دەرك بەو راستیانە بکەنو موریدو خاوەن تەریقەتەکانیش لەکارو هەڵوێستی خۆیان بپرسنەوەو ئەو دوو چەمکە لەگەڵ یەك بەرۆحو رووکەشەوە راست بکەنەوەو بە هەردووکیان هەوێنی مەلایەتی پڕ عیلمو تەزکیەی دەروونی زانایەکی وەك مەلا شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەناخماندا ئاوێتەی یەکتر بکرێنەوە.. خۆزی ئەو رۆژە دەهات!!!

Hem992003@yahoo.com
Facebook:Hemn Omar Khoshnaw

# کۆبوونەوەی خاوەن مردوو لەشوێنێکی تایبەتدا کارێکی دروستە؟

نووسینی: م. دلێر ئەحمەد حسێن کەلاری

یەکێك لەبابەتە گرنگەکان کە هۆکارە لەدروست کردنی جیاوازی و رق و کینە لەنێوان بڕوادارانـدا وە گەشتوەتە ئاستی قسەنەکردن لەگەڵ یەکتریداو حکومدانیان بەبیدعەچی و گومڕا ،ئەویش دانیشتنی خاوەن مردوو وە کۆبونەوەیان لەشوێنێکی تایبەت بەمەبەستی پێشوازی کردن لەخەڵکی بەهۆی لەداستدانی کۆچکردوویان،وابـاوە خاوەن پرسە لەریزێکدا دەوستن ئەمەش ئاسان کاریە بۆکەسی سەرخۆشی کەر لەجیاتی ئەوەی بگەرێ بەدوای خاوەن پرسە لەشوێنێك بۆ شوێنیکی تر تاوەکو سەرەخۆشی لێبکات بەتایبەتی ئەگەر فریای ناشتنەکەی نەکەوتبێت بوونی ئەم شوێنە تایبەتە وەکو تەعزێخانە دەبێتە هۆی گەرانەوەی کاتێکی زۆر بۆ خەڵکی بەگشتی وەگەرنا سەرخۆشی کەر ناچاردەبوو ماڵ بە ماڵ بگەڕێ تاوەکو بتوانێت یەك بەیەکی خاوەن مردوو ببینێت و سەرەخۆشیان لێبکات و هاوغەمی ناخۆشی ونارەحەتی بەڵاکەیان بێت .

وە ئەم بابەتە لاوەکییە پێویستی بەوە نییە بەوشێوەیە دژی بوەستی و بیکەی بەبابەتێکی سەرەکی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا وە هێرشکردنەسەر ئەو کەسانەی کە جێبەجێی دەکەن وەبگاتە دژیایەتی کردن و قسەنەکردن لەگەڵ یەکتردا. وە ئەسلێك بۆ رەوازانین یان شەرعیەتی دان بەم کارە ئەوەیە کە ئیمامی بوخاری لەباسکردنی جەنازەدا دەگێڕیتەوە (باب من جلس عند المصيبة) وە ئەبوداود بە هەمان شێوە لەباسکردنی جەنازەدا لەسونەنەکەی دا بەناوی (باب الجلوس عند التعزية) وە لەنوسخەیەکی تردا بەناوی (باب من جلس في المسجد وقت التعزية) فەرموودەکەش دایکی ئیمانداران دەگێڕیتەوە دەفەرموێت کاتێك کەزەیدی کوری حاریس و جەعفەرو عبداللە کوری رەواحە شەهید بوون پێغەمبەری خوا (د.خ) لەمزگەوتدا بۆیان دانیشتوو غەم و خەفەت و بێتاقەتی بەدەموچاوییەوە دیاربوو وە ئەم فەرموودەیە ئیمامی بەیهەقیش لەسونەنی کوبرا (السنن الكبرى) بەناوی (باب ما يستحب من تعزية الميت رجاء الاجر في تعزيتهم) دەیگێڕیتەوە وەخوێنەری بەرێز بەچاوی خۆی دەبینێت کە هەردوو ئیمامی فەرموودەناس بوخاری و ئەبوداود ناونیشانی بابەکانیان بەلەفزێکی ئاشکرا ناوناوە دانیشتن لەکاتی پرسەدا لەبەر ئەمەشە



ئەبنوحەجەر لەپەرتوکی (فتح الباری)دا دەفەرموێت لەم فەرموودەدا سودی زۆر هەیە لەوانە دروستی دانیشتن لەکاتی پرسەدا .

پاشان سەرەخۆشی کردن لەخاوەن مردوو مەبەستێکی شەرعیە وە کۆبونەویان لەماڵ و شوێنێکی تایبەتدا وەسیلەیەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە وە ئەوکەسانەی کە دەڵێن ئەم جۆرە دانیشتنانە بیدعەو داهێنراوە هیچ دەقێق نیە لە لایەن زانایان کەبڵێن دانیشتن حەرامە واتا قەدەغەیە لەکاتێدا پێغەمبەر (د.خ) خۆی دانیشتوە؟! وەك لەفەرموودەکەدا هاتوە بەڵام دەربارەی دروستکردنی خواردن ئەمەش دوو جۆرە .

یەکەمیان: کەبیدعەیە ئەوەیە کەخاوەن مردوو خواردن بۆ خەڵکی دروست بکات .

دووەمیان: کەسونەتە ئەوەیە کە خەڵکی خواردن دروست بکەن بۆ خاوەن مردوو .

وە ئیبن تەیمیە دەفەرموێ کۆکردنەوەی خەڵکی لەلایەن خاوەن پرسەوە بۆ خواردنی خواردن بەمەبەستی خوێندنی قورئان و هەدیە کردن بۆی کارێکی ناسراو نییە لای سەلەف و کۆمەڵێك زاناش بەباشیان نەزانیوە خۆزگە ئەوانەی ئینکاری ئەم جۆرە کارانە دەکەن و خەڵکی چەواشە دەکەن ڕیگە و ڕێچکەی ئیبن و تەیمەیان دەگرتوو فێری ئەدەبی ڕەخنەو ئینکاری کردن دەبوون لەوەوە وە کۆتای بەقسەکەی دەهێنێت و دەڵێت (ليس معروفاً عند السلف وقد كرهة جماعة) تەماشای ئەم رستە بەپێز و جوانەبکەن لەگەڵ بەکارهێنان و جوانترین و باشترین ئوسلوب بۆ فەرمان بەچاکەکردن و نەهیی کردن لە خراپە.

ئەمە لەکوێ و ئەوەی ئیمەی موسڵمان لەبراکانمان دەیبستین و دەیبینین لەدژایەتی کردن توندو ئینکاری ئاشکراو بەکارهێنانی وشەی ناشیرین و قسەنەکردن لەگەڵ خزم و دۆست و بەشداری نەکردن لەهاوغەمی و نارەحەتیاندا بە بیانوی ئەوەی ئەم کارە پێچەوانەی سونەت و دژایەتیە بەرامبەر خوا و پێغەمبەرە گەی وە ئامادەبوون لەم جۆرە دانیشتنانەدا زیادکرنی داهێنراو گومڕاچییانە بەبۆچونی ئەو تاقمەیە .نازانم ئایا کام لەم کۆمەڵانە بەیەك دەنگی لە گومڕایی دان ئەو کەسانەیە کە کۆدەبنەوە لەشوێنێکدا لەگەڵ خاوەن مردوودا بۆ پرسەو سەرەخۆشی یان ئەوانەن کە قەتعی سیلەی رەحم دەکەن لەگەڵ کەس و کاریان و تۆمەتی بیدعە و گۆمڕایان بەسەردا دەدەن! ئەمە لەکاتێکدا وازهێنان لەسەرەخۆشی و دڵدانەوەی خاوەن مردوو بەشداری نەکردن لەناخۆشی و نارەحەتیاندا لەدەستدانی پاداشتێکی گەورەیە وەك خوای گەورە دەفەرموێت لەسورەتی محمد ئایەتی (٢٢) (فهل عسيتم إن توليتم ان تفسدوا في الارض وتقطعوا ارحامكم) لەم روون کردنەوەدا بۆمان دەرکەوت دانیشتن لەکاتی پرسە و سەرەخۆشی کارێکی ئاسایە ان شاءالله ئەگەر دووربێت لەو کارانەی کە شەریعەت نەهی لێکردوە وەك دەبینرێت لەهەندێك ولاّتدا بەنەزانین بێت یان گوێ نەدان وە لەهەمان کاتدا کەسێکیش دانەنیشت دەبێت بەلای تۆی بڕوادارەوە ئاسایی بێت چونکە ئەم بابەتە لەو بابەتانەیە کە جیاوازی و خیلافیی تێدایە لەبەر ئەوە ئیناکاری کردن لەم جۆرە بابەتانە لەکردەوەی پێشینان نییە وە ئەم رێ و رەسمە کارێکی تازەیە کە خەڵکی دایانهێناوە لەم ساڵانەی دواییدا واتا چۆنیەتیەکەی تازەیە ئەگینا ئەسڵەکەی لەسەردەمی حەزرەتدا هەبووە وەلەسەر ئیمەی فێرخوازی زانست پێویستە خەڵکی فێری وازهێنان بکەین لە ئینکاری کردن لەم جۆرە کارە تازانە لە ناو کۆمەڵدا وە گێرانەوەیان بۆ سەردەمی پێشینە چاکەکان کە ئینکاری نەکردن بوو لەو کارانەی خیلافی تێدابوو. والحمدالله رب العالمين .

– وەرگیراوە بەدەستکاری کردنەوە لە سلسلة احياء مفاهيم السنة النبوية تحقيق الامال للسيد محمد بن علوي المالكي رحمه الله.

# دیاردەی مەرگی کتوپڕ
# لەنێوان زانستو ئیماندا

پێغەمبەر ( d ) دەفەرموێت: (إن من امارات الساعة أن يظهر موت الفجأة) رواه الطبراني. واتە(لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی دەرکەوتنی مەرگی کتوپڕە)، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ( d ) بریتییە لە موعجیزەیەکی زانستی، کە لە ناوەڕۆکی بابەتەکەماندا بە بەڵگەی پزیشکییەوە دەیسلمێنین، ئەم موعجیزەیە شایەتی بۆ پێغەمبەر دەدات، کە نێردراوی خوایەو هەموو وتەکانیشی پەیامی خوای گەورەن.

هەموو ساڵێك نەتەوە یەکگرتووەکان سەرژمێری تازەمان سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی وەستانی دڵ و مێشك دەمرن، پێ ڕادەگەیەنێتو ئەم ژمارانە لە زیادبوونێکی بەردەوامدان. ئەم سەرژمێریانە پێمان دەڵێن، کە نەخۆشییەکانی دڵ هۆکاری یەکەمی مردنن لە جیهاندا.

لەم لێکۆڵینەوەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە هیچ کەسێکی سەردەمی پێغەمبەر ( d ) پێشبینی ئەوەی نەکردووە، ڕۆژانێك بێت و مەرگی کتوپڕ تیایدا دەکەوێت و زیادبێت، مەگەر ئەمە تەنها پەیوەندیی بە وەحیو نیگاوە هەبێت و لەلایەن خوای گەورەوە ئەم زانیارییانە بە پێغەمبەرمان ( d ) ڕاگەیەنرابێت.

یەکەم کەس، کە زانستییانە لەم دیاردەیەی کۆڵییەوە:

دیاردەی مەرگی کتوپڕ تارادەیەك دیاردەیەکی نوێیە، یەکەمین لێکۆڵینەوەش لێکۆڵینەوەکەی فرامینگهام بوو لە ساڵی ١٩٤٨دا، (Framingham heart study)، نیوەی ژمارەی ئەو کەسانەی، کە بەشدارییان لە لێکۆڵینەوەکەدا کردبوو ئێستا لە ژیاندا نەماون.

فرامینگهام پێناسەی مەرگی کتوپڕ دەکات بەومەرگەی کە دوای کەمتر لە کاتژمێرێك لە دەرکەوتنی نیشانەکانی ڕوودەدات.

دەرکەوتووە، کە زۆربەی حاڵەتەکانی مەرگی کتوپڕ بەهۆی نەخۆشییەکانی شاخوێنبەری دڵەوەیە، ئەم جۆرە مردنەش پێی دەووترێت ( SCD) sudden cardiac death ) لە لێکۆڵینەوەکەشدا دەرکەوتووە، ئەو پیاوانەی تەمەنیان لەنێوان ٤٥ — ٧٥ ساڵیدا بووە و بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە مردوون، ٦٠٪ یان بەمەرگی کتوپڕ مردوون بەبێ هیچ نیشانەیەکی پێشتر!!

## مەرگی کتوپڕ چییە؟

پێشینان ووتویانە (هۆکارەکان زۆرن و مەرگیش هەر یەکە). دەتوانین لەم پەندەوە بیروباوەڕی ساکاری پێشینانمان دەربارەی مردن بۆ دەربکەوێت، پێشینان باوەڕیان وابووە، کە مردن هۆکارێکی هەیە ئەویش بریتیە لە نەخۆشی، کارەسات، خۆکوشتن یان هەرشتێکی تر، بەڵام کە باس لە مردنی بێهۆکار بکەین، ئەوە مەرگی کتوپڕە، کە پێشتر نەزانرابوو.

هۆکاری سەرەکیی مردن لەم چەرخەدا بریتییە لە جەڵتەی لەناکاوی دڵ کە بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك دێت و دەرکەوتووە نیوەی ئەوانەی تووشی نەخۆشییەکانی دڵ دەبن، بەمەرگی کتوپڕ دەمردن!! مەرگی کتوپڕ هێرشدەباتە سەر مرۆڤی نەخۆش، تەنانەت ئەگەر لەنەخۆشخانە و لەژێر چاودێریشدا بێت، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ١٠٪ یان بەشێوەیەکی کتوپڕ لەناو نەخۆشخانەدا دەمرن و ٩٠٪ یان لە دەرەوەی نەخۆشخانە.

## سەرژمێرییەکان:

هۆکاری یەکەمی مردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتییە لە نەخۆشییەکانی دڵ (جەڵتەی دڵ) بەڕێژەی نزیکەی ٢٨٪ ی کۆی مردنەکان دەبێت.

ڕاپۆرتەکانی سەرژمێری ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە لەماوەی یەك ساڵدا تەنها لەئەمەریکادا نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە مردوون، بەڵام ئەی ژمارەی ئەوانەی کە ساڵانە بەهۆی مەرگی کتوپڕەوە دەمردن چەندە؟

لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ساڵانە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە دەمرن. سەرژمێرییەکان دووپاتی دەکەنەوە، کە ڕێژەی مەرگی کتوپڕی دڵ بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو جیهاندا زیاد دەکات و پیاوان زیاتر لە ژنان تووشی دەبن بەڕێژەی ٣ بۆ ١.

مەرگی کتوپڕ بەبێ هیچ ئاگاریيەکی لەپێش ڕوودەدات، تەنانەت هەندێك جار بەبێ هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیی دڵ سەرەڕای ئەو ملیۆنەها دۆلارەش، کە لە لێکۆڵینەوەکانی نەخۆشییەکانی دڵ لەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاداخەرجدەکرێت.



## جگەرە کێشان و فشاری دەروونیی:

جگەرەکێشان ئەگەری ڕوودانی مەرگی کتوپڕ سێ هێندە بەرز دەکاتەوە!و جگەرەکێشان بەرپرسیارە لە ٤/١ ی نەخۆشییەکانی دڵ لە جیهاندا و ئەم نەخۆشییانە زۆربەیان بە مەرگی کتوپڕ کۆتاییان دێت.

فشارە دەروونییەکان کار لە زیادبوونی مەرگی کتوپڕ دەکەن، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی قۆناغەکانی تەمەن ڕوونیان کردووەتەوە، کە لەبارترین قۆناغی تەمەن بۆتووشبوونیان بەمەرگی کتوپڕ، بریتییە لە تەمەنی چلەکانو پەنجاکان. لەم قۆناغەی تەمەندا ژێری مرۆڤ پێدەگات، هەروەها ئەوانەی کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە ئەگەری تووشبوونیان بەم مەرگە زیاترە.

## ئایا چارەسەری پزیشکیی بۆ ئەم دیاردەیە هەیە؟

زۆربەی پزیشکەکان باس لەچارەسەری دوای ڕوودانی نەخۆشییەکە دەکەن (وەستانی کتوپڕی دڵ یان مێشك) لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش چارەسەری ئەم نەخۆشییە ترسناکە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ڕزگاربوون لەم مردنە زۆر کزە.

ئامۆژگاریی پزیشکان بەکەمکردنەوەی ڕێژەی شەکر و کۆلیسترۆڵ لە خواردنی ئەو نەخۆشانەدا هیچ گرنگییەکی نییە لەم حاڵەتەدا، بەڵام ئەی چارەسەری ئەوانە چییە کە بەخۆیان نازانن و کەسیش چاوەڕوانی مردنی کتوپڕیان لێناکات؟

تا ئێستا زانستی پزیشکی لە پێشبینی

کردنی حاڵەتی ئەم کەسانەدا شکستی هێناوە، بەڵام ئایا پێغەمبەر ( d ) ئەمانەی پشتگوێ خستووە یان چارەسەری بۆدیارییکردون؟

## ئایا چارەسەری قورئان و پێغەمبەر ( d ) چییە بۆ ئەم حاڵەتانە؟

خوای گەورە لە زۆربەی ئایەتە پیرۆزەکاندا ئاماژەی بە وشەی دڵ (القلب) کردووە:

دڵ هەیە نەخۆشە، دڵ هەیە ڕق و بێ بەزەییە، دڵ هەیە کوێرە و نابینێت، دڵ هەیە نابیستێت، دڵ هەیە دەترسێت لە خوای گەورە و ئارامە، دڵ هەیە دەفامێت و ژیرە.

کەواتە دڵ تەنها ترومپایەك نییە بۆ پاڵنانی خوێن بەڵکو دەزگایەکی تەواوە و بەرپرسیارە لە جێگیری و ئارامیی دەروونیی لە مرۆڤدا.

یادکردنەوەی خوای گەورە باشترین ڕێگایە بۆ ئارامیی و هێوربوونەوەی دڵەکان چونکە خوای گەورە دەفەرموێت (الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ) (الرعد:٢٨)، واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو بەیادی خوای گەورە دڵ ئارام دەبن، دڵنیابن کە بە یادی خوا دڵەکان ئارام دەبێت) .

لەبەرئەوە هەرکاتێك ئیماندار یادی خوای خۆی دەکاتەوە، ئەوا دڵەکەی ئارامدەبێت و تووشی هیچ تێکچوونێك (إضطراب) نابێت.

تۆش ئەی خوێنەری بەڕێز دەتوانیت چاوەکانت دابخەیتو وا لە دڵت بکەیت، کە بترسێت و مەزنی و گەورەیی خودا یادبکاتەوە، بۆ نموونە بڵێت (لا إله إلا الله) سەیرکە و بزانە چ هەستێکت لا دروست دەبێت. ئایا هەست ناکەیت لە هەموو کەس زیاتر هێمنو ئارام و دڵنیاتریت! وەکو بینیمان کەوا هۆکاری مەرگی کتوپڕ بریتییە لە تێکچوونی لەناکاو لە کارەکانی دڵدا، لەبەرئەوە پزیشکان نەیانتوانیوە هەتا ئێستا چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەن، بەڵام قورئانی پیرۆز بەم ئایەتە چارەسەری کردووە

جا ئەی خوێنەری بەڕێز ئەگەر قورئانی پیرۆزت لەبەر بێت و جێگیربێت لە سینەتدا، ئایا پێشینی ئەوە ناکەیت، کە لەهەموو کەس ئارامتربیت!

پێغەمبەرمان ( d ) فێری دوعایەکی گەورەی کردوین، کە هەموو ڕۆژێك خوێندوویەتی، دەفەرموێت: (ما من عبد يقول صباح كل يوم ومساء كل ليلة: بسم الله الذي لايضر مع إسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم، لم يصبه فجأة بلاء) رواه أبو داود. هیچ بەڵایەکی کتوپڕ توشی نابێت.

هەروەها پێغەمبەری مەزن ئەم دوعایەشی دەخوێند: بسم الله الذي لايضر مع إسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم.

## ڕووی ئیعجاز لە فەرموودەکەدا:

دەتوانین ڕوی ئیعجاز لەم فەرموودە پیرۆزەدا بەمشێوەیە کورتبکەینەوە:

١- کەس ناتوانێت پێشبینی زۆربوونی مەرگی کتوپڕ بکات، لەبەرئەوەی کەس نەیتوانیوە ئەم دیاردەیە بناسێت، هەتا ئەم چەند ساڵە کەمەی دوایی نەبێت، کاتێك زانایان توانییان سەرژمێری وورد بکەن، سەیریش لەوەدا بوو، کە ئەو ژمارانەی دەستیان کەوتبوو پێشبینی نەدەکران، چونکە ژمارەی ئەوانەی بەمەرگی کتوپڕ مردبوون زۆر بەرز بوو.

٢- زانایانی ئەمرۆ دەڵێن: دیاردەی مەرگی کتوپڕ جیانەکراوەتەوەو نەناسراوە هەتاوەکو ٥٠ ساڵ پێش ئێستا! لێکۆڵینەوەی پزیشکی بۆ نەکرابوو هەتاوەکو ٢٠ ساڵ پێش ئێستا. ئەمڕۆ زانایان هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی، کە بەرەنگاری ئەم مەرگە بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان درك بەگەورەیی کێشەکە دەکەن، بەڵام هەوڵەکانیان بێسوودە.

ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کەوا ئەم دیاردەیە لە زیاد بوونێکی بەردەوامدایە و زانایانیش دەستیان کردووە بە ناسینی هۆکارەکانی ئەم مردنە. ئەمەش ڕاستیی وتەی پێغەمبەر ( d ) دەردەخات، کە دەفەرموێت: (إن من إمارات الساعة أن يظهرموت الفجأة)، یەکێك لە واتاکانی ووشەی (يظهر) بە واتای (يتبين) دێت، واتە ڕوونەبێتەوە وەك لە (القاموس المحيط)دا هاتووە، هەروەك بینیشمان ئەم مردنە نزیکەی ٢٠ ساڵە ڕوونبووەتەوە.

٣- هەندێك لە گوماندار و بێباوەڕان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کەوا ئەم مەرگە هەر لەسەردەمی کۆنەوە ناسراوە، ئێمەش دەڵێین: ئەم مەرگە لەسەردەمی پێغەمبەردا ( d ) نەناسرابوو، هەر لەبەرئەوەش لە وتەی شاعیرو ئەدیبەکانی ئەوسەردەمەدا ئاماژەی پێنەدراوەو بەڵگەش بۆئەوە پێغەمبەر ( d ) دەرکەوتنی ئەم مەرگەی داناوە بە نیشانەیەکی ڕۆژی دوایی، ئەگەر ئەم مەرگە لەو کاتەدا بناسرایە ئەوا بەدڵنیاییەوە بێباوەڕەکانی ئەو سەردەمە ڕەخنەیان لەم فەرموودەیە دەگرت!.

هەروەکو دەزانین بێباوەڕان هیچ شتێکیان بەبێ ڕەخنە بەجێ نەهێشتووە، ئەگەر ئەم دیاردەیە بلاوبووایە لەوسەردەمەدا، کە پێغەمبەر ( d ) هات و دەرکەوتنی ئەم دیاردەیەی دانا بەنزیکبوونەوەی ڕۆژی قیامەت، ئەگەر ئەمە ڕوویبدایە، خەڵکی ئەم فەرموودەیەیان پێ سەیر دەبوو، کە چۆن باسی شتێکیان بۆ دەکات کە بوونی هەیە!! لەبەرئەوە دەتوانین ئەم فەرموودەیە دابنێین بەموعجیزەیەکی پزیشکی لە پێغەمبەرەوە ( d ) کە باس لە دیاردەیەك دەکات کە زانایانی ڕۆژئاوا نەیان زانیبوو هەتا ئەم چەند ساڵانەی دوایی نەبێت.

لە کۆتاییدا:

ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆتایی پێدێنین بە دوعایەکی پێغەمبەر ( d )، کە پێویستە لەسەر هەریەکەمان بیزانێت و هەرگیز لەیادی نەکات.

(اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت خلقتني وأنا عبدك وانا على عهدك ووعدك ما استطعت، أعوذ بك من شر ماصنعت، أبوء لك بنعمتك علي وأبوء بذنبي فأغفر لي فإنه لايغفر الذنوب إلا أنت)، هەرکەسێك ئەم دوعایەی خوێند کاتێك دەخەوێت و دوای ئەوە مرد، ئەوا دەچێتە بەهەشت و هەرکەسێکیش کاتێك بەیانی لەخەوهەستا و خوێندی، دوای ئەوە مرد ئەوا دەچێتە بەهەشت. (رواه البخاري)

**نووسینی: عبد الدائم الكحيل**



# گۆشتی بەراز و مردارەوە بوو

**ئەدیب نجم الدین قەرەداغی**

بێگومان ئاینی پیرۆزی ئیسلام هیچ شتێکی فەرز نەکردووە یان قەدەغە نەکردووە ئەگەر سوودێکی زۆری بەندەکانی تێدا نەبووبێ، یەکێك لەو قەدەغە کراوانە بریتی یە لە خواردن و بەکارهێنانی گۆشتی بەراز و خواردنەوەی خوێن و ئاژەڵی مردارەوەبوو، هەروەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

(حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْأِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (المائدة:٣).

هەروەها دەفەرموێت: (قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (الأنعام:١٤٥).

واتە: لەسەرتان حەرام کراوە خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو، و خوێن‌و، گۆشتی بەرازو، ئەو گیاندارەی کە سەر دەبڕیێت‌و ناوی غەیری خوای لەسەر دەبرێت‌و، هی خنکاو، و ئەوەی کە بەلێدان یان کەوتنە خوارەوە یان بە لێدانی گیاندارێکی تر، یان درندە پەلاماری دابن، و لێی خواردبن، مەگەر سەربڕێن (بەچەقۆدا بگەن).

زانستی سەردەمیش دووانەیە (هاوکۆکە) لەگەڵ ئیسلامدا، هەربۆیەش لە خزمەتی ڕوونکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان و فەرمووده پیرۆزەکاندایە، بۆ نموونە لێرەدا هەندێك لە زیانەکانی گۆشتی بەرازی ڕوونکردۆتەوە وەکو:

١- نەخۆشی مشەخۆری (طفیلي): وەك ئەو نەخۆشی یەی کرمێك دروستی دەکات کە پێی دەڵێن کرمی (لولپێچی)، ئەوە ترسناکترین جۆری کرمە بۆ مرۆڤ کە لەناو گۆشتی بەرازدا هەیەو دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر، یان وەستانی هەناسەو لەکۆتاییدا لەوانەیە مرۆڤەکە بەرەو مەرگ ببات.

نەخۆشی یەکی تری گۆشتی بەراز کرمێك دروستی دەکات کە درێژیی یەکەی دەگاتە (١ پێ) ئەم جۆرەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی هەرس و کەمکردنەوەی خوێن، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێتە هۆی دروستکردنی نەخۆشی لە مۆخی بخۆری بەرازدا یان لە جگەر و سی یەکان و دڵ و درکە پەتکدا، کە ئەمانەش لە زیانە هەرە گەورەکانن.

ئەم جۆرە کرمە لەناو ڕیخۆڵە باریکەی مرۆڤدا دەژی بۆ ماوەی چەند مانگێك دەمێنێتەوە، بەش پارچەکانی لەشی لە نزیکەی هەزار پارچە پێکدێت، لەدواییدا درێژییەکەی دەگاتە (٤-١٠م)، بەتەنها لەناو ڕیخۆڵەی مرۆڤە توشبووەکەدا دەژی و هێلکەکانیشی لەگەڵ پاشەڕۆی ئەو مرۆڤەدا دەردەچێتە دەرەوە.

هەروەها جۆرێکی تر لە کرم دروست دەکات کە پێی دەڵێن کرمی ئەسکارس، کە دەبێتە هۆی هەوکردنی سی یەکان‌و گرتنی ڕیخۆڵەکان.

جۆرێکی تری کرمی نەخۆشی بریتی یە لە کرمەکانی (ئەنگلوستۆماو بەلهارزیا- دوسانتریا) کە ئەمانە دەبنە هۆی خوێن بەربوون و کەم خوێنی‌و هەندێك نەخۆشی تر کە دەبنە مردن‌و لەناوچوونی مرۆڤەکە.

٢- نەخۆشی بەکتیری: وەك نەخۆشی سیلی سی، کۆلێرا، باراتایفۆئید - گرانەتاو، حومای ماڵتا.

٣- نەخۆشی ڤایرۆسی: دەبێتە هۆی هەوکردنی مێشك‌و ماسولکەی دڵ و هەڵامەت (هەوکردنی دەمی مانگا).

٤- نەخۆشی تری میکرۆبی: وەکو میکرۆبی (تۆکسۆپلازمای جواندی) ئەم میکرۆبەش دەبێتە هۆی تا و لەش قورسی و ئاوسانی سپڵ و جگەرو هەوکردنی سییەکان‌و، ماسولکەکانی دڵ، و جگە لەمانەش لەدەستدانی چاو و گوێ.

دکتۆر (لارسۆن) دەڵێ: ئەم نەخۆشییە هەندێك دیاردەی تری لێ دەکەوێتەوە وەکو: ڕوماتیزمی جومگەو دڵ و گورچیلەو ئازاری ئێسقان و نەخۆشی پێست، هەر لەبەرئەوەشە کە هێندە باس‌و لێکۆڵینەوە لەسەر خواردنی ئەم گیاندارە دەکرێت.

خواردنی ئەم گۆشتە دەبێتە هۆی دروستکردنی کرمی (شریتی)، کە ئەم جۆرە لەناو ڕیخۆڵە باریکەی مرۆڤدا بەهۆی بوونی چوار مەمیلە لە سەری دا دەژی، کە چواردەوری بە خواردنی هەرسکراو دراوە و بەهۆی پێستی خۆیەوە هەڵی دەمژێ، بەمەش ووزە خۆراکی مرۆڤەکە بۆخۆی دەبات، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کرمە ژەهر لە لەشی دەردەچێ.

٥- ئەنفلۆنزای بەراز: ئەم نەخۆشییە بەشێوەی (پەتا) بڵاودەبێتەوەو ملیۆنەها کەس تووش دەکات‌و، دەبێتە هۆی هەندێك ئاکامی ترسناك وەك: هەوکردنی مێشك و گەورەبوونی دڵ و پاشان لەکارخستنی.



ترسناکترین پەتا کە تووشی جیهان بووبێت لە سەدەی بیستەمدا، ئەم نەخۆشییە بووە (ئەنفلۆنزای بەراز) کە لەساڵی (١٩١٨)دا بوو نزیکەی (٢٠) ملیۆن کەسی کوشت، بۆیە ئەمریکاش لەساڵی(١٩٧٧)دا لە ترسی ئەم نەخۆشییە هەستا بە پێدانی بەرگری لە دژی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بەهۆی کوتانەوەو، بودجەی (١٣٥) ملیۆن دۆلاری لەو پێناوەدا سەرف کرد.

٦- برینی گەدە (قرحة المعدة): ئەم نەخۆشییە بەهۆی کرمێکەوە دروست دەبێت کە لەسەرەتادا تووشی بەراز خۆی دەبێت، کاتێك کە گۆشتەکەی دەخورێت، دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤەکە بەتایبەتتر بۆ منداڵان کە دەبێتە هۆی سکچوون و هەوکردنی ڕیخۆڵە ئەستوورە.

جۆرە کرمێکی تر کە لە سی دا پەیدادەبێت، کە ئەمەش بەهەمان شێوە لەسەرەتادا لەسیی بەرازەکەوە دروستدەبێتو، پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ بخۆرەکەی، سەلمێنراوە کە ڕۆنی بەراز لە ڕێژەیەکی زۆر لە ترشی ڕۆنی ئاڵۆز پێکهاتووە وەکو (ترایگلیسرین).

ڕێژەی کۆلیسترۆڵ لەم گۆشتەدا (١٥) ئەوەندەی گۆشتی مانگایە. لە مەوسوعەیەکی پزیشکی ئەمەریکی دا دەڵێت: لە هەموو (١٠٠) رەتلێکدا (٥٠٪)ی چەوری یە، لەکاتێکدا چەوری بزن ١٧٪و، هی گوێزەکە ٥٪، ئەم ڕێژانەش ئەگەر لەبڕی پێویست زیاتر بوو، ئەوا لەناو لوولەکانی خوێندا دەنیشێت ، بەتایبەتی (خوێنبەرەکانی دڵ)، لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێتە هۆی رەق بوونی لوولەکانی خوێن و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ سنگە کوژێ (الذبحة القلبية) کە زۆر لە ئەورووپادا بڵاوەو، ڕێژەکەی پێنج قاتی تووشبووانە لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا.

میکرۆبی (یارسینیا) کە تەنها لە گۆشتی بەرازدا لە پلەی گەرمی (٤٠)دا دەژی، ئەم نەخۆشییە تووشی زۆرێك لە ئەورووپییەکان دەبێت، زۆرێك لەوانەی کە تووشی نەخۆشیی بڕبڕەی پشتو جومگەکانی بوون، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم میکرۆبە، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە گەورەترین زیانی هەیە.

## خوێن:

یەکێکی تر لە شتە حەرامکراوەکان بریتییە لە خواردنو خواردنەوەی خوێن، کە ئێستا لە وڵاتە نائیسلامی یەکاندا کارێکی بەربڵاوە، بەڵام ئیسلام زۆر بەڕاشکاوانە حەرامی دەکات و دەفەرموێت: (حرمت عليكم الميتة والدم...).

زانستی سەردەمیش ڕوونی کردۆتەوە کە خوێن لەوەڕگایەکی باشی میکرۆبەو، میکرۆب زۆر بەخێرایی تێیدا گەشە دەکاتو، بەهۆی ئەمەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی (یوریا) ئەمەش گورچیلە لەکاردەخات. پاشانیش بەرزبوونەوەی (ئامۆنیا)، ئەمەش دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی جگەر.

بەهۆی زۆر لەخۆگرتنی میکرۆبەوە زیان بە گەدە و ڕیخۆڵەکان دەگات، و تووشی نەخۆشی ترسناکیان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوەڕگایەکی بەهێزە بۆ میکرۆب، هیچ ماددەیەکی خۆراکیی تێدانی یە و زۆر بەزەحمەتیش هەرس دەبێت، یاخود هەر لەگەدەیدا دەمێنێتەوە و بەشێوەی ڕشانەوە یان پاشەڕۆ دەریدەداتە دەرەوە، ئەو هەندە پرۆتینەشی کە لە خوێندا هەیە ژەهراوی دەبێت و بخۆرەکەی بەرەو مەرگ دەبات.

هەرشتێك زیان بەمرۆڤ بگەیەنێتو پیس بێت، ئەوا لەئیسلامدا حەرامکراوە، پەروەردگاری زاناش بەهەموو نهێنی یەکانی دەفەرموێت:

(وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ) الأعراف/١٥٧. مانا: (خوای گەورە هەموو شتێکی پاك و باشی بۆ حەلاڵ کردوونو، هەموو شتە پیس و خراپەکانیشی لەسەر حەرام کردوون).

جگە لەوەی کە لەناو ئەو خوێنەدا هەزاران میکرۆب هەیە، هەندێك جار بەهۆی ئەو چەقۆیەی کە پێی سەردەبڕێت، یان ئەو شتەی کە دەکرێتە ناوییەوە، میکرۆبی تری تێدەچێت هەموو میکرۆبێکیش لەماوەی نیوکاتژمێردا دەبێت بەدوان، گەروا دابنێین (١٠٠٠) هەزار میکرۆب لەناو ئەو خوێنەدا هەبێت، لەماوەی نیوکاتژمێردا دەبێت بە (٢٠٠٠) وە لەدوای کاتژمێرێك دەبێت بە (٤٠٠٠) وەدوای ٢ کاتژمێر دەبێت بە(٨٠٠٠)و، دوای سێ کاتژمێر دەگاتە (٦٤٠٠٠) میکرۆب.

ئەی ئەوانەی کە خوێنەکە خۆی دەخۆنەوە، یاخود دوای کوڵاندنی کە دەبێتە کڵۆو پارچە، دەبێت چەند ئەو خوێنە بمێنێتەوە، دەبێت چەند هەزار میکرۆب تێیدا مەلە بکاتو، چی لە بخۆرەکەی بکات؟! پاکو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی زیانبەخشی حەرام کردووە.

## حیکمەتی سەربڕینی گیاندارو ئاژەڵ لە ئیسلامدا:

سەربڕین لە ئیسلامدا تەنها یەك ڕێگای دیاریکراوە، ئەویش بریتییە لە:

بڕینی دوو بۆرییە سەرەکییەی قورگی کە لێیەوە خوێنی لەشی گیاندارەکە دەردەچێت. بەڵام سەربڕینی جگە لەم شێوەیە دەبێتە هۆی مانەوەی خوێن لەدەمارەکاندا، کاتێکیش کە مرۆڤ ئەم گۆشتەی خوارد، ترشەڵۆکی ژەهراوی کە تێکەڵ بەگۆشتەکە بووە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەمرۆڤەکەو، تووشی هەوکردن و ئازاری جومگەکانی دەکات، لەبەرئەوەی ئەم ترشەڵۆکە (ترشەلۆکی میز) لەناو جومگەکاندا دەنیشێت.

زانایان دەڵێن: ئەو ئاژەڵ و گیاندارەی کە سەرنابڕڕێت و خوێن لەلەشیدا دەمێنێتەوە، تێکەڵ بەهەموو خانەکان دەبێت و ئەو ترشەڵۆکە دەردەدات، کە دەبێتە هۆی ڕەق بوون و ووشك بوونەوەی گۆشتەکە دوای (٣) کاتژمێر، ئەو میکرۆبانەشی کە تێیدان دەبنە هۆی خراپکردنی ئەو خانە گۆشتییانەی کە خوێنەکەی تێدا ماوەتەوە، ئەوکاتەش ژەهراوی دەبێتو هەڵدەئاوسێو بۆنێکی ناخۆش پەیدا دەبێت، بۆیە خوای تاك و پاك لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرموویەتی: (حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ) الأعراف/١٢٠.

لەئایەتە پیرۆزەکەدا دەبینین هەرلەو حەرامکراوانە بریتی یە لە:

١) المنخنقة (واتە خنکاو).

ئایا دەبێت ئەم جۆرەیان زیان بەمرۆڤ بگەیەنێت؟

لەم دواییانەدا ڕوونکراوەتەوە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ئەو نەخۆشییانەی کە ئاژەڵ هەڵیدەگرێت، و پاشان دەخنکێنرێت لەگەڵ تەندروستی مرۆڤدا، لەبەرئەوەی دیواری ڕیخۆڵە ئەستوورە لەئاژەڵدا وەکو بەربەستێك وایە و ناهێڵێت میکرۆب لە ڕیخۆڵە ئەستوورەوە بچێتە ناو لەش و خوێنی ئاژەڵەکەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە تا لەژیاندا بێت، کاتێکیش کە دەخنکێنرێت و بەهێواشی گیان لەدەستدەدات، هێزی بەرگری لەناو ڕیخۆڵە ئەستوورەدا هێدی هێدی نامێنێتو میکرۆبە زیان بەخشەکان دیواری ڕیخۆڵەکە دەبڕێتو دەچێتە ناو خوێن و گۆشتەکانی دەوروپشتی ڕیخۆڵەکەوە.

ئەوکاتەش خوێنەکە هەموو ئەم میکرۆبانە لەگەڵ سووڕی خوێندا دەگەیەنێت بەهەموو بەش و پارچەکانی لەشی ئاژەڵەکە، لەم ساتە وەختەشدا میکرۆبەکان دیواری مووللەکانی خوێن کون دەکەن و دەچنە ناو هەموو گۆشتەکەوە، ئەمەش لەبەرنەبوونی بەرگریی دیوارەکانی ئەم موولولانەیە، ئەو کاتەش دەبنە لەوەڕگایەکی گەورە بۆ هەموو ئەم میکرۆبانە، هەمووئەم شتانە ئەمرۆ

زانستی سەردەم جەختی لەسەر دەکاتەوە کە کاتێك ئاژەڵێك بێ سەربڕین رۆحی دەردەچێت، هەموو میکرۆبەکان لە لەشیدا دەمێنێتەوە، زیان بە هەموو خانەکانی دەگەیەنێت و ژەهراوی دەکات و لەشی سوور هەڵدەگەڕێت، و پاش ماوەیەك سووری خوێنی دەوەستێنێت و ئەوکاتەش هیچ سوودێك جگە لەزیان لەخواردنی ئەو گۆشتەدا نابێت و ناتوانرێت خۆ لەزیانەکانیشی بپارێزرێت، چونکە تێکەڵ بەهەموو خانەکان بووە.

(لارسۆن) کە دکتۆرێکی دانیمارکی یە دەڵێت: یاسا لای ئێمە وایە کە قەدەغەیە خواردنی گۆشتی گیاندارێکی خنکاو، چونکە ئەو گیاندارە دەبێتە مۆڵگەیەکی گەورەی میکرۆب، چونکە هێزی بەرگری نامێنێت بەتایبەتی لە دیوارەکانی ریخۆڵە ئەستورەدا، ئەوکاتەش میکرۆبە زیانبەخشەکان زۆر بەئاسانی دەچنە ناو لەشییەوە.

٢) ئەو ئاژەڵەی کە دەکەوێتە خوارەوە یان لێی دەدرێت یاخود شەرە قۆچ دەکەن و شتیان بەردەکەوێت:

((الْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ)):

ئەم سێ جۆرەش دەشوبهێن بەجۆری یەکەم، زیاد لەوەش لوولەکانی خوێن دەدڕێن و تێکەڵ بەخانەکانی گۆشت دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی کارلێکی ژاراوی بوونی گیاندارەکە، چونکە میکرۆبەکان زۆر بەخێرایی بەلەشیدا بڵاودەبنەوە، لەم کاتەشدا هێزی بەرگری لەشی گیاندارەکەش نامێنێت، و دەبێتە مۆڵگەیەك بۆ میکرۆبەکان.

٣) پاشماوەی دڕندە (وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ):

زانستی پزیشکی دەڵێت: گیاندار و ئاژەڵەکانی ووشکانی تووشی چەندەها نەخۆشی دێن کە لە دەم و لیکیاندا دەردەکەوێت، کاتێك کە هەڵدەکوتنە سەری و برینداری دەکەن ئەم میکرۆبانە لەرێگای دەم و لیکیانەوە، یاخود چنگیانەوە دەچێتە ناولەشی گیاندارەکەوە و جێی دەهێڵێت، و تێکەڵ بەخوێن و جەستەی دەبێت.

هەریەکێك لەو راوچی یانەش کە کەڵبە یان چنگی هەبێت خواردنیان حەرامە و ئەوەش کە ئەوان دەیگرن، وەکو ئیمامی عەبباس (رضي الله عنه) بۆماوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (نهى رسول الله(د.خ) عن كل ناب من السباع، وعن كل ذي مخلب من الطير) رواه مسلم.

واتە: (پێغەمبەر(د.خ) نەهی کردووە لەخواردنی هەر گیاندارێك کە کەڵبەی هەبێت و هەموو باڵندەیەکیش کە چنگی هەبێت).

هەریەکە لەمانە حەرامن و ئەوەش کە ئەمانە دەیگرێت، مەگەر بەو جیاکردنەوە (إستثناء)ەی کە دەفەرموێت: (إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ).

واتە: (هەموویان حەرامن مەگەر سەربڕین و بەچەقۆدا بگەن).

بەومانایەی پێش ئەوەی رۆحیان دەربچێت، سەربڕین، (کورد وتەنەتی بەچەقۆدا بگەن). ئەوکاتە حەڵاڵە، حیکمەت و نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە هەموو میکرۆبەکان لەرێگای دەرچوونی ئەو خوێنەوە دێنە دەرەوە و خاڵی و خاوێن دەبێتەوە بەوهۆیەوە، بەڵام ئەگەر تێیدا مایەوە، ئەوا هەزارەها میکرۆب بێ هیچ بەرگری یەك و رێگری یەك لە لەشی باڵندە و ئاژەڵەکەدا دەمێنێتەوە، بگرە چەند قاتیشی زیادەکات.

ئایا ئەمەش رێکەوتی کەڕ و کاس حەرامی کرد؟ ئایا ئیسلام ئاینێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرست بوو؟ ئایا هەمووی بۆ بەرژەوەندی گیان و جەستە و تەندروستی مرۆڤ نییە؟

(فماذا بعد الحق إلا الظلال)؟!


سەرچاوەکان:

١) موسوعة الإعجاز العلمي، يوسف الحاج أحمد، ل٦٤٨-٦٦٣.

٢) الموسوعة الذهبية في إعجاز القرآن الكريم والسنة النبوية، دكتور أحمد مصطفى متولي.

٣) الإعجاز العلمي في الإسلام، محمد كامل عبدالصمد، ل٢٥٧-١٦٣.

٤) حقائق العلم الحديث (بەرگی پێنجەم)، عبدالرحمن العصافي، ل١٥-١٧.


## تایوان: سزای ماددی بۆ ئەو کەسانەی موسڵمانان ناچار دەکەن بە لێنانی گۆشتی بەراز



بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی (ئالوکە) لەهەواڵێکی نوێی وڵاتی تایوان بۆ پاراستنی ماف موسڵمانان سەرۆکی کەرتی کاروباری بیانیەکان (فو هۆی شیە) رایگەیاندووە، کە بەم زووانە سزای ماددی توندی ئەو کەسانە دەدەن، کە بۆ ئازاردانی هەستی کرێکارە موسڵمانەکان لە چێشتخانەکان بەزۆر گۆشتی بەرازیان پێ ئامادەدەکەن.

هەر لە درێژەی لێدوانەکانی بۆ لایەنی راگەیاندن (فو هۆی شیە) گوتویەتی: زۆربەی هەرەزۆری ئەم ئازاردانە دەروونیە زیاتر لە شاری ( شیای ) بەرچاو کەوتووە، تە نانەت روون بۆتەوە، کە جیاوازیەکی زۆر هەست پێدەکرێ لە کاتەکانی کارپێکردنی کرێکارە موسڵمانەکان و ناموسڵمانەکان.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەر دژی یاسایە و بێگومان سزای توندی ماددی ئەو کەس و لایەنانە دەدرێت، کە بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان کرێکارە بیانیەکان ئازاربدەن و هەستو دەروونیان بریندار بکەن، ئەم لێکۆڵینەوە وردە دوای ئەوە هات کاتێ کرێکارێکی موسڵمان داوای لەدژی سەرپەرشتیارەکەی لەلایەن پۆلیس تۆمارکردبوو.

لەدواکەیدا ئاماژەی بەوەکردبوو، کە سەرپەرشتیارەکەی جیاوازی لەنێوان ئەوو هاوڕێ ناموسڵمانەکانی دەکات و تەنانەت لە رۆژێکدا (١٦) کاتژمێر کاری پێدەکات و لەگەڵ ئەوەی ئاگادارە بەوەی لە ئاینی ئیسلام گۆشتی بەراز حەرامە کەچی بەزۆر فەرمانی پێدەکات بۆی ئامادە بکات

# گوڵچنێ

# لە گوڵزاری موناجاتەکانی ئیمامی شافعی

عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد

دەمەوێ ڕاستەوخۆ بچمە نێو باسەکەو بڵێم، کاتێ کە نسیبم کەوتە مەریواناتی دیوی کوردستانی ئێرانو لەخزمەت مامۆستایەکی بەرزی وەك (مامۆستا سەیید کەمال) لەئاوایی (جوجەسازی) تەنیشت شاری (مەریوان)دا گیرسامەوەو، لەوکاتەشدا ماڵە مامم (مامۆستا شێخ زاهیدی فارۆقی)، کە زانایەکی بەرزی کوردستانی ئێرانو شاری مەریوان بوو، هاتوچۆم دەکردنو ڕۆژێك بەنێو کتێبخانە کۆنەکەیدا دەگەڕام، چاوم بە نامیلکەیەکی کۆو شڕۆڵە کەوت بەڵام پڕ بایەخ، کە لە سەری نوسرابوو (مناجات إمام شافعی)و یەکسەر سەرنجی ڕاکێشامو پرسم بە مامۆستای مامم کرد یان نا.... باش لەبیرم نایەت، لەبن هەنگڵم ناو هێنامەوە بۆحوجرە بۆ شارۆچکەی جوجوسازی! ئەمەی دەیگێڕمەوە ڕاست هاوینی ساڵی (١٩٩)ی زایینیە زۆر سەیربووم!، کە تەمەنم (١٧-١٨) ساڵێ دەبوو، سەرەڕای خوێندن بیرم لەنووسینیش دەکردەوە.

لێرەدا سەبارەت بەحەزی نووسین ناکرێت ئەوە لەبیر بکەم، کە لەو ماوەی کۆتایی (١٩٩٧)و ساڵی (١٩٩٨)دا موتاڵای چەند کتێبێکی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیسم کردبوو، کە ڕۆشتمە ئێران ئینجا زانیم، ئەو زانا مەزنە چەندەها کتێبی هەن، کە لەژمارەنایەن لەژێر ئەو کاریگەرییەداو لەبەرەکەتی کتێبەکانی ئەو زانا گەورەو خواناسە بەرزەدا حەزی نووسینم لەلا دروست بوو، کە تا ئێستاش بەردەوام لەناخمدا ئەگەشێتەوەو شوکر لەکەمیی نەداوە، بۆیە بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە بنووسمو سەرەڕۆیانە هەر لە حوجرەدا دەستم دایە وەرگێڕانی ئەم پراسکەیەی (موناجاتی ئیمامی شافعی) ڕەحمەتی خوای لێبێ، ئەم موناجاتە ئەسڵەکەی دەدرێتە پاڵ پێشەوامان موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافعیو لەلایەن زانای گەورەی کورد شێخ مەعروفی( نۆدێ )وە تەخمیس کراوەو منیش کردوومەتە کوردیو جاروبار هەوای شیعر داویەتی لە کەللەم، کە ئەویش دیسان لەژێر کاریگەری مامۆستا مەلاعبدالکریمی مدریسدا (گۆڕی پڕ نوور بێت) ئەو کارەم کردووە، کە جەنابیان زۆربەی کتێبەکانی خۆی بەشیعر ڕازاندۆتەوەو ئەگەرچی شیعرەکانی من لەم پەڕاوەدا زۆر لاوازن، دەکرێت ڕوونتر بڵێم میعرن نەك شیعر!.

بەڵام دەبێت لەو ڕووەشیەوە هەق بدەین، کە ئەمە بەرهەمی فەقێیەکی (١٧-١٨) ساڵەیەو دەکرێت بەچاوی ئەو واقیعەو ئەو ئاستەی تێیدا نووسراوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت:

**(بسم الله الرحمن الرحيم )**

**لـک الحمد یاذا الجود والمجد والعلی**

**تبارکت تعطی من تشاء وتمنع**

**واتە:** سوپاسو ستایش تەنها لایەقی تۆیە، ئەی خوایەك کە خاوەنی کەرەمو بەخشندەییو شکۆو گەورەییو پلەو پایەیەکی بەرزو پیرۆزو گەورەیت، ئەی خوایەك کە نازو نیعمەت بەکەسانێك دەدەیتو لە کەسانێکی دەگریتەوە.

**سوپاسو سەنای بێ وێنەو میثال**
**بۆ بارەگای حەق خودای ذوالجلال**
**ئەو خودایەی کە گەورەیەو بەرزە**
**(معطی)و (مانع)ی ڕزقە بەم تەرزە**
**گشت کاروبارێ بەدەس خۆیەتی**
**شوکرو ستایش بۆی بەتایبەتی**

**إلهي و خلاقي وحرزي ومَوْئِلي**
**أليک لدی الأعسار واليسر أفزع**

واتە: پەروەردگارا، ئەی دروست کەرمو ئەی بەمتمانەترین جێگاو ڕێگە بۆ من! لە هەموو کاتی ترسو سەختیو خۆشیەکدا، تەنها بۆ تۆ پەنا دەهێنم.

**ئەی خوای گەورە خالقی گەردون**



**هەر تۆی پەناگەم لە ( عوسرا)و (یوسرا)**
**قەت داوا ناکەم لە کەس غەیری تۆ**
**گەر بشم کوژنو بمکەن بە دارا**
**هەر تۆی خوای من (رب العالمین)**
**پەنات پێ ئەگرم لە ترس و ڕاڕا**

**إلهی لئن جلّت وجمّت خطيئتی**
**فعفوک عن ذنبی أجلُّ وأوسعُ**

واتــە: پــەروەردگارا، ئەگــەر تاوانــەکانی مــن زۆرو گــەورەبن، بــەڵام لێبوردنی تۆ زۆر لەتاوانەکانی من گەورەترو فراوانترە.

**(یارەب) ئەزانم تاوانم زۆرە**
**بەس لێبوردنت زۆرو گشت جۆرە**
**ئومێدم زۆرە، بەتۆ خوایە**
**تاوانەکانم بەئاو بشۆرە.**

**إلهي لئن أعطيت نفسي سُؤْلها**
**فما أنا فی روض الندامة أرتع**

واتــە: پــەروەردگارا، ئەگــەر ئــارەزوو هــەواو هەوەســی نەفــسم بــۆ برەخسێنی، کەبێنە جێ! ئەوکاتە من لەباغی پەشیمانی دا، مەگەر هەر وەك باڵندە بخوێنم.

**خوای (منان) یارمەتیمدە، لە بۆ تەقواو کاری چاکە**
**چونکە (إن النفس لأمارة بالسوء) و زگماکە**
**لەکاتێکا، کەوا کردم کاری بێ قەدرو عیصیانی**
**مەگەر لێدەم لەباغستان دەنگ‌و زەنگی پەشیمانی**

**إلهي وحالي وفقري وفاقتي**
**وأنت مناجات الخفية تسمعُ.**

واتە: پەروەردگارا، ئەمەیە حاڵ‌و گوزەران‌و ناڕەحەتی‌و بێ دەستی مــن کــە دەیبینــی، بێگومانیــشە کــە تــۆ نیــازو موناجــاتی پــەنهانی بەندەکانت دەبیسی.

**حاڵ‌و وەزعی منی بەندە گەلێك کە سەخت‌و دژوارە**
**بێگومانە خوای گەورە، (سامع)ی نزای گیاندارە**
**ئەگەر لوتف‌و ڕەحمی نەبێ، دەچی بکەم منی بێ چارە**
**کە نوقمی بەحری عیصیانم، هەرچی کارم هەیە لارە**

**إلهي فلا تقطع رجائي ولاتزع فؤادي**
**فلی فی سيل جودک مطمعُ**

واتە: پەروەردگارا، بێ ئومێدم مەکەو دڵم مەگۆڕەو لەســەر ڕێبــازی ئیمــان بــەردەوامیم پــێ ببەخــشەو لــەم کاتەشــدا مــن چــاوم لــەدەریای ڕەحمو کەرەمو بەزەیی تۆیەو زۆر ئومێدم پێت هەیە.

**نائومێدم مەکە خوایە، یارمەتیمدە بۆ هیدایەت**
**(إستقامة)م پێ ببەخشە، تا نەکەومە نێو نەدامەت**
**ڕوباری ڕەحم‌و ڕەحیمیت، خودای ( منان ) فراوانە**
**چاوی تەماعم تێ کردووە، بۆیە نیمە ئیستیقامەت.**

**إلهی لئن خَيَّبْتَنی أو طراودتَنی**
**فمن ذا الذی أرجو ومن ذا أشفع**

واتــە: پــــەروەردگارا، ئەگــــەر مــــن نائومێــــد بکــــەیت‌و لــــەخۆتم دورخەیتەوە، دەبێت ئیتر من ئومێدم بەکێ هەبێت‌و پەنا بۆ کێ ببەم.

**(یا إلهی) ڕویی ڕەحمم تێ بکەو دوورم مەکە**
**ڕوو لەقاپی بەرزی تۆم، نائومێدیشم مەکە**

**إلهی أجرنی من عذابک أننی**
**أسير ذليل خائف لک أخضعُ**

واتــە: پــەروەردگارا، پــەنام بــدەو بمپــارێزە، لەســزاو ڕقو تــوڕەیی خۆت‌و بێگومــان مــن دامــاوو بــێ دەســتمو لێــت ئەترســمو ســەری ڕێــزو زەلیلیت بۆ نەوی دەکەم.

**أللهم إنی أعوذ بک من عذابک**
**من زەلیلم زۆر ئەترسم من مقامك**
**گوناهی من زۆرو بۆرە بەبێ ئەژمار**
**پەنا دەگرم، لەسزای تۆ ( یاقهار )**
**إلهی فأنسنی بتلقين حُجَّتی**
**إذا كان فی القبر مثوی ومضجَع**

واتــە: پــەروەردگارا، لــەکاتێك دا کــە مــن دەمــرمو لــە گۆڕســتان‌و شوێنی خەوتنی یەکجاریمدا لەگۆڕ دەمێنمەوەو فریشتەی پرسیارکردن دێنــە ســەرم، ئەوەنــدە توانــایی‌و ئولفــەتم پــێ ببەخــشە، کــە بتــوانم بەجوانی‌و بەچاکی وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە.

**لەکاتێکدا کە بوومە میوانی گۆڕی تەنگ‌و تار**
**پەنام دە تۆ ئەی خودایە لەسزای چی؟ هارومار**
**هەم پەنامدە لەزوبانی لاڵ‌و بێچار**
**تا ئەگەمە حەوزی کەوسەرو دیداری یار[1].**

**إلهی لئن أخطئتُ جهلا فطالما**
**رجوتک حتی قيل من هو يجزَعُ**

واتــە: پــەروەردگارا، ئەگــەر مــن هەنــدێ جــار لــەڕووی نــەزانی‌و نەفامییەوە تاوانێکم کردبێت، لەزۆر کاتــدا پــەنام بــۆلات هێنــاوەو شــین



وزارم بەرپا کردووە بەجۆرێك، کە گوتراوە ئەبێ کێ بێت؟ ئەم ناڵەو ڕۆڕۆیە بکات؟!

**تاوانم زۆرە، بێ حەددو حیساب**
**بەس لای تۆ بووە (مرجع) و (مأب)**
**شین‌و هاوارم (عن خوفك) زەلزەلەی خستە وڵات**
**وائەپرسن خەڵکی دەورم، کێیە جەرگی بووە کەباب؟!**

**إلهی ذنوبی بذت الطَّوْد واعتلَت**
**وصَفْحُك عن ذنبی أجل وواسعُ**

واتە: پەروەردگارا، تاوانەکانی من هێندە زۆرن، کە ئەوەندەی کێوێك بەرز بوونەتەوەو زۆر بوون، بەڵام لێبوردنی تۆ لەتاوانەکانی من گەورەترو فراوانترە.

**إلهی أَقِلْنی عَثْرتی وامْحُ صوبَتی**
**فإنی مُقِر خائفُ متُضَرعٌ**

واتە: پەروەردگارا، چاوپۆشی بکە لەتاوانەکانم‌و بیانسڕەوەو لێم ببورەو بێگومان من دان بە تاوانی خۆمدا دەنێم‌و ترسم لەتۆ هەیەو سەری زەلیلیت بۆ نەوی دەکەم.

**چاو بپۆشە لەتاوانم خودایا**
**لەغەیری لوتفی تۆ گشتی بەبایە**
**(مقر)ی (ذنوب)ی خۆمم کەوایە**
**لەترسی تۆیە، ئەم شین‌و هەرایە**

**إلهی أَنِلْنِی منك روحا وراحة**
**فلستُ سِری أبواب فضلك أقرعُ**

واتە: پەروەردگارا، پێم ببەخشە هێمنی‌و لەسەرخۆیی‌و من نامەوێ لەغەیری دەرگای پیرۆزو خاوەن کەرەم‌و گەورەی تۆ لە هیچ دەرگایەکی تر بدەم!

**دەرگای فەضلت، کراوەتۆ (یا منان)**
**ڕوی تێکەم، یارمەتیمدە بۆ (إحسان)**
**کەس شك نابەم، لەغەیری دەرگەهی تۆ**
**ببورە لێم، لەگشت کارێکی عصیان**

**إلهی لَئِنْ أفضَحْتَنی أو أهَنْتَنی**
**فما حیلتی یارب، أم کیف أصنَعُ**

واتە: پەروەردگارا، ئەگەر من ڕیسوا بکەیت‌و لە ئیهانەکراوانم بگێڕی، دەبێت ڕێگەچارەی من چی بێت‌و دەبێ چی بکەم؟!

**ئەمن چیبکەم ئەگەر بێتو خوای عالەم لێم برەنجێ**
**دەبێ چیبکەم چ ڕێگایەك لە بۆ من ڕێگە چارەبێ**

**إلهی حلیف الحُبِّ باللیل ساهرٌ**
**ینادی ویدعو، والمُغْفِلُ یَهْجَعُ**

واتە: پەروەردگارا، کەسانێك کە خۆشەویستی تۆیان لەدڵدایەو پەیمانی بەردەوامی ئەو خۆشەویستیەیان داوە، بەشەواندا بێدارن‌و خەریکی یادو فیکری تۆن، بەڵام ئەوەی کە بێ ئاگایە لە یادی تۆو زیکرت ناکات، لەخەوێکی خۆش‌و ئارامدایەو کات بەسەر دەبات.

وەك مەولەوی دەفەرموێ:

**شەوەن خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن**
**عالەم گرد ووتەن، دۆس خەبەردارەن**

منیش دەڵێم:

**بەڵام فرەکەس ( هجوع )ش کەردەن**
**زیکرو فیکرو تۆش، جەیاد وێش بەردەن.**

**إلهی کُلُّ منهم من کان راجیا**
**أمتعْتُك العُظمی وفی الخلد یَطمَعُ**

واتە: پەروەردگارا، هەموو ئەوانەی کە بەدڵێکی گەرم‌و پڕ سۆزەوە، لێت ئەپاڕێنەوەو ئومێدیان پێت هەیە، ئەوانە چاویان لەنازو نیعمەتە گەورەکانی تۆیە، ئومێدیان وایە کە لەبەهەشتدا لەوانەیان بەش بدەی.

**بۆیە شین‌و هاواری من، زەلزەلەی خستە وڵات**
**تاکو (اللّه)، (فی القیامة)، (جنة)م بکا خەڵات**

**إلهی تحبُّنی ذکر طولك لَوْعتی**
**وذکر الخطایا العین منی یَدْمَعُ .**

واتە: پەروەردگارا، خۆشەویستی تۆ لەدڵی مندا لە ئاستێکدایە، کە بێ ئاگایانە چاوەکانم فرمێسك دەڕێژن‌و لەکاتێکدا کە تاوانەکانی خۆم دەهێنمەوە بەر چاوم، فرمێسك لە چاوەکانم دێنە خوارەوە.

**چاوی من فرمێسك دەڕێژێ هەروەکو هەوری بەهار**
**خۆشەویستی تۆ لەدڵما بێسنوورە (یاغفار)**

**إلهی فإن عفو فعفوك مُنْقِذی**
**وإلا فبالذنب المدبر أصْرَعُ**

واتە: پەروەردگارا، مەگەر من بەهۆی لێبوردنی تۆوە نەجاتم ببێت‌و توشی سەختی‌و سزا نەبم دەنا ئەوەندە تاوانم زۆرە، کە ئەگەر بەخشینی تۆ نەبێت سەر زەوی ڕەش دەکەنەوە.

**إلهی فانصرنی علی دین أحمدا**[٢]
**مُنیبا تقیّاً قانتا لك أخْضَعُ**

واتە: پەروەردگارا، یارمەتیم بدە تاوەکو لەسەر ئەم بەرنامەیەی پێغەمبەر( S ) دامەزراوبم‌و بەردەوام بم لەسەری‌و سەری ڕێزو گەورەیی‌و زەلیلی تەنها بۆ تۆ نەوی بکەم.

**یارمەتیمدە تۆ خودایە، تاوەکو چی تەوبەکەم**
**هەم سەری ڕێزو نەوازش، تەنها بۆتۆ نەوی کەم**

**وصل علیه ما دعاك مُوَحِّدُ**
**وناجاك أخیارُ، ببابِكَ رُكَّعِ**

واتە: پەروەردگارا، صەلات‌و سەلام لەسەر پێغەمبەر( S ) بێت، لەبەر ئەوەی کە یەکتاپەرستی گەیاندو لەسەری سور بوو زۆر لەپیاو چاکان لەکاتی زیکرو فیکردان‌و سەری ڕێزو گەورەییت بۆنەوی دەکەن.

**صەڵات‌و سەلام لەسەر موحەممەد S**
**هەم ئال‌و ئەصحاب ئەکرەم‌و ئەمجەد**
**هەم لە تابعین هەتاکو ئەبەد**

**بباریٚ ڕەحمەت بۆ گشت بیٚ عەدەد[٣]**

**(کەمی دونیا)**

**لا تَأْسَف عَلَى الدُّنيا فَضَلَّها**
**فإن الموت يُفْنينا و نُفْنيها**

واتە: بۆ ئەم دنیایە خەفەت مەخۆو خۆت بەدەمیەوە مەدەو بیری لیٚ مەکەرەوەو گوێی پیٚ مەدەو بەهەر جۆرێك هەیە بیگوزەرێنە، چونکە مەرگ ئێمە هەموومان لەناو دەبات کەوابوو پێکەوەنانی دونیا بۆ ئێمە کارێکی باش نییەو لەسەرەنجامدا دنیاش تیا دەچێتو نامێنێت.

**گەلێک بیٚ بایەخە بۆ تۆ ئەئەم کاروان سەرایە**
**گەلێک بیٚ بەرهەمە بۆ تۆ ئە ئەم هاتوو هەرایە**
**عاقیبەت هەر مردنەو گشتی ئەمەش بەبایە**
**کاری چاکە، تەنها بۆ تۆ ڕوو تێکردنی خودایە**

**أعمل لدارٍ يكون خازنُها الرِّضوان**
**والجارُ أحمدو الرَّحمن بانيها**

واتە: هەوڵو تێکۆشان بکە بۆ دواڕۆژو بۆ ماڵێك کە بەهەشتەو بەسێبەرو باخ دەورە دراوەو پێغەمبەری خوا S هاونشینتەو خوای گەورە بیناسازی ئەم کارەیە.

**بەهەشت خۆشە، گەلێک خۆشە بەجۆشە**
**تیایا ئاوو هەنگوینو شیر بنۆشە**

**قصورها ذَهَب وفِضَّة والمسک طينُها**
**والزعفرانُ حشيشٌ ثابتٌ فيها**

واتە: کۆشکەکانی بەهەشت لە زێڕو زیو دروست کراونو خاکەکەی یاخود (گوڵو گوڵزارەکەی) لەمیسکەو گیای زافەران هەمیشە لەبەهەشتدا هەیەو ئەبینریٚ.

**بەهەشت زێڕو زیو بیٚ، پڕبیٚ لە زافەران**
**چۆن منی بەندەی گوناهبار، بۆی فیدا نەکەم گیان؟!**

**أنهارُها عسَلٌ شَهْدٍ ومِن لَبَنٍ**
**والخَمْر رَحيقٌ يَجرى فى سُرادِقِها**

واتە: جۆگەو ڕووبارەکانی بەهەشت، هەنگوینو شیرینیو جۆرەکانی دیکەی هەنگوینو شیری پێدا تێپەڕ دەبێت، کە ئەو شیرە پاڵێوراوەو هەروەها شەرابێکی پاکو پاڵیوراو لە جۆگەو تەنیشت دیوارەکانی بەهەشتدا جاری دەبێت.

**بەهەشت خۆشە پڕ لەهەنگوینو هەم شیرە**
**تیایا بنۆشە، شەرابو شەربەتو بیرە**
**الطَّيْرُ فيها عَلى الأَغْصانِ مُعْتَكِف**
**يُسَبِّحُ جَهْرا، فِى مَعانيها**

واتە: باڵندەکان لەسەر گەڵاو چڵو پۆپی درەختەکانی بەهەشتدا دەمێننەوەو هەمیشە خەریکی زیکرو فیکری خوای گەورەن بەدەنگی بەرز.

**بەهەشتیٚ کە تەیرو تیور زیکرو فیکری تیا بکا**

**بۆ ئەبیٚ ئینسان لەبۆی گیانی خۆی فیدا نەکا**

**سُتورُها سُنْدُسٌ خُضْرٌ سُرادِقُها**
**دَلَّالُها المُصطفى واللهُ بائِعُها**

واتە: پەردەکانی بەهەشت پارچەیەکی سەوزی پڕ بایەخنو خوای گەورە ئەم بەهەشتەی بەبەندەکانی داوە، لەبەر ئەو پەرستشەی کە لەدنیادا کردویانە بۆیو پێغەمبەری خوا( S )، کە هۆی ئەمە بووەو خوای گەورە فرۆشیاری ئەم بەهەشتەیە.

**بەهەشت کاڵای خودایەو کاڵای خودا گرانە**
**ئەئەم بەهەشتە خۆشە بۆ بەندە چاکەکانە**

**لِمَنِ اشْتَرى الدَّار وجِبْريلُ مُناديها**
**إِنَّمَا الدَّارُ خَرابٌ لَيْسَ لِلدُّنيا ثُبوُتُها**

واتە: کێیە ئامادەیە ئالەم جۆرە ماڵە بۆ خۆی بکڕێت، ماڵێك کە (جبریل) بانگەوازکەری فرۆشتنیەتی، دەی کەوابوو پێشبڕکیٚ بکەنو ئەم ماڵی دونیایە بەهی دواڕۆژ بگۆڕنەوە، چونکە دونیا شوێنی مانەوەی هەتا هەتایی نییە.

**(الدنيا مزرعة الأخرة) فەرمـــودەی پێغەمبەرە( S )**
**بایەخی پیٚ مەدە ئینسان، چونکە جێگەی سەفەرە**

**يامَـــن لَهُ كُلُّ العَوالِمِ تَخْضَعُ**
**يامَنْ يُحِبُّ العَفْوَ عَمَّن يَرْجَعُ**
**يـامَنْ بِهِ أَرجوُا النَّجاةَ وَأَطْمَعُ**
**يامَنْ يَرى ما فى الضَّميرِ وَيَسْمَعُ**
**أَنْتَ المُعِدُّ لِكُلِّ مَا يُتَوَقَّعُ**

واتە: ئەی خوایەك کە تەواوی ئەم گەردوونە لەژێر دەسەڵاتی تۆدایە، ئەی خوایەك کە پێت خۆشە، لەتۆبەکاران خۆش بیت، ئەی خوایەك کە تەنها ئومێدم بەتۆ هەیە، ڕزگارم کەیت، ئەی خوایەك کە بەنهێنییەکانی نێو دڵی مرۆڤ دەزانیت تەنها تۆیت ئەی خوایە، کە بەدیهێنەری پێویستییو ئاواتەکانی منی!

**چی کاروباری گەردونە، بەدەستی خوای جیهانە**
**ئەزانیٚ پێی لەنێو دڵان، هەرچی ئاشکراو پەنهانە**
**ڕەحمەتی ئەو لەدنیادا جێگای ئومێدی هەموانە**
**ئە ئەو (غافر الذنوب)ـە، لێبوردەی تەوبەکارانە**

**يا راحِمِ النَّفسِ وساتِرِ فِعْلِها**
**ياواصِلِ الرَّحم وجامِعَ شَمْلِها**
**يامانِحَ ذاتى مَواسِمِ وَصْلِها**
**يامَن يُرجى لِلشَّدائِد كُلُّها**
**يامَن إِليه المُشْتَكى والمُفزَعُ**

واتە: ئەی خوایەك کەبۆ ئیمانداران لەڕۆژی قیامەتدا خاوەنی ڕەحمو لێبوردنیو هۆی یەکبوونو یەك دەنگی ئەوانیو ئەی خوایەك، کە ئەوەندە کاتم بۆ دەڕەخسێنی کە پەیوەندی بەخۆشەویستی خۆمەوە بکەمو ئەی خوایەك، کە لە هەموو کاتی خۆشیو ناڕەحەتییەکدا پەنات بۆ دەهێنم.

**خودای گەورە، بە بەزەییو ساتری کاری هەموانە**
**لەکاتێکدا کەوا کارمان کرداری خراپەکارانە**

**یەکخەری دڵی خەڵکی، بەتایبەت موسڵمانانە**
**لەگشت کاتی ترس و ڕاڕا جێی (تَوَسُّل)ی خەڵکانە**

**یارَبِّ فَاعْفُ عَن عَبِيدِ لَم يَخُنِ**
**يامُسْعَفِى إن لم تَكُن لى، مَن يَكُن**
**يارَبِّ وَجهى عن سؤالِ النَّاس صُن**
**يامَن خزائِنَ رِزقِهِ فى قَولِ كُنْ**
**أمنُنْ فإن الخَيْرَ عندكَ أَجْمَعُ**

واتە: خوایە ببورە لەکەسێك کە خیانەتی نەکردووە ئەی خوایەك، کە هەر تۆ فریادڕەسی منی لەکاتێکدا کە جگە لە تۆ کەسی تر نییە من پەنای پێ ببەم خوایە ئابڕوم بپارێزەو بەهۆی هەژاریو دەست پان کردنەوەوە حەیام مەبە ئەی خوایەك، کە خەزێنەکانی ڕۆزیت بەدەستەو بە (کُنْ فَيَكُونُ) دەیهێنیتە دی، دەی خوایە خەیرو بەرەکەتمان پێ ببەخشە، چونکە ئەمانە لەلای تۆ دەست دەکەونو زۆرن.

**لێم ببورە ئەی خودایە منی بەندەی چی؟ کەساس**
**بمپارێزە تۆ خودایە لەچی (عن سؤال الناس)**
**ئەی خودایە لەلات جەمە، ڕزق و ڕۆزی فراوان**
**هەرتۆی کەوا دانت داوەو بۆی دەنێری ڕزق و نان.**

**مالى سوى عجْزى لَدَيْكَ فَضيلَةٌ**
**مالى نُعوتٌ فى الوُجود جَليلَةٌ**
**مالى شُؤُنٌ عندكَ مَقبولَةٌ**
**مالى سِوى فَقْرِى إِليكَ وَسيلَةٌ**
**وَبِالأفتِقار إليكَ فَقْرِى أَرْفَعُ**

واتە: خودایە من جگە لە نەتواناییو بێ دەسەڵاتی لەچاو تۆدا هیچم نییەو خاوەنی هیچ وەصفێکی بەرزو گەورە نیمو حاڵی من بەجۆرێکە، کە تۆ بەو شێوازە ڕازی نیت پێیو جگە لە هەژاری هیچی ترم نییەو هەر تۆ دەکەمە وەسیلە بۆ کارەکانمو بەهۆی نیازو نیەتمەوە، بەهۆی تۆوە دەتوانم هەژاریو کەم دەسەڵاتی خۆم بۆ لای تۆ بەرز بکەمەوە.

**جگە لەکاری عصیانیی هیچم نییە کە باسی کەم**
**صیفاتێکی بەرزم نییە، کە لێرەدا بەدەری خەم**
**تەنها ئەتۆی پەناو سایەم، لەهەموو کات و ساتێکا**
**گەر ڕەحمو بەزەییت نەبێ ئیتر ئەبێ ئەمن چیبکەم؟!**

**يارَبِّ إنَّ عبادَتى لَقليلَةٌ**
**يارَبِّ عينَى بِالبُكاءِ بَخيلَةٌ**
**يارَبِّ روحِى بالبِعاد عَليلةٌ**
**مالى سِوى فَقرى لِبابِكَ حيلَةٌ**
**وَلَئِن طُرِدْتُ فَأَىَّ بابِ أَقْرَعُ**

واتە: خودایە، پەرستشم تا بڵێی کەمەو چاوەکانم لەترسی تۆ، بەو شێوازەی کە پێویستە ناگرینو ڕۆحی ڕەوانم بەهۆی دووری لەتۆوە نەخۆشو کەنەفتەو هیچ ڕێگا چارەیەکم لەوە زیاتر نییە، کە کەم دەسەڵاتی خۆم بۆ تۆ دەرخەمو ئەگەر من لە خۆت دوور خەیتەوە دەی ئیتر لەدەرگای کێ بدەمو بۆ کێ پەنا بەرم.

**خواپەرستیم زۆر کەمە، مەگەر خوا بەڕەحمی خۆی**
**لێم ببورێ چون (غفور)ی و هەر ئەتۆی**
**ڕۆحی ڕەوانم بیمارە، چون دوورە لە (الله) وە**
**فرمێسك و گریەو زاری لەچاوانما نەماوە**

**يامَن رَجانا فى لَطائفَ حَمله**
**يارَبِّ عَبدُكَ أن تَكن مِن قِسْمَه**
**أنتَ الَّذى كَمُلَت أحاطَه عِلْمَهُ**
**مَنْ ذَا الَّذى أدعوُ وأَهْتَفُ بِإِسْمه**
**إِنْ كانَ فَضْلُكَ عَن فَقيرِكَ يَمْنَعُ**

واتە: خوایە ئەی ئەوەی کە هەموو ئومێدی ئێمە ئەوەیە، کە تۆ خاوەنی لوتف و میهرەبانیت و هەر تۆیت، کە زانابیت لە هەموو شتێك زیاترەو دەوری هەموو شتێکی داوە، دەی خوایە ئەگەر تۆ ڕەحمو بەخششەکانت لە هەژاران بگریتەوە، دەی من داوای پێویستیەکانم بۆ لای کێ ببەمو هاوار لەکێ بکەم.

**لوتف و ڕزق و عیلمو بەرزیت گەلێ زۆرن بێ عەدەد**
**گەر قەتی کەی، دەی دەبێ؟! من لەکێ بکەم مەدەد**
**يارَبِّ لاتَحرُم عَبيدا راجِيَاً**
**يارَبِّ جُد وارحَم قَلْبِيَاً قاسِيا**
**يارَبِّ كَم قَرَبْتُ شَخصا قاصِياً**
**حاشا لمَجدكَ أن تُقنِطَ عاصِيا**
**الفَضْل أَجْزَلُ والمَواهِبُ أَوْسَعُ**

واتە: خوایە ئەم بەندەیە، کە ئومێدی بە لوتف و کەرەمی تۆیە بێ بەشی مەکەو بەدڵە ڕەق و داخراوەکانی خوایە ڕەحم بکە! و خوایە تۆ بەهۆی لێبوردنەوە زۆر کەسانی دڵ ڕەقت لە خۆت نزیك کردۆتەوەو ئەمەش لەتۆوە دوورە، کە لەتاوانباری تۆبەکار خۆش نەبیت و بێگومانە خۆش دەبیت! و گەورەییو فەزڵی تۆ فراوانترەو بەخششەکانی تۆ لەمە گەورەترن.

**ئەی خودایە، دڵڕەق و نائومێدو مەحرومو دوورم مەکە.**
**خاوەنی فەزڵی ئەتۆ، دوور لەعیصیانم بکە**
**يارَبِّ كُن لى فى مَعادى راحِماً**
**يارَبِّ صرتُ عَلى المَعاصى نادِماً**
**يارَبِّ وَاجبُر كَسْرَ قَلبى دائماً**
**بِالذُلِّ قَدْ وافَيْتُ بابَكَ عَالماً**
**إِنَّ التَذَلُّلَ عِند بابِك يَنْفَعُ**

واتە: خودایە، لەڕۆژێکدا کە خەڵکان زیندوو دەکرێنەوە، ڕەحمم پێ بکە، خودایە من لە کردنی تاوان پەشیمانم خودایە من هەمیشە دڵشکاوانەو بەزەلیلی ڕووم لەدەرگای تۆیەو ئەم کەم دەسەڵاتیو زەلیلیەم لەبەردەم تۆدا دەرکەوتووەو دەردەکەوێت و زەلیلیش لەبەردەرگای تۆدا سوود بەخشە!!

**دڵ شکستەو مل شکستە، جسمی بیمارو عەلیل**
**عاصیی و ئەفعال خراپ و کاری چاکەم زۆر قەلیل**
**دەی کەوابوو، من زەلیلم من زەلیلم، چی زەلیل**
**مُفْلِسٌ بالصِّدقِ يَأْتِى، عِنْدَ بابِكَ ياجَليل**

**يارَبِّ عَبدُكَ قَد دَعا مُتَذَلِّلا**

لا تَطْرُد عُبَيْداً إليكَ مُقْبِلا
يارَبِّ فَاقبِل مَن أتى مُتَوَكِّلا
وَجَعَلْتُ مُعْتَدَى عَلَيْكَ تَوَكُّلا
وَبَسَطْتُ كَفِىِّ، سائلا اتَضَرَّعُ

واتە: خودایە، بەندەكەت، بەزەلیلیو ملكەچییەوە ڕووی بەڕووتەوە هێنـاوەو داوات لێـدەكات، كـە لـە ڕەحـمو كـەرەمی خـۆت بێبەشـی نەكەیتو ئەو كەسەی كە پشتی بە تۆ بەستووەو داوات لێدەكات لێی ڕەت مەكـەرەوە، چـونكە هـەر تـۆ بارەگـای پـشت پـێ بەسـتنیو بە زەلیلییـەوە دەسـتم بـۆ دوعـاكردن بـەرز كردۆتـەوە، دەی خودایـە داواكارییەكانم وەلاّم بدەرەوە.

**ملكەچو هەم بەدەستی بەرزەوە**
**تەنها قاپی بەرزی تۆم كردەوە**
**دەی ( أجبنی یا إلهی ) توخوا مەحرومم مەكە**
**دەنا مەگەر هەروەكو شێت بچمە كێوو هەردەوە**

يارَبِّ عَبدُكَ قَد تَضَرَّعَ فِي الدُّجى
نِعْمَ الرُّجى أنتَ ونِعْمَ المُلتَجى
فَارحَم فَتى لاقِىَ زَمانا مُزعجا
أجْعَل لَنا مِن كُلِّ ضَيقٍ مَخْرَجَا
وَالْطُفْ بِنَا يَامَن إليهِ المَرْجَعُ

واتە: خودایە، بەندەكەت لە تاریكی شەوا خەریكی گریانە بەڕاستی تۆ چاكترینی پەنایت بۆ كەسانی بێ چارەو داماو! دەی ئەم بەندەیـەت ڕەحمی پێ بكە لەكاتێكدا كە لە ناڕەحەتیدایە دەی خودایە ئێمە ئا لەم ناڕەحەتییە دەربێنەو ڕەحممان پێ بكە، خوایەك كـە بارەگـای ڕەحـمو بەزەیی لەلای تۆیە.

**بەندەكەت، حاڵی خراپەو ڕەحمەتی تۆی لازمە**
**بـۆ شەریعەتو عیلمو دینت خادیمە**

يارَبِّ إغفِر لعَبدِ ماوَفىَّ بِمَقَالِهِ
وَالْطُفْ بِهِ وَاصلِح قَبيحَ فِعالِهِ
والحَمدُ للبارِي عَلى افضَالِهِ
ثُمَّ الصَّلوةُ عَلى النَّبِى وَآلِهِ
خَيرُ الخَلائِقِ شافِعُ وَمُشَفَّعُ .

واتـە: خودایـە، ئـەو بەندەیـەت كـە كـرداری وەك گوفتـاری نییـەو جیـاوازن لەیـەكتری، لێـی ببـورەو ڕەحمـی پـێ بكـەو لـەنێو لوتـفو میهرەبانی خۆتـدا جێـی بكـەرەوەو ئیـصلاّحی كـارە خراپـەكانی بكـەو سـوپاسو سـتایش بـۆ خـوای گـەورە، خوایـەك كـە ئـەم هـەموو نـازو نیعمەتەی بەبەندەكانی بەخشیوەو دروودو سـەلام لەسـەر گیـانی پـاكی پێغەمبـەری ئیـسلام( S )و شـوێنكەوتوانی، كەچـاكترینی كەسـێكە، كەلەڕۆژی قیامەتدا شەفاعەت بۆ گەلەكەی دەكاتو لێی وەردەگیرێ.

**لێم ببورە، تۆ خـودایە، خاوەنی بەرزییو خەلیل**
**كۆڵەكەم سوكەن، وە یەكجار تۆشە كەیچمەن قەلیل**
مەولەویش دەفەرموێ:
**خەلیل، ئامانەن، كێ عادەت كەردەن**
**تۆشە وەدەرگای كەریمان بـەردەن؟!**

١– مەبەست پێغەمبەری خوایە S .
٢– وشـەی (أحمـد) لەشـیعرەكەدا، كـە (غـیر منـصرف)ـە، بـەهۆی پێویستی شیعرییەوە، كراوەتە (منصرف).
٣– ئەم بەیتە شیعری (مامۆستا مـەلا ئەحمـەدی ئاوایـە) كە باوكمە، (گۆڕی پڕ نور بێت).



# لقێ دهوك: ژبو ساخكرنا حەفتیا جیهانی یانەهیلانا هەژاریێ و شیشتنا دەستا سمینارەكێ بو (د.وفا صالح) پێشكێشدكەت

**راگەهاندنا لقێ دهوكێ یێ زانایان:** ل روژا ئێك شەمبی رێكەفتی ٢٠١٠/١٠/١٦ ل بارەگایێ لقێ دهوكێ و بئامادەبونا رێڤەبەرێ ئەوقافا دهوكێ ( بەرێز نصرت بادێ ) و هژمارەكا زورا ماموستاییێت ئاییێ سمینارەك هاتە دان ژلایێ ( د. وفا صالح رژدی ) ل دور بابەتێ حەفتیا جیهانی یا نەهێلانا هەژیاریێ و شیشتنا دەستان، هەژیە بێژین ئەڤ بابەتە بتێرو تەسەلی ژلایێ ناڤبریێ ڤە هاتە گوتن كو زوربە یا نمونە و بەلگێن تەندروستێ بون هاتنە شلوفەكرن و پشتی بدوماهیك هاتی پشكداریەكا زور ژ تێبینی و پێشنیارو پرسیاران هاتەكرن ژلایێ ماموستاییێت

# لقی شەقلاوە پێشوازی لە شاندێكی باڵای مەكتەبی تەنفیزی دەكات



**راگەیاندنی لقی شەقلاوەی:** سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە ٢٠١١/١٠/١٢ز شاندێكی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان كە پێكهاتبوو لە بەرێزان م/ملا احمد شافیعیو م/ ملا نجم الدین وادیو م/ ملا شێخ بهاءالدین نقشبەندی ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی سەردانی لقی شەقلاوەی یەكێتی زانایانیان كرد بۆ مەبەستی قسەكردن و تاوتویێ كردنی چەند پرسێكی تایبەت بەفەتواو رێنمایكردنی لێژنەی فەتوای لقی شەقلاوە ئەمەو شاندەكە زۆر بەگەرمییەوە لەلایەن م/تحسین خۆشناو بەرپرسی لق و م/عوسمان بەرپرسی لێژنەی فەتواو م/یونس باویانیو م/صابیر كارگێرانی لق پێشوازییان لێكرا.

# لقی هەولێری یەكێتی زانایان سەردانی پزیشكی دادی دەكات

**راگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مەلا عـولا روسـتایی:** بەمەبەستی دەربڕینی پشتوانی كردن وبەرز نرخانەنی رۆلێ دادی پزیشكیو، ئاگاداربوون لە كاروبارەكانیان، شیخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی وئیسلامی كوردستان، بەیاوەری شاندێك لە پێش نوێژو وتارخوێنانو، ئەندامو، كارگێرانی لقی هەولێر، سەردانی پزیشكی دادی كرد لە شاری هەولێرو لەلایەن بەڕێوەبەرو ستاف كارمەندانی زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ كران . ئەمەو سەردانەكەیان زۆر بەرز نرخاند .

بەرپرسی لقی هەولێر دووپاتی پشتیوانی تەواوی كردەوە بۆ پزیشكی دادیو دەست خۆشی ماندونەناسی لە خزمەتی بەردەوامو بەرچاویان بۆ كۆمەڵگە لێ كردن. هیوای سەركەوتنی بۆ خواستن.

هەروەها هەر لەو سەردانەدا دواباس لەو وردەكاریانەی دەبنە هۆكاری كارەساتی مردن، وجەختیش كرایەوە لە هەماهەنگیو هاوكاری بەردەوامی نێوان پزیشكی دادیو، زانایانی ئاینی بۆ زیاتر وشیار كردنەوەی كۆمەڵگە لە مەترسی ئەو رووداو، كارەساتانەی دەبنە هۆی زیاتر كردنی رێژەی مردن لە هەرێمی كوردستان .

# لقی پشدەر كۆبونەوەی وتار خوێنان ئەنجام ئەدات

رۆژی ١٠/١٢ لەبارەگای لق و بەسەرپەرشتی لێپرسراوی لق كۆبونەوەی وتار خوێنانی قەڵادزێمان ئەنجام داو تێیدا باسمان لەوەكرد كەپێویستە موسولمانان فێری زیارەتی گۆڕستانەكان بكەین و لەزۆرێك نەریتی ناپەسند ئاگاداریان بكەینەوە . هەروەها پێویستە لەودیاردە ناشەرعیانەی كەرۆژانی هەینی ئەكرێت لە زۆربەی شوینەكانی كوردوستانمان ، وەكو (خۆڕازاندنەوەو چونی بەكۆمەڵ لەلایەن كوڕان وكچان و تێكەڵاوبونیانن و بونە بەسەیرانگاوسەفرەو شیرینی بەخشینەوەو تازەكردنەوەی تەعزیەكان و چەندین شتی تریش كەلەگەڵ ئاداب وئوسوڵی زیارەتی گۆڕستانەكانداو شەریعەتەجوانەكەشماندا ناگونجێت )و خەڵكی لێئاگادار بكەینەوەو ئەگەر ئەم دیاردە ناشیرینانە هەبوون ئەوە زیارەتەكە نادروست ئەبێت ولەجیاتی خێر توشی شەڕو گوناه ئەبن. وەقسە لەسەر چەند تەوەرێكی تریش كرا كە زیاتر پەیوەند بو بە ناوچەكەمانەوە

# لقی سۆران سەردانی لقی سلێمانی یەكێتی زانایانو شێخ مادح نەقشبەندی دەكات

**راگەیاندنی لقی سۆران:** سەر لەبەیانی ٢٠١١/١٠/١٧ شاندێكی لقی سۆران كە پێكهاتبوو لەبەرێزان مامۆستا مەلا خالد مەلەكی بەرپرسی لقو بەرێزان مامۆستا مەلا خدر خەلیفانیو مامۆستا مەلا خالد ئالانی كارگێرانی لق سەردانی پارێزگای سلێمانیان كرد.

لەسەردانەكەدا بەرێز شێخ مادح نەقشبەندی لەناواچەی باریكەیان بەسەركردەوەو لەلایەن بەرێزیانەوە بەگەرمی پێشوازیان لێكرا.

هەر لەمیانەی سەردانەكەیدا شاندەكە سەردانی هەریەك لەناوچەی تەوێلەو بیارە یان كردو رۆژی دواتریش لەسلێمانی بەرێز مامۆستا شێخ بهاءالدین ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی یەكێتی زانایان بەسەركردەوەو لەلایەن بەرێزیان بەگەرمی پێشوازی كران وخۆشحالبوون بە سەردانی شاندەكە.

لە بەشێكی تری سەردانەكەیدا شاندەكە لقی سلێمانی یەكێتی زانایانی بەسەركردەوەو لەلایەن بەرێز مامۆستا نجم الدین بەرپرسی لقی سلێمانی و ئەندامانی لق پێشوازی گەرمیان لێكراو سوپاسی سەردانەكەیان كرد .

# لقی پشدەر پێشوازی لە شاندێكی باڵای لقی ١١ پارتی دەكات

رۆژی ١٠/١٨ /٢٠١١ لقەكەمان بەئامادەبوونی لێپرسراوی لق مامۆستا مەلا احمدی خانقاو كارگێڕانی لقو لێپرسراوی ناوچەی قەڵادزێو ئەندامانی لیژنەی فتوامانو ژمارەیەكی مامۆستایانمان پێشوازیمان كرد لەشاندێكی باڵای لقی ١١ پارتی دیموكراتی كوردستان كە پێكهاتبوون لە لێپرسراوی لق (كاك ئاكۆ)و ژمارەیەك كارگێرو لێپرسراوی ناوچەی قەڵادزێی پارتی (كاك باین)و لێپرسراوی ناوچەی ڕاپەڕینی پارتی (كاك ادریس احمد)و ژمارەیەك كارگێڕ ناوچە، كە بەڕێزیان بۆ سەردانو بەسەركردنەوەی لقەكەمان هاتبوون، پاش بەخێرهانیان لەسەر چەند تەوەرێكی پەیوەند بە كوردسانو زانایانو دەڤەرەكەمانەوە باسو ڕاگۆڕینەوە كرا.

وەكو ئاڵای كوردستان لەخانەقینو بڕیارە شۆفێنیەكەی حكومەتی مەركەزیو هەڵوێستی دڵسۆزانەی زانایان، مەئزونی شەرعیو ڕتكردنەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە، ڕۆڵی زانیان لەئاستی شۆڕشەكانی پێشوو ئێستاداو، ڕاگەیاندنەكانی كوردستانی لەبواری ئاینیو، هەماهەنگی نێوان زانایانو پارتیو، چەند بابەتێكی تریش، وەبەڵێنی ئەوەیاندا كە هەر شتێك لەتوانایاندا بێت هاوكاری زانایان بكەنو بەئەركی خۆشیانی بزانن، پاشان بەڕێزەوە بەڕێكران.

# سەنتەری زانایان بۆ رۆشنبیری ئایینی سیمینارێکی تایبەت بە ژیانو کەسایەتی ( شێخ سەعیدی نوورسی ) ساز دەکات




**راگەیاندنی سەنتەر:** بە مەبەستی رێزگرتن لە کەسایەتی هەڵکەوتووی هەردوو بواری ئایینیو نەتەوەییو زانای خواناسو عیرفانی ( شێخ سەعیدی نوورسی) سەنتەری زانایان بۆ رۆشنبیری ئایینی سیمینارێکی تایبەت بەو کەسایەتیە لە ژێر دروشمی ( با زانای ناوداری کورد شێخ شەعیدی نوورسی هەر پێشەنگ بێت) لە دەڤەری سۆران ساز کرد.

لەو سیمینارەدا ژمارەیەکی بەرچاوو لە ماٶستایانی ئایینیو بەرپرسانی حزبیو حکومیو داموو دەزگاکانی دەڤەرەکەو ماٶستایانی زانکۆو ناوەندە رۆشنبیرییەکانو کەسایەتیو خەڵکی ناوچەکە ئامادە بوون.

سەرەتای سیمینارەکە بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر وەك وتەی کردنەوەی سیمینارو بەخێرهێنانی میوانان (وەیسی سەعید وەیسی بەرپرسی سەنتەری زانایان بۆ رۆشنبیری ئایینی لە وتەیەکدا وێرای بەخێرهێنانی میوان، باسی لە گرنگی سازدانی ئەو جۆرە سیمینارانە کردو، تیشکی خستە سەر پێویستی وەرگرتنی ئەزموونی ئەو زانا ناودارانەی کورد بۆ قۆناغی ئێستامان، هەروەها راشیگەیاند کە سەنتەری زانایان لە چالاکیەکانی داهاتووی هەوڵی زیاتر دەدات بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی زۆربەی ئەو زانا ناودارانەی گەلەکەمان، هەر لە وتەکەیدا بەرپرسی سەنتەر ئیدانەی هەوڵەی مالیکی کرد لەمەڕ داگرتنی ئاڵای کوردستان لە خانەقینو، راشیگەیاند پێویستیمان بە یەکریزیو هەوڵی زیاتر هەیە بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانمان.

دواتر وتەی قایمقانی سۆران کرمانج عزت پێشکەش کرا، کە وێرای دەستخۆشی لە سەنتەری زانایان، تەئکیدی لە سەر پێویستی ئەو جۆرە سیمینارانە کردەوەو، باسی لە ناوداریو لێهاتووی شێخ سەعیدی نورسی لە وڵاتی تورکیا کرد، کە ئەو لە سەفەرێکی بۆ تورکیا بۆی دەرکەوتووە توورکەکان چەند کاریگەرن بە کەسایەتیەکی لەو شێوە، هەروەها گوتیشی: لەبیر نەکردنی مێژووی رابەرانمان بۆ خۆی ئەزمونێکەو بۆ ئەو واقعە سوودی زۆری لێ دەبینین، بۆ یە پێویستە زیاتر لە مێژووی ئەو کەسایەتیە بکۆڵینەوەو شارەزای ژیانیان بین.

دواتر سەنتەری زانایان دیاری رێزلێنانی سیمیناری شێخ سەعیدی نەورەسی بەخشیە هەر یەکە لە ( ئیدارەی سۆرانو دکتۆر عەرەفات ستوونیو دکتۆر مەلا مادح بەرزێوەییو راماڵ ئەحمەدو حاجی مالك خاوەنی مزگەوتی سەعیدی نوورسی) کرد..

پاشان بەرێز دکتۆر عەرەفات ستوونی راگری کۆلێژی یاساو شارەزا لە کەسایەتی نوورسی، دەستی بە بابەتی سیمینار کردو تێیدا بە تێرو تەسەلی تیشکی خستە سەر مێژووی کەسایەتی نوورسیو رۆڵی دیاری لە سەردەمی خۆیداو پوختەیەکی لە هەڵکەوتوویو لایەنە دینداریو عیرفانیو هەستە ئایینیو نەتەوەییەکانی کردو، هەندێ لە هەڵوێستەکانی خستە روو، هەروەها باسی لەوە کرد، کە ئەزموونی نوورسی ئەزمونێکی دەوڵەمەندەو پێویستی بە دیراسەو بەدواداچوون هەیەو ئێمەی کورد پێویستمان پێی هەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی دەوڵەتان کۆنگرەی تایبەتیان لەسەر ئەو کەسایەتیە بەستووەو سوود لە ئەفکارەکانی نوورسی وەردەگرن، بەتایبەت ئەوەی باس کرد، کە زانایانی ئایینی پێویستە زۆر بایەخ بەو کەسایەتیە بدەن، چونکە ئەزموونی نوورسی لە کاری بانگەوازیو نوسینو بەرەنگاربوونەوەی بۆچوونە خراپەکان سەرکەوتووەو دەکرێ لێیەوە وانەی گەورە فێر بین.

لە بەشێکی تری سیمنارەکەدا باسی لە چەند هەڵوێستو بۆچوونێکی شێخ سەعیدی نورسی کرد، کە بۆ واقعی ئێمەی کورد جێگەی سوودو وەرگرتنی ئەزموونەو راشیگەیاند، کە نورسی سیمبولێکی دیاری ئایینیو نەتەوەییو نیشتمانیو رۆشنبیری سەردەمی خۆی بووە.

## لقی چەمچەماڵ بەشداری ئێوارە کۆڕێك دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی چەمچەماڵ:** سەر لە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١١/١٠/١٨، ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە چەمچەماڵ ئێوارە کۆڕێکی سازکرد بۆ (ئارام مجید خان) لە ژێر ناونیشانی (مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان) کە تێیدا تیشکی خستە سەر هەموو ئەو پیلان و نەخشە و سیاسەتانەی کە لە ئارادان بۆ لاوازکردنی کورد و هەرێمی کوردستان و بۆ ئەوەش چەندین بەڵگەی مێژووی خستە ڕوو لە پاشان لەلایەن ئامادەبووانەوە کۆمەڵێك گفتوگۆ و سەرنج و هەڵوێستە کرا لەسەر سیاسەتی ئێران و عێراق و تورکیا بەرامبەر بە میللەتی کورد.

شایەنی باسە هەر یەك لە ماٶستا شێخ وهاب سەنگاوی و ماٶستا محمدی تاڵەبان ئامادەی ئەو کۆڕە بوون و چەند خاڵێکی بەهێزیان وروژاند کە تایبەت بوو بە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان .

## به هەماهەنگی لەگەڵ ئەوقافی را پەڕین لقی رانیەی یەکێتی زانایان پڕۆژەی دروستکردنی مزگەوتێك بەسەردەکاتەوە

**ڕاگەیاندنی لقی ڕانیە/ملا عبدالرحمن:** ڕۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١١/١٠/١٩ شاندێکی لقی رانیەی یەکێتی زانایان، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوقافی ڕاپەڕین، سەردانی (بەری مەرگە)یان کرد، بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی پڕۆژەیەك کە لە گوندی (ئاوەژێ) ئەنجام دەدرێت، کە بریتیە لە دروستکردنی مزگەوتێك و هۆڵی پرسە لە گوندی ناوبراو.

ئەمەو لە سەردانێکدا بەم بۆنەیەوە، سەرەتا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بنگردیان کردو، دواتر بە یاوەری بەڕێز بەڕێوەبەری ناحیە گەیشتنە گوندی ئاوەژێو، پڕۆژەکەیان بەسەرکردەوە، کە لە ئێستادا هۆڵەکە لەتەواوبووندایە.

## لقی چەمچەماڵ بەشداری کۆڕێکی ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی ( CSI ) دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی چەمچەماڵ:** سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/١٠/١٩، نوێنەری لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کە پێکهاتبوو لە ماٶستا أیوب علی و ماٶستا وهاب مولود حمە بەشدارییان کرد لە ئەنجامی ڕاپرسییەك کە لەلایەن ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدنییەوە ئەنجام درابوو لەسەر ڕەوشی ئاسایشی هاوڵاتی لە چەمچەماڵ و دوای گفتوگۆ و گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوونی ئامادەبووانی کۆڕەکە نوێنەری یەکێتی زانایان تیشکی خستە سەر پێویستی بەرقەرار بوونی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەگشتیو سنوری شاری چەمچەماڵ بەتایبەتی پاشان ڕەخنە و پێشنیاری خستە بەردەم ئامادەبووانی ڕاپرسییەکە.

# لقی هەولێر یەکێتی زانایان بەشداری کرد لە مەراسیمی کردنەوەی مزگەوتی نور لە گەرەکی قەتەوی




**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: معروف مەلاعولا روستایی:** لەبەرواری ٢٠١١/١٠/٢٠ ، شێخ نیاز راغب دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بە یاوەری بەرپرسی ناوچەی چواری یەکێتیەکەمانو شاندی یاوەری، بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزیری ئەوقافو نوێنەری پارێزگاری هەولێرو، مامۆستایانی ئاینی و، بەرپرسی دام و دەزگاکانی حکومی و، حیزبی و، ڕیش سپی و، پیاو ماقولانی شاری هەولێرو دەوروبەری بەژداری کرد لە مراسمی کردنەوەی مزگەوتی نور لە گەرەکی قەتەوی لە شاری هەولێر، لە میانەی ئاهنگەکەدا بەرپرسی لقی هەولێری یەکیتی زانایان وتارێکی بە پێزی پێشکەش بە ئامادەبوان کردو، لە وتەکەیدا دەست خۆشی لە خیرخوازان کردو، رایگەیاندو، تاڕادەیەك شاری هەولێر زۆر بەجوانی رازاندراوتەوە بە دروستکردنی مزگەوت . بۆیە داوا لە خێر خوازان دەکەم هانگاوی زیاتر بنێن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان .

# لقی سۆرانی یەکێتی زانایان پێشوازی لە ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکات



**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٣ بەڕێز مامۆستا سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و شاندێکی یاوەری لەمەکتەبی سیاسی و مەڵبەندی ١٢ی یەکگرتوو لەسۆران، سەردانی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی کردو، لەلایەن بەرپرسی لق بەڕێز مامۆستا مەلا خالد مەلەکی و ئەندامانی لق و بەڕێز مامۆستا مەلا وەیسی مەلا سەعید بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لە دیدارێکدا وێڕای بەخێرهێنانی شاندە باڵاکەی یەکگرتوو، بەڕێزان بەرپرسی لق وبەرێوەبەری ئەوقافی سۆران لەوتەیەکیاندا باسیان لە ڕۆڵی گرنگ وپێگەی زانستی زانایانی دەڤەرەکە لە رووی ئاینی ونەتەوەییەوە بۆ شاندەکە روونکردەوەو، کاروچالاکیە ئاینیەکانی سنورەکەشیان خستەڕوو، هەروەك ئاماژەشیان بە دەڤەری سۆران کرد، کە هەر لەدێر زەمانەوە لە پێگەیاندن وبەرهەمهێنانی زاناو کەڵەپیاوی کاروانی زانست وئاوەدانی حوجرەو خەباتی نەتەوەیی ڕۆڵی گرنگ وتایبەتبەندی خۆی هەبوە، کە هەقە جێگەی شانازی هەمولایەکمان بێت.

دواتر گفتوگۆ لەنێوان هەردوولا سەبارەت بەبارودۆخی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان و رەوشی ناوچەکە خرایە بەرباس ولێکۆڵینەوەو، تەئکید لەسەر هەماهەنگی وهاوکاری نیەتی خێرکرایەوە بۆبەرەوپێشبردنی پرۆژەی چاکسازی لەهەرێمی کوردستان وکارکردن لە پێناو وەدەست هێنانی ئایندەیەکی گەشتر .

هەروەك جەنابی ئەمینداریش جەختی لەسەر زەروریەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەسەر مێزی گفتوگۆو دوور لەتوندو تیژی کردەوە .

ئەمەو هەر لە دانیشتنەکەدا هەردوولا هاوڕای خۆیان نیشاندا لەو هەماهەنگیەی لەنێوان یەکێتی زانایان ولایەنە ئیسلامیەکان هەیە، هیوایان خواست پەرەی پێبدرێ و زیاتر خزمەت بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکرێ لە پێناو سود بەخشی بۆگەلی کوردو پاراستنی ئەخلاقی بەرزی کوردایەتی پارێزگاری لێبکرێ.

# شاندێکی باڵای لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان ناوچەی خانەقینی سەر بە لقەکەی بەسەردەکاتەوە

**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان:** سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە بەرواری ٢٠١١/١٠/٢٣ شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کەپیکهاتبو: لە بەڕێزان مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی گەرمیان و مامۆستا مەلا فەقێ محمد غێدان بەرپرسی ناوچەی کەلاری یەکێتی زانایان سەردانی ناوچەی خانەقینیان کردو، لە لایەن مامۆستا شێخ نەجم عبداللە بەرپرسی ناوچەو چەند ئەندامێکی ناوچەوە بە گەرمی پێشوازی کران.

لەو سەردانەدا کە مەبەست لێی بەسەرکردنەوەی کارو چالاکی ناوچەکە بو،و بەپرسی لق تیشکی خستە سەر ئەرکەکانی لق و ناوچەکانی یەکێتی زانایان لەم قۆناغەدا و داوای کرد کە دەبێت لە هەموو رووەکانە لە ئاستی بەرپرسیارێتی دا بن و، کەم تەرخەمی نەکرێت لە ئەرکە ئاینی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و سیاسیەکاندا.

لای خۆشیانەوە بەرپرس و ئەندامانی ناوچەکە سوپاسی بەسەرکردنەوەی شاندی لقیان کردو، ئەو جۆرە بەسەرکردانەوەیان بە پێویست زانی بۆ زیاتر هاندانی ئەندامانی رێکخراوەکە لە راپەراندنی ئەرکەکانیانیاندا.

ئەمەو هەر هەمان رۆژ شاندی لق لە شاری خانەقین سەردانی مامۆستا مەلا صلاح الدین عبداللەی پیش نویژ و وتارخوینی مزگەوتی الحق یان کرد لە گەرەکی رزگاری شارەکەو کە بەهۆی نەخۆشیەوە لە جیگادا کەوتووە و گرفتارە و لە حاڵی تەندروستی یان کۆلیەوە

لای خۆشیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا صلاح الدین خۆشحاڵی خۆی بۆ سەردانی شاندی لق دەربری.

# لقی پشدەر وەفاتی مامۆستا مەلا ( حسینی گرتکی ) ڕائەگەیەنێتو بەشداری پرسەی دەکات

مامۆستا ملا (حسین علی خدر) موالد ١٩٤ ناسراو بە مامۆستا مـلا حسێنی گرتکی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گوندی گرتکی سـەر بەناحیـەی (سەنگەسەر)

کە مامۆستاو ئەندامێکی ناسراوی سـەر بـە ناوچـەی سەنگەسـەری زانایانمـان بـو بـەرواری ٢٠١١/١٠/٢٣ بەهۆی نەخۆشیەوە ماڵاوایی لەدونیا کردو گەڕایوە ژێـر ڕەحمـەتی خـودای میهرەبـان، خودای میهرەبان بەبەهەشتی بەرینی شـادبکات و سەبوری دڵی خانەوادەی بەڕێزیشیان بدات.

دواتـــر بـــەئامادەبونی لێپرســـراوی لـــق‌و چەندمامۆســـتایەکی تـــر بەشـــداری کـــرد لـــە بەخاکسپاردن‌و پرسـەی مامۆسـتای مـەرحوممان (مامۆستا مەلا حسینی گرتکی) لە هـەردوك ڕۆژی پرسـەکەیدا، ئـەوەی شـایەنی باسـە ژمارەیـەکی زۆری مامۆستایانی ئاینی هـەردوك لقـی پـشدەر و ڕانیە و جماوەرێکی زۆری دەڤەرەکـەش ئامـادەی بەخاکسپاردنەکە بوبون.

لـەڕۆژی دووەمـی پرسـەکەدا لێپرسـراوی لـق مامۆستا مەلا أحمدی خانقا لـە وتەیەکدا بـەناوی زانایانەوە سەرەخۆشی لە کەس وکاروخانـەوادەی مامۆستاو ئامادەبوان کـرد و باسـی ڕۆڵـی گرنگـی زانایانی ئاینی کوردی کرد لە مێـژوی گەلەکەمانـدا لەبواری تێکۆشان و بەخەمەوەبونیان بۆ فێرکردن و بەرچاوڕۆشـــەنکردنی گەلەکـــەیان لـــە هـەموبوارەکانی ژیـان بەتایبـەتی لـەبواری دینـی ونیشتیمان پەروەرییەوە . وەهیـوای خواسـت کـە خـــوای مـــەزن شـــوێنی مامۆســـتا پڕبکاتـــەوە وئەوانیش لەو هەوڵەدا توشی خێروپاداشت بن.

وە هاوکـاری مەکتـەبی تـەنفیزی یـەکێتی زانایانیشیان بـە خانـەوادەی مامۆسـتای مـەرحوم گەیانـدو ئـەوانیش بـە حورمـەت و دوعـای خێروسوپاسێکی زۆرەوە قبوڵیان کرد...

# خانەقین: زانایانی ئاینی ئیدانەی بڕیارەکەی مالیکی ئەکەن بۆ داگرتنی ئالای کوردستان



**دانا مەلا حەمەئەمین – گـەرمیان:** بـەرواری ٢٠١١/١٠/١٦ ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ئـاینی شاری خانەقین و دەوروبەری بەشدارییان کـرد لـە خۆپیـــشاندانیکی جـــەماوەری شـــارەکە بـــۆ ئیدانەکردنی بڕیارەکەی سەرەك وەزیرانی ئیراقـی فیـدراڵ سـەبارەت بـە داگـرتنی ئاڵـای پـیرۆزی کوردستان لـە ناوچـە دابڕێنـدراوەکان ئەمـەو لـەو خۆپیشاندانانەدا زانایـانی ئـاینی وەکـو پێـشەنگی کۆمەڵگـە بەشـدارییان کـردو بـە تونـدی ئـەو بڕیارەیان ئیدانە کرد.

# لقی سۆران پێشوازی لەسەرۆکی یەکێتی زانایان و بەرپرسی لقی ١٠ی پارتی دەکات



**ڕاگەیاندنی لقـی سـۆران:** ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٦ هەریـەك لەبـەرێزان مامۆسـتا مـەلا عەبدوڵڵا مـەلا سەعید سەرۆکی یـەکێتی زانایـان‌و، دکتـۆر عـەلی تەتـەر بەرپرسـی لقـی ١٠ی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، سـەردانی لقـی سـۆرانی یـەکێتی زانایانیـان کـردو، لەلایـەن مامۆسـتا مـەلا خالـد مەلەکی بەرپرسی لق‌و، بـەرێز مـەلا وەیـسی مـەلا سـەعید بەرێوەبـەری ئـەوقافی سـۆران بەگـەرمی پێشوازیان لێکرا.

لەدیدارەکاندا باس لەچـەند تـەوەرێکی گرنگـی هەنووکەی پەیوەست بەبارودۆخ‌و قۆناغی سیاسی ئـەمرۆی هـەرێمی کوردسـتان‌و ناوچـەکە کـراو، کاریگـــەری مامۆســـتایانی ئـــاینی‌و ئـــەرکی سەرشانیان لە هەمبەر ڕووداو پێشهاتەکان خرایە بەرباس‌و گفتۆگۆ، لەتەورێکی تری دانیـشتنەکاندا شـاندی میـوان‌و لقـی سـۆران‌و ئـەوقافی سـۆران هاوخەمی‌و سۆزی خۆیان بۆ کـوردانی شـاری وان ڕاگەیانـــدو هاریکـــاری کردنیـــان‌و هەلمـــەتی کۆمـــەککردن لەلایـــەن حکومـــەتی هـــەرێم‌و هاوولاتیانەوە بەبایەخ‌و کارێکی مرۆی‌و نەتـەوەی وەســـفکرا، داوای بەهەشـــت بـــۆ قوربانیـــانی ڕووداوەکەو شیفای عاجیلش لە خوای دلۆڤـان بـۆ بریندارەکان کرا.

شایەنی باسە دوابەدوای سەردانەکەش هەردوو بـەرێزان هەریەکـەو بەبابـەتێك پـشکداریان کـرد لـەخولێکی ڕۆشـنبیری کـە ئـەوقافی سـۆران بـۆ ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئاینی دەڤەرەکە سازی کردبوو.

هەروەك لەبابەتەکەشیاندا دکتۆر عـەلی تەتـەر باسـی لەمێـژووی دێـرینی کـورد کـردو، زانایـانی ئاینی بەبەشێکی هەرە سەرەکی لەدروست بوونی ڕۆحی نەتەوەی و سەرمەشقی ڕێبـواری بزوتنـەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد وەسفکردن .

هەروەك بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا سـەرۆکی یەکێتی زانایانیش لەبـەرگرنگی و بایـەخی فـەتوا، لەبابەتەکەیدا چۆنیەتی دروست بـوون و مـەرج و کاریگەریـــەکانی فـــەتوای بۆئامـــادەبوون شیکردەوەو، جەختی کـردەوە کـە دەبـێ زانایـان زۆر بەوردی سەرنج بدەنە ڕووداو گۆرانکاریـەکانی ئەمرۆی جیهان، بۆ ئەوەی زیاتر لەوردەکاریەکانی فـەتوا قولببنـەوەو تووشـــی هەلـەی فـەتوادان نەبن.

هەروەها لەبەشێکی تری بابەتەکەیدا بـەرێزیان داوای کرد، کە چیتر نـابێ مینبـەر ببێتـە شـوێنی فەتوادان چونکە لەکوردستان لێژنەی باڵای فـەتوا هەیـە، کـە بـەردەوام چـاودێری رای زانایـانی ســـەردەم وڕووداوەکـــان دەکـــات وهەمیـــشە لەخزمەتی خەلکی کوردستان دایە

# بەڕێز ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سەردانی لقی رانیەی یەکێتی زانایان دەکات



کەزانایانی یەکگرتوو ئەندامێکی هاوکاربن بۆلقی ڕانیە و تــەواوی یــەکێتی زانایـان، وەئاماژەشـی بـەوەکرد کـەباوکی بـەڕێزیان دەسـتەی دامەزرێنـەری یـەکێتی زانایان بووە..

**ڕاگەیانـدنی لـق:** ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٧ وەفـدێکی باڵـای یـەکگرتوی ئیـسلامی کوردسـتان، کەپێکها تبو لە بەڕێزان: بەڕێز مامۆستا صلاح الـدین محمد بهاالدین / ئەمینـداری گـشتی یـەکگرتوو، بـەڕێز م.عوسمـان احمـدو، م.صـلاح الـدین بـابکر ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی‌و، م.مـستەفا عبـدالله بەرپرسـی مەڵبەندی ٧و، م.ملا نەبی ئەندامی مەڵبەندو، م.رسول زەنگـڵ و، م. عزیـز محمـودو چـەندین ئەنـدام و مامۆسـتای تـریش، سـەردانی لقـی ڕانیـەی یـەکێتی زانایانی ئـایینی ئیـسلامی کوردسـتان کرد،لـەبارەگای لقی ڕانیە لە(مزگەوتی گەورە)و، بەگەرمیەوە لە لایەن بەرپرس‌و ئەندام‌و کارگێڕانی لـق، بـە ئامـادەبوونی م. غریب بەڕێوەبەری ئەوقافی ڕاپەڕین پێشوازیان لێکرا.

لــە دانیـــشتنێکی نێوانیانـــدا، ســـەرەتا بـــەڕێز بەرپرسی لـق وێـڕای بـەخێرهاتن وتەیـەکی پێشکەش کردو، تەئکیدی لەوە کردەوە، کە لقی ڕانیە باوەشـی تەواوی بۆزانایان کردۆتەوەو، پێـی خۆشـە ئەنـدامانی بەیـەك چـاو تەماشـابکاتو، دواتـر بـەڕێز(م.صـلاح الدین)وتەیەکی پێشکەش کـردو، پـشتیوانی ئـەوەبوو

# لقی سۆران پێشوازی لە ماموٚستا علی باپیر ئەمیری کۆمەلی ئیسلامی دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/١١/٣ بەئامادەبوونی بەرپرسی لق و ئەندامان و هەروەها ئامادەبوونی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران و ژمارەیەك لەماموٚستایانی ئاینی لقی سۆرانی یەكێتی زانایان، پێشوازی لە ئەمیری كۆمەلی ئیسلامی بەڕێز ماموٚستا عەلی باپیر وشاندێكی یاوەری لە سەركردایەتی ومەكتەبی سیاسی كرد.

لەسەرەتای دیدارەكەدا هەریەك لەبەڕێزان ماموٚستا مەلاخالد مەلەكی بەرپرسی لق و بەڕێز ماموٚستا مەلا وەیسی مەلا سەعید بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران، وێرای بەخێرهێنان وخۆشحالیان بۆسەردانی شاندەكە، كورتەیەك لەكارو چالاكی ومێژووی دێرینی ناوچەكە لەمەڕپێگەیاندن وبوژاندنەوەی بواری ئاینی ونەتەوەی خستە ڕوو.

هەروەها سوپاس وپێزانینی خۆشیان ئاراستەی بەڕێزیان كرد لەمەڕ هێوردكرنەوەو چارەسەركردنی كێشەكان ویەكخستنەوەی ئیرادەی نێومالی كورد.

پاشان ئەرك ورۆلی زانایانی ئاینی لە هەمبەر پرسە ئاینی ونەتەوەییەكان و، هەل ومەرجی سیاسی ئەمرۆی كوردستان و، گۆڕانكاری و ڕووداوەكانی جیهان وناوچەكە خرایە بەرباس وگفتۆگۆ، بۆئەم مەبەستەش تەئكید لەسەر زیاتر هەولدانی زانایان وهەماهەنكی نێوان سەرجەم لایەنەسیاسیەكان، لەپێناو زیاتر خزمەتكردن بە ئەزموونی كوردستان وبرەودان بەبواری ئاینی وچەسپاندنی دادپەروەری كۆمەلایەتی لە كوردستان كرایەوە،

هەروەك جەختیش لە سەرخستنی پرۆسەی سیاسی هەرێمی كوردستان وڕێكخستنەوەی نێومالّی كوردو كۆدەنگی ویەكهەلوێستی بەرامبەر نەیارانی كوردو،پاراستنی دەسكەوتەكان بەزەرورەتیی مێژووی وەسفكرا.

پاشان باس وخواسی پێگەو هێزی كورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وسەرهەلدانی كێشەو رفتەكانی ئەودواییەی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا وچارەسەركردنیان بەشێوەیەكی ئاشتیانەو دیالۆكیانەوپوچەل كردنەوەی پلانی دوژمنانی كوردبەرۆحێكی یەك دەنگی ویەك هەلوێستی بوە تەوەرێكی تری دانیشتنەكە .

هەرلەتەوەرێكی تری دیدارەكەدائەمیری كۆمەلی ئیسلامی بەبایەخەوە رۆلی كاراوهەلوێستی بوێرانەی یەكێتی زانایانی ئاینی لە بەرامبەر كێشە ئاینی ونەتەوەییەكان هەلسەنگاندوچەندین نمونەشی لەو بارەوە بۆ ئامادەبوان خستەروو.

# لقی هەولێری یەکێتی زانایان كۆبوەنەوەی فراوانی مانگانەی خۆی ئەنجامدەدات




**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مەلا عەولا روستایی:** بە سەرپەرشتی شێخ نیاز راغب دێگەیی، بەرپرسی لقی هەلێری یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان، سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠١١/١١/١ كۆبونەوەیەكی فراوانی كارگێڕو، ئەندامانی لقو، بەرپرسانی ناوچەكانی سەربە لقی هەولێر یەكێتی زانایان بەڕێوەچوو.

شایانی باسە: لە كۆبونەوەكەدا بەرپرسی لقی هەولێر، چەند تەوەرێكی گرنگی خەستە روو سەبارەت بە رەوشی ئێستای هەرێمی كوردستانو، كاروبارەكانی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستانو، جەختی لە سەر بەرەو پێشبردنی یەكریزی زانایانو كاروباری زانایان كردەوە، دواتر زانایان بە پێشكەشكردنو ئالۆگۆڕكردنی راو سەرنجو پێشنیار كۆبونەوەیەكەیان كۆتایی پێهێنا .

# بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان پێشوازی لە لیژنەی پەیوەندی یەکانی کەمپینی ( با فریای لێقەوماوانی وان بکەوین ) دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەلا مەعروف مەلاعەولا روستایی:** سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/١١/٣ شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، پێشوازیكرد لە لیژنەی پەیوەندیەكانی كەمپینی (بافریای لێقەوماوانی وان بكەوین).

لە چاوپێكەوتنێكی نێوانیاندا لیژنەی پەیوەندی باسی درێژەی هەولو چالاكییەكانی كەمپینەكەیانیان كرد بۆ بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی شاری وان، لە ماوەی حەوت رۆژی دیاری كراو، ڕاشیانگەیاند: كە ئەمڕۆ كۆتا رۆژی چالاكیەكانیانە.

لەلایەن خۆییەوە شێخ نیاز دێگەیی دەستخۆشی لێكردنو، هیوای خواست هەمیشە بەردەوام بن لە سەر ڕێرەوی خزمەتكردن بەنەتەوەی كوردو لێقەماوان.

# بە هەماهەنگی لقی شێخانی یەکێتی زانایانو تێبینەرایەتی ئەوقاف هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ شاری وان بەڕێوەدەچێت

لە هەڵمەتێكدا بە هەماهەنگی لقی شێخانی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان و تێبینەرایەتی ئەوقاف شێخان، لە هەریەك لە دەڤەری شێخان و كەلەكچی و چرەو ئەتریش، دوای ئەوەی ئاگاداری سەرجەم وتاربێژان كرایەوە، كە لە وتاری رۆژی هەینیدا موسڵمانان هان بدەن بۆ كومەككردنی هاولّاتیانی كوردی شاری وان، هاولّاتیانی دەڤەری قەزای شێخان، لە مزگەوتەكانی ناوچەكە، بڕی (٦٥٤٠٠٠) شەش ملیۆن و پێنچ سەدو چل هەزاردیناریان كۆكردەوە، دواتر لە رۆژی ٢٠١١/١٠/٣٠ كۆی پارەكە درا بە لیژنەی دابینكردنی هاوكاری كۆمەك بۆ لێقەوماوانی شاری وان.

# رســـــالة العلماء

العـــدد ( ٧٦ )
ذي الحجة / ١٤٣٢
گەلاُريٚزان/ ٢٧١١
تشرين الثاني/ ٢٠١١

مجلّة ثقافية دينية شهرية يصدرها المكتب التنفيذي لا تحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان



صاحب الامتياز
ملا عبدالله ملا سعيد گرتكى

رئيس التحرير
ملا جعفر الگواني

مدير التحرير
ملا عبدالله الشيركاوي

المستشارون
ملا حمدامين الكلاري
ملا عبدالله الآكري
ملا نجم الدين وادي

غلاف وتصميم
كۆمپیوتەر دەریا


## تهنئة

نزّف التهاني والتبريكات الى المسلمين في العالم الإسلامي بمناسبة حلول رأس السنة الهجرية (١٤٣٣ هـ) الذي يرجع بذاكرتنا الى حركة الهجرة المباركة التي قام بها الرسول الكريم محمّد ( d ) وهو يترك أرض مكة المكرمة الى المدينة المنورة ليطلق بها كلمة التوحيد من دون عنت ويوحّد الكلمة ضمن المنهج الجديد الذي أنزله الله عليه الذي لا يأتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه، وتترسّم الأمّة الخطى بمعاني هذه الهجرة المباركة لتكون كما كانت خير أمّة أخرجت للناس من خلال وعيها المتميز وأدائها الرائع وثباتها على المبادئ في سلمها وحربها وفي كلّ شأن من شؤون حياتها.

نتمنى من المولى العليّ القدير أن يمتع المسلمين بموفور الصحة والعافية وأن يَمُنَّ على الجميع بالأمن و الإستقرار، وأنْ تزدهر البلاد الإسلامية بالمزيد من التضامن والألفة والإستقرار، وأنْ يعيدها على المسلمين باليُمن والخير والبركة....

**وكل عام والمسلمون بألف خير**

**إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان**
**المكتب التنفيذي**


العنوان: اربيل/ شارع الستيني مفرق موصل

www.zanayan.org



# رسالة المخلوق....

# رسالة الخالق !!!

**صاحب الإمتياز***

قبل أيام وأنا أتصفح عدداً من المواقع الألكترونية شد انتباهي قصة صغيرة ... فأخذت أقرأها بجديدة وانتباه، وكانت فحواها تدور حول أسرة تبعثرت وتشتت لعدم التزامها برسالة ربها، فرب الأسرة سافر إلى بلد بعيدٍ سعياً وراء الرزق تاركاً زوجته وأولاده الثلاثة ... وكان أبناؤه و زوجته يحبونه حباً كبيراً ويكنون له كل الإحترام والتقدير، وفي يوم من الأيام أرسل الأب رسالة إليهم، لكنّهم لم يفتحوها ليقرءوا ما بها، بل أخذ كل واحد منهم يُقبّل الرسالة وعلى وجوههم مظاهر الفرحة والسرور، ثم وضعوا الرسالة في علبة صغيرة .. وكانوا يخرجونها من حين لآخر لينظفوها من التراب ويفرحون بها ومن ثمَّ يعيدونها ثانية إلى مكانها الأولاني.. هكذا كان ديدنهم مع كل رسالة يرسلها الأب اليهم، و بعد سنين مضى، عاد الأب إلى أسرته ليجد أنّه لم يبقِ من أسرته إلا إبناً واحداً، فسأله الأب: عن مصير أمه وأخيه وأخته ؟؟ قال الأبن لوالده: لقد مرضت أمي مرضاً شديداً، ولم يكن معنا مالاً لننفق على علاجها فماتت، أما أخي فقد تعرَّف على بعض رفاق السوء وبعد موت أمي لم يجد من ينصحه ويُقوّمه فذهب معهم، وأما أختي فقد تزوجت ذلك الشاب الذي أرسلت تستشيرك في زواجها منه وهي تعيسة معه أشد تعاسة، قال الأب: لماذا؟ ألم تفتحوا رسالتي التي أرسلتها أليكم!!! لقد أرسلت لكم في الرسالة الأولى فيها مبلغاً كبيراً من المال لتنفقوه على والدتكم، وطلبت في الرسالة الثانية أنْ يبتعد أخوك عن رفقاء السوء، وأخبرتكم في الرسالة الثالثة بسوء سمعة وسلوك هذا الشاب الذي طلب يد أختكم ورفضي لهذا الزواج ، قال الإبن: لا لقد احتفظنا بتلك الرسائل في هذه العلبة القطيفة ... دائماً نُجمّلها ونقبّلها ونعتزّ بها، ولكننا لم نقرأها....

تفكرتُ كثيراً في شأن تلك الأسرة وكيف تشتت شملها وتعست حياتها، لأنّها لم تقرأ رسائل ربّها إليها ولم تنتفع بها، ولم تعمل بمضمونها، واكتفت بتقديسها والمحافظة عليها دون العمل بمحتواها وبما جاء فيها، ثم تفكرت شأن المجتمع الذي ترك رسالة الباري عزّ وجل، فنظرت إلى كتاب الله العزيز .... إلى القرآن الكريم الموضوع داخل العُلب ورَفّات المساجد، يا ويحي نحن نعامل رسالة الخالق إلينا كما عامل هؤلاء الأبناء رسائل المخلوق، نحن نغلق المصحف ونضعه في مكتباتنا ومساجدنا ولكننا لا نقرأه ولا ننتفع بمحتواها، وهو الكتاب الذي لا ريب فيه، الذي لايأتيه الباطل من بين يديه ولامن خلفه، الكتاب الذي جاءنا من ربّنا وملكنا وإلهنا الذي معنا في كل آنٍ وحين، الكتاب الذي جاء لينذر به من كان حياً، فهو منهاج حياتنا كلها، لذا فلنغتنم الفرصة قبل فواتها، ولنستعد لإستخراج رسالة الباري من المكتبات والعلبات، ونعقد العزم على عدم هجر المصحف، بل الإقتداء به والعمل به والإستفادة من رسالة الباري عزّوجل لكي لا يصير مصيرنا مثل مصير هذه الأسرة التي تشتت وتمزقت بسبب إهمالها لرسالة ربِّ اسرتها، فليبلغ كل واحد منا رسالة ربّه ( ليَعْلمَ أنْ قد أبْلَغوا رسالاتِ ربّهم وأحاطَ بما لَديهِم وأحْصى كُلَّ شيءٍ عَددا )..

* رئيس اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

# رئيس إتحاد علماء الدين في كوردستان يواسي رئيس الشؤون الدينية في الجمهورية التركية

بعث الشيخ عبدالله الشيخ سعيد رئيس اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان إلى الدكتور محمد كورماز رئيس الشؤون الدينية في الجمهورية التركية، برقية تعزية ومواساة بضحايا الزلزال الذي ضرب الجمهورية التركية وأوقع عدداً كبيراً من القتلى والجرحى.

وجاء في البرقية : بقلوب حزينة، راضية بقضاء الله وقدره، ومليئة بالحزن والأسى تلقينا نبأ الكارثة الطبيعية التي ألّمت بالشعب التركي الشقيق في مدينة (وان) يوم الأحد ٢٠١١/١٠/٢٣، بإسم علماء الدين الإسلامي في إقليم كوردستان العراق نشارك أحزانكم و نتقاسم معكم ألم هذه الفاجعة الكبيرة ، ندعوا الله تبارك وتعالى أنْ يتغمد الضحايا بواسع رحمته ويدخلهم فسيح جناته ، ويحتسبهم في درجة الشهداء، ويَمُنَّ على المصابين والجرحى بالشفاء العاجل ....

ومن الجدير بالذكر أنَّ زلزالاً قوياً بدرجة (٧,٢) وقع يوم الأحد ٢٠١١/١٠/٢٣ في محافظة وان الشرقية القريبة من الحدود الإيرانية موقعاً اضراراً كبيرة وعدداً من القتلى والجرحى ...

وفور إنتشار الخبر وجه إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان نداء عاجلاً إلى أهالى كوردستان والمنظمات الخيرية العاملة في كوردستان ومنظماتىالمجتمع المدني لتقديم مساعدات انسانية إلى منكوبي الزلزال الذي ضرب شرق تركيا، وبادر أئمة و خطباء جوامع إقليم كوردستان إلى حث المسلمين و تشجيعهم لجمع التبرعات والمعونات إلى المتضررين من جراء الزلزال، و تشكلت لجان خاصة من قبل حكومة إقليم كوردستان و منظمات المجتمع المدني في محافظات إقليم كوردستان لهذا الغرض، وتمكنوا خلال فترة قصيرة من إعداد عدد كبير من القافلات محمّلة بالمواد والحاجيات الضرورية، و تمّت إرسالها لمنكوبي الزلزال في مدينة وان و ضواحيها ....

# الشيخ الدكتور عبدالناصر الجبري يزور إقليم كوردستان



استقبل الشيخ عبدالله الشيخ سعيد الكوردي رئيس اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان صباح يوم الأحد ٢٠١١/١١/١٣ فضيلة الشيخ الدكتور عبد الناصر جبري رئيس معهد الدعوة الجامعي و الأمين العام لحركة الأمة في الجمهورية اللبنانية، وفي مستهلاً اللقاء قدّم رئيس اتحاد علماء الدين تحيات وتهاني وتبريكات علماء كوردستان إلى فضيلة الدكتورعبدالناصر جبري ، واثنى على النشاطات العلمية والفكرية والإنسانية لفضيلته، مشدداً على أهمية هذه الزيارات و اللقائات المتواصلة بين علماء الدين في لبنان و كوردستان من أجل التعرّف والإطلاع بما يجري في النشاطات والفعاليات الإسلامية في البلدين و تبادل الخبرات العلمية الموجودة في الجانبين، من جانبه أكد الشيخ الدكتور عبدالناصر الجبري على الدور الكبير والفعّال لعلماء الدين بشكل عام في جمع صفوف الأمّة لمواجهة كافة التحديات الداخلية والخارجية، وقدَّم شكره و تقديره إلى اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان لحسن استقباله و ضيافته في الإقليم ، مثنياً على الدور الكبير لإتحاد علماء الدين في كوردستان في هذا المجال، من أجل المحافظة على وحدة صف علماء الدين في كوردستان و التواصل مع العالم الإسلامي...

هذا و حضر اللقاء الشيخ جلال الخيلاني نائب رئيس اتحاد علماء الدين في كوردستان و عددٌ من أعضاء المكتب التنفيذي للإتحاد.

وجائت زيارة الشيخ الدكتور عبدالناصر الجبري بناءً على دعوة إتحاد علماء الدين الإسلامي لزيارته إلى الإقليم، حيث التقى فضيلته خلال هذه الزيارة بعدد كبير من علماء الدين و شيوخ الطرق الصوفيه و عدد من المسؤولين الإداراين و الحزبيين في حكومة الإقليم و قام بزيارة عدد من المؤسسات الدينية والتعليمية في محافظتي أربيل والسليمانية..

